# پێشەنگ ٢٣

ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری، رۆشنبیری

- فایلێکی تایبەت بە ژنان
- لەم ژمارەیەدا: وتار - وتووێژ - بابەت - چیرۆک - شیعر



تابلۆ: لەمیا حسێن

# پێشەنگ ژمارە: ٢٣

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی
سەرنووسەر: سەعید ئەمانی
دەستەی بەڕێوەبەر:

جەلال حەسەنزادە (بێستوون)
ناسر حەقپەرەست
کەریم ئەمانی

رووبەرگ و مونتاژ: دەریا

ئیمەیل:

peshang2@hotmail.com

تەلەفۆن:
٠٧٧٠١٩٣٤٥٧٣
٠٧٧٠١٥٦٧٨٥٤

نرخ ١٥٠٠ دینار/ ١٠٠٠ تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:
*کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
* ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نووسەرەکانی لێی بەرپرسیارن

بەهاری ١٣٩٠ هەتاوی


# بەهاری دیکتاتۆرەکان ڕوو لە خەزانە

لە چەند مانگ لەوە پێشەوە تەوژمێکی بەتینی ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردوە و تا ئەم ساتە وەختە بەهاری تەمەنی بەشێکی بەرچاو لە دیکتاتۆرەکانی کردۆتە پاییز و درەختی بێ ڕیشەی تەمەنی چەند دانەیەکیانی، بن عەلی لە تونس و موبارەک لە میسری لە بێخەوە هەڵکێشاوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی گەندەڵ و نا مرۆڤانەیان هێناوە و ئەوانی تریش بەرەو هەڵدێری نەمان گلۆر بوونەتەوە، کە دەکرێ ئاماژە بە ڕژێمەکانی لیبی، یەمەن، ئۆردۆن، سوریە، بەحرەین و... بکەین.

ناوەڕۆکی ئەم بزوتنەوە و خۆپیشاندانانە دەربڕینی قین و تووڕەیی پۆنگ خواردوی چەندین ساڵەی خەڵکی وەگیان هاتوی ئەو وڵاتانەیە کە لە سایەی دەسەڵاتی گەندەڵ و سەرکوتگەرانەی ئەو ڕژێمە سەرمایەداریە خێڵەکی و حکومەتیانەوە ڕووبەڕووی ژیانێکی کوڵەمەرگی بوونەتەوە. ژیانێکی کە هەرساتێکی ئاوێتەی مەرگێکی بە شێنەییە. هەر بەم هۆکارەیە کە گەنجێکی زانکۆ دیدەی دەستفرۆشی تونسی، بەبێ دودڵی، مەرگێکی پڕ لە شانازی و ئاوێتە بە دژایەتی قوڵ لەو ژیانە بەباشتر دەزانێ و ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و دەبێتە مەشغەڵی بزوتنەوەیەک کە تەخت و بەختی زاڵمان ژێر و ژوور دەکات.

تەخت و بەختی ئەوتاقمە سەرمایەدار و دیکتاتۆرە چاوچنۆکانەی سەروەت و سامانی وڵات و دەسترەنجی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشیان ناوەتە ژێر دەستی خۆیان و بنەماڵە و قەوم و خێشەکانیان و نەبوونی و نەهامەتیشیان بۆ جەماوەری بەش مەینەت و هەژار جێ هێشتووە و تەنانەت مەجالی دەستفرۆشی لە گۆشەی شەقامەکانیشیان پێ ڕەوا نابینن.

ئەم بزوتنەوەیە لەسەر ئەساسی داخوازیە عەینی و مادیەکانی چین و توێژە زۆرلێکراوەکان شکڵی گرتووە و هەر ئەم تایبەتمەندیەش بەسە بۆ ئەوەی جێگای پشتگیری، ئەزمون لێوەرگرتن و دڵخۆشی خەڵکی وڵاتانی تر بێت بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی پڕلە جەنایەت و ئینسان کوژی ئەو رژێمانەی ژیانی لێکردون بە دۆزەخ.



# پێرستی بابەتەکان


| | | |
|---|---|---|
| فەلسەفەچییە؟ | و: یاسین عومەر | ٥ |
| قەڵەمی "شەریفی مەشەیی... | و: پروین عەلی مرادی | ١٨ |
| سادقی هیدایەت، ئەو سێبەرانەی... | ن: شەهرام امانتی | ٢١ |
| چێ گوارا، ئوستورەی مرۆڤایەتی... | هیوا ئەمانی | ٢٥ |
| ئەدەبیات و ڕاپەڕین | و:هێمن ئەمانی | ٢٨ |
| فەیسبووک و جیهانشاری ئەمرۆ | ناسر حەقپەرەست | ٢٩ |
| هەیزێل دیکێنز، گۆرانیبێژی... | و:پێشەنگ | ٣١ |
| سینەمای تارکۆڤسکی | و:سەباح ئیسماعیل | ٣٣ |
| فیمینیزم لەدژی فیمینیزم | و: یوسف عەلیپوور | ٣٦ |
| مەکەی پیرۆز | ن: بەرزان جەبار | ٤٢ |
| تاوانم چی بوو؟ | ن: ئەسعەد رۆستەمی | ٤٤ |
| گفتگۆی دەنگەکان لەگەڵ (ئاوا هانا) | | ٤٧ |
| دیمانەی پێشەنگ لەگەڵ ئەیوب دەباغیان | | ٥٠ |


## شیعر


| | | |
|---|---|---|
| مانیفێستی هەستان | نیا کامیل | ٥٤ |
| من قەحبەم | باران میلان | ٥٥ |
| دەست لەنێو دەست | وریا نازری | ٥٧ |
| منی ژن | سەرگوڵ بێتوشی | ٥٨ |
| ژیان | بەرزان کاوە | ٦٠ |
| شیعرێک بۆ تەنیایی خەڵکی دونیا | مینا ئەسەدی | ٦١ |
| کاتێ دێ | سیروان پەرتەونووری | ٦٧ |
| ٢٦ رێبەندان و دایکم | بەختیار یوسفی | ٦٨ |
| مارکسی شاعیر | و :جەلال حەسەنزادە | ٦٩ |


## فایلێکی تایبەت بەژنان


| | | |
|---|---|---|
| ریشەکانی ستەم لەسەر ژنان | | ٧٢ |
| وتووێژی گۆڤاری پێشەنگ لەگەڵ سەلاح مازوجی | | ٧٥ |
| لەمیا حسێن و تابلۆکانی | ئا: ن_ح | ٨٠ |
| ناتالی لۆمێل | و: ئاکام بەسیم | ٨٢ |
| کاری ناو ماڵ | و: کەریم راد | ٨٤ |
| روانینێک بۆ مەسەلەی ژنان... | سوهەیلا قادری | ٨٦ |



# فەلسەفە چییە؟

## (فەلسەفە لە ڕوانگەی ماتریالیزمی دایلەکتیکەوە)

**نووسینی: فەواز فەرحان**
**وەرگێڕانی: یاسین عومەر**

فەلسـەفە.. واتە ناسینی جیهانو مرۆڤ، ئەم ناسـینە بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت هەندێ بنەمای کرداری دابمەزرێنین، و هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر بە ژیان دیاری بکەین.
بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی فەلسەفە بکەین:
ڕوانینێکی گشتییە بۆ جیهان.. کە بنەماو ڕێسایەکمان بۆ ڕەفتار دەداتێ.

### لێکۆڵینەوەی فەلسەفە بۆ؟

ئەگەر فەلسـەفە ڕوانین بێت بۆ جیهانێك کە دەرئەنجامێکی زانسـتی هەبێت، ئەوا بۆ ئەو کرێکارانەی دەیانەوێت جیهان بگۆڕن گرنگە ڕوانگەیەکی ڕاسـتگۆیانەیان بۆ ئەم جیهانە هەبێت. کرێکاران ناتوانن لە چەوسـاندنەوەی چینایەتی ڕزگاریان بێت ئەگەر بیرۆکە (فەلسـەفە)یەکیان لەبارەی جیهانەوە نەبێت کە توانایان بداتێ بە کردەوە جیهان بگۆڕن.
لێکۆڵینەوە لە فەلسەفە هەوڵو تەقەلایەکی سوودبەخشانەیە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان ڕادەستی ئەو واقیعە ناکـەن کە تێیدا دەژین، چونکە ئەوە ڕوانینی بابەتییانەیە بۆ جیهـان کە هەنجەتی ئەم خەباتەیان دەداتە دەست، هیچ خەباتێکیش بە بێ بوونی فەلسەفەیەکی ڕاستگۆیانە سەرکەوتوو نابێت!
هەندێك پێیانوایە بۆ سـەرکەوتن هێندە بەسـە کە هەلو مەرجەکانی سـەرکەوتن فەراهەم بن، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە پێویسـتە ئەوە بزانرێت کە چەند ئەم هەلو مەرجـە فەراهەمکراوە ئاڵۆزتر بێت گرنگیی زانینی چارەسەرەکان زیاتر دەبێت، بەبێ بوونی فەلسەفەیەکی دیاریکراویش کێشەکان چارەسەر ناکرێن.
هەر بۆیە لینین دەڵێت: (هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشـگێڕی بەبێ فەلسـەفە (تیۆر)ێکی شۆڕشگێڕانە بوونی نییە.)

### ئەی باشە ئەو فەلسەفەیە چییە کە دەیخوێنین؟

گەر بمانەوێت واقیع (چ واقیعی سروشـت بێت یان واقیعی کۆمەڵگە) بگۆڕین، ئەوا پێویستە ئەم واقیعە بناسین.

## بەڵام چۆنچۆنی؟

مرۆڤ بەهۆی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە جیهان دەناسێت، بۆ کرێکاران، لە خەباتیاندا لەپێناو ژیانێکی باشتردا جگە لە ڕوانینێکی زانستی بۆ جیهان هیچ شتێکی دیکە گونجاو نییە، ئەم ڕوانینە زانستییەش بریتییە لە فەلسەفەی مارکسزمو ماتریالیزمی دیالەکتیك.
فەلسەفەی مارکسیزم لە زانستەکان جیا نابێتەوە بەڵام جیاوکە (ممیز) لێیان.
زانستە هەمەچەشنەکانی چەشنی (فیزیا، کیمیا، دەروونزانی و.. هتد) لەو یاسایانە دەکۆڵنەوە کە پەیوەستن بە بەشێکی دیاریکراوی واقیع، بەڵام ماتریالیزمی دیالەکتیك لە گشتیترین یاساکانی گەردوون دەکۆڵێتەوە، کە یاساگەلێکن هەموو لایەنەکانی واقیع هەر لە سروشتی فیزیاو بیرەوە بیگرە تا سروشتی زیندوو و کۆمەڵگە بەشدارن تێیدا.
فەلسەفەی مارکسیزم.. ڕوانگەیەکی زانستییە بۆ جیهانو تیۆرێکە لەگەڵ وانەی زانستەکاندا ڕاستەوانە دەگونجێتو تەبا دێتەوە.

## ئەو وانانە چین؟

زانستەکان فێرمان دەکەن کە گەردوون هەقیقەتێکی ماتریاڵییە، ئێمە دەتوانین گەردوون بناسینو پاشان بیگۆڕین، هەروەك ئەو بەرئەنجامە زانستییانەی کە زانستە هەمەجۆرەکان پێی گەیشتوونو دەلالەتی لێدەکەن.
ئەنگلز دەڵێت:
(ڕوانینی ماتریاڵییانە بۆ جیهان واتە تەماشاکردنی جیهان وەکو ئەوەی کە خۆی هەیە بەبێ لێ زیادکردنی دەرەکی.)
کەواتە فەلسەفەی مارکسیزم بریتییە لە: ڕوانینێکی گشتی بۆ سروشت. فەلسەفەی مارکسیزم، فەلسەفەیەکی زانستییە ئەگەرچی وەك زانستەکان نییە. ماتریالیزمی دیالەکتیك لە زانستەکان ناچێت بەڵام بینیمان کە زانستەکان بە زەروورە دیالکەتیکین، چونکە پێك نایەن (دروست نابن) گەر گرنگترین یاساکانی گەردوون لەبەرچاو نەگرن، هەروەها ماتریالیشە لەبەرئەوەی بابەتی گەردوون خۆی ماتریاڵییە، بۆیە ماتریالیزمی دیالەکتیك لە زانستەکان جیا دەبێتەوە، بە پشت بەستن بەم زانستانەش نەبێت پێش ناکەوێت. ماتریالیزمی دیالەکتیکی مێژوویی بناغەی تیۆریی سۆسیالیزمی زانستی یان کۆمۆنیزمە.
مارکسیزم فەلسەفەی پارتی کرێکارانە، فەلسەفەی چینی شۆڕشگێڕە کە لە ڕۆڵە مێژوویەکەیدا هەڵدەستێت بە شکستپێدانی بۆرژوازیو نەهێشتنی سەرمایەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی. لەبەرژەوەندیی کرێکاراندایە وەك چینێکی چەوساوە کە گەرەکییەتی کۆتی چەوسانەوە تێك بشکێنێت، ڕووبەڕوو و واقیعیانە سەیری جیهان بکات, چینی چەوسێنەران بۆ بەردەوابوونی ئەم چەوسانەوەیە پێویستیان بە درۆی بەردەوام هەیە، لەکاتێکدا چینی شۆڕشگێڕان بۆ لەناوبردنی ئەم چەوساندنەوەیە پێویستیان بە ڕاستی هەیە.
چینی کرێکار بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی جێبەجێ بکات پێویستی بە ڕوانینێکی ڕاستگۆیانە هەیە، ئەم ڕوانینە ڕووبەڕووە بۆ جیهان بریتییە لە ماتریالیزم کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە ڕاڤەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە دەکەن.
مارکسیزم، سەرەتای قۆناغێکی نوێیە کە تیایدا فەلسەفە دەبێتە چەکێکی زانستیانە بە دەست ئەو چینە زەحمەتکێشانەی کە خەبات لەپێناو ڕزگاربوونی خۆیاندا دەکەن، جا لەبەرئەوەی مارکسیزم فەلسەفەیەکی زانستییە ڕوناکییەك بۆ کرێکاران دەهێنێت کە بەرێی خەباتییان ڕوناك دەکاتەوە. ئەم ڕوناکییە بۆ هەموو کرێکارانە نەك هەر تەنها بۆ پرۆلیتاریا، لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی ئیشو کار بە هزریان یاخود بە دەستیان دەکەن بەشێکن لە پرۆلیتاریا و هاوپەیمانی پرۆلیتاریانو دژی بۆرژوازیی سەرمایەداری هاوبەرژەوندین لەگەڵیان.
مارکسیزمیش وەك هەر زانستێك لە زانستەکان لەبەردەست گشت مرۆڤێکدایە، جا ئەو مرۆڤە سەر بە هەر چینێك بێت. بۆیە مرۆڤی بۆرژوازیش دەتوانێت مارکسیست بێت بەمەرجێك گەر بداتە پاڵ چینی کرێکاران و تێڕوانینی ئەوانی لەبەرچاو گرتو کاری پێکرد. لە هەمان کاتدا مارکسیزم فەلسەفەی حیزبە، لەبەرئەوەی کرێکاران بەبێ بوونی پارتێکی شۆڕشگێڕی بەئاگا لە یاساکانی کۆمەڵگە ناتوانن شکست بە بۆرژواز بێنن، هەریەك لە مارکسو ئەنگلزیش لە مانیڤێستی کۆمۆنیستدا گوزارشتیان لەمە کردووە.

## یەکێتی تیۆرو پراکتیک

لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی مارکسی بۆ کرێکاران بەگشتیو پرۆلیتاریا بەتایبەتی، بۆ خۆشی نییە، بەڵکو ئەرکێکی چینایەتییە. گەر لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە دواکەوتین ئەوا بوار دەکەینەوە بۆ ئەو تیۆرە نازانستییە کۆنەپەرستانەی کە خزمەتی چەوسانەوەو بۆرژوازیەت دەکەن کۆنتڕۆڵی واقیعەکە بکەن.
بۆرژوازیەت لە فەلسەفەی کرێکاران دەترسێتو بە هەموو

ئامرازێك دژایەتی دەكات، هەر بۆیەش ئەم فەلسەفەیەی لە زانكۆكان دوور خستۆتەوە. جا لەبەرئەوەی فەلسەفەی بۆرژوازی جگە لە تۆماركردنی زۆربوونی قەیرانی سەرمایەداریی گشتی ناتوانێت هیچ شتێكی دیكە بكات، هەوڵ دەدات پاساو بۆ ئەم قەیرانانە بهێنێتەوە بەبێ ئەوەی بتوانێت لێكیان بداتەوەو ڕاڤەیان بكات..

خاڵێكی جەوهەری لە ماركسیزمدا هەیە كە بریتییە لە: لەبەرئەوەی ماركسیزم فەلسەفەیەكی زانستییە بۆ چینی شۆڕشگێڕ ئەوا هەرگیز لایەنی تیۆری و لایەنی پراكتیكی لێك جیا ناكاتەوە، ماركسیزم ئەم پەیوەندییە ئەندامییەی نێوان فەلسەفەو لایەنی پراكتیكی دەوڵەمەند كردووە، هەر قۆناغێكیش لە قۆناغەكانی بزوتنەوەی شۆڕشگێری ڕێگە دەكاتەوە بۆ پەرەسەندنێكی نوێ لە فەلسەفەی ماركسیزمدا. ناتوانین نوێنەرایەتی ماركسیزم بكەین (واتە ناتوانین بڵێین ئێمە ماركسین) ئەگەر لە كاری شۆڕشگێڕیدا كە بەپێیی ماركسیزم دەردەخات، بەشداری نەكەین، ماركسیزم هەر تەنها بیروباوەڕ نییە بەڵكو پێشەنگی كرداریشە.

## میتۆد چییە؟

میتۆد.. ئەو ڕێگایەیە كە دەمانگەیەنێتە ئامانجەكانی میتۆدی زانستی. میتۆد، ئەو تاكە میتۆدەیە هەل بۆ پێكهاتنی ڕوانینێكی زانستییانە بۆ جیهان دەڕەخسێنێت، كە ئەمەش كارێكی پێویستە بۆ تەواو تێرو تەسەلكردنی كرداری گۆڕانی شۆڕشگێڕانە.

## ماتریالیزمی دیالەكتیك

ناونراوە ماتریالیزمی دیالەكتیك لەبەرئەوەی ڕێبازەكەی لە ئیعتیباركردنی دیاردە سروشتییەكانو میتۆدەكەی لە توێژینەوەو ناسیندا دایلەكتیكین، هەروەها لێكدانەوەی بۆ دیاردە سروشتییەكانو ڕوانینی بۆ ئەم دیاردانە ماتریاڵییانەن.

بەراورد لەنێوان میتۆدی دایلەكتیكی (كە میتۆدێكی زانستییە)و میتۆدی میتافیزیكی (كە میتۆدێكی دژ بە زانستە).

## میتۆدی میتافیزیكی

وەكو ئەنگلز دەڵێت ئەم میتۆدە پێیوایە شتەكان بەجۆرێكن هەروەك ئەوەی كە تەواو و بێكەمو كوڕی دروستكراو بن، ناگۆڕێن و ئارێشەكانی گۆڕان كاریگەرییان لەسەر دانانێت. میتافیزیكا لە بوونەوەرەكانی سەرو سروشت دەكۆڵێتەوە



ئەمە لەكاتێكدا سروشت گۆڕاوەو ئەو بونەوەرەی كە لەسەرو سروشتەوەیە هەتاهەتاییەو ناگۆڕێت، هەندێكیان پێی دەڵێن خوداو هەندێكی دیكەیان پێی دەڵێن ڕەها، میتۆدی میتافیزیكی هەقیقەتی جوڵەو گۆڕان ناناسێت.

## خەسڵەتەكانی میتافیكا..

میتافیزیكا مرۆڤ لە ژینگەو كۆمەڵگەكەی دادەبڕێ، واتە میتافیزیكا كوێرانە مرۆڤ لە ژینگەو كۆمەڵگەكەی جیادەكاتەوە، ئەمە لەكاتێكدا لەڕاستیدا ئەم دووانە لێك جیا ناكرێنەوە. دیالەكتیك دەڵێت مرۆڤ بەرهەمی مێژووی پەرەسەندنی كۆمەڵگەكانە، بەم پێیە مرۆڤ لەدەرەوەی كۆمەڵگەكان نییە.

بەم چەشنە میتۆدی میتافیزیكی هەموو ئەو شتانە جیادەكاتەوە كە پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە و پۆلێنكردنێكی یەكجارییانەش سەرجەم شتەكان پۆلێن دەكات. مرۆی میتافیزیكیست كاری سیاسیو كاری سەندیكایی لێك جیا دەكاتەوە. بەڵام ئەزموونو ژیان بۆمان دەسەلمێنن كە ناكرێت

سیاسەتو کاری سەندیکایی لێك جیا بکرێنەوە، چونکە ئەوەی لە سەندیکادا ڕوودەدات کار لە سیاسەت دەکات، هەروەکچۆن چالاکیی سیاسی (وەکو دەوڵەتو پارتو هەڵبژاردنەکان) یش کار لە سەندیکا دەکەن. هەروەها میتافیزیکیست دیموکراسیەت و دیکتاتۆری لێك جیا دەکاتەوە و دەڵێت دەوڵەتێك نییە کە لە یەك کاتدا دیکتاتۆری و دیموکراسیش بێت، دەوڵەتی بۆرژوازی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەگوێرەی کەمایەتی دەسەڵاتدار کە هەموو مافو دەسەڵاتێکی هەیە دیموکراسییە، بە گوێرەی زۆرینەشەوە کە مافگەلێکی وەهمییان هەیە دیکتاتۆرییە.
بەڵام دەوڵەتی میللی چین بەرامبەر دوژمنانی گەلی چین، واتە ئەو کەمایەتییە چەوسێنەرەی کە شۆڕش دەریکردن دیکتاتۆرییە، بەڵام بەرامبەر بە زۆرینەی ڕەهای کرێکاران کە لە ستەملێکردن ڕزگارییان بووە دیموکراسییە.
لەکاتێکدا میتافیزیکیست دێتو دەستنیشانکردنێکی یەکجارییانە شتەکان دەستنیشان دەکات سورە لەسەر ئەوەی کە لە یەکیان جیا بکاتەوە، بۆیە ئەو ناچارە یەك لەگەڵ ئەوی دیکەدا ناکۆك بکات و ناکرێت کۆبکرێنەوە، ئەو باوەڕی وایە کە لە یەك کاتدا دوو لێکدژ بوونی نییە.
ئەو دەڵێت بونەوەر یان زیندووە یان مردووە، ناتوانین وێنای بونەوەرێك بکەین زیندوو و مردوو بێت، بۆ نمونە هەر ساتەو خانەگەلێکی نوێ شوێنی خانەگەلێکی مردوو دەگرنەوەو ژیانی لەش لەسەر ئەم خەباتە بەردەوامەی دژەکان وەستاوە.

## واتای مێژوویی میتۆدی میتافیزیکی..

بەر لەوەی فێری کێشانی وێنەی شتە بزواوەکان (جوڵاوەکان) ببین پێویستە کێشانی وێنەی شتە نەبزواوەکان (نەجوڵاوەکان) فێر ببین. پێشکەوتنی زانستەکان، زاناکانی ناچار کرد لە قۆزاخەی هزری میتافیزیکیی تەسك بێنە دەرەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەی سروشت پێشبکەوێتو گواستنەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە شتەکان ملکەچن بۆی لە زمنی سروشت ئیمکانی هەبێت، ئەوا زەنگی ئاوابوونی کاتژمێرە کۆنەکەی میتافیزیکاش لێدەدات.

# میتۆدی دایلەکتیکی

## خەسڵەتەکانی میتۆدی دایلەکتیکی

کاتێك دایلەکتیك دەڕوانێتە شتەکانو واتاکان، لە پەیوەندییان بەیەکەوە و ئەو پەیوەندییە لێکبەرامبەرانەیەی نێوانیانو کاریگەریان لەسەر یەکتریو ئەو بەرئەنجامانەی کە بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە ڕوودەدەن تێیان دەڕوانێت، هەروەها لەکاتی لەدایکبوونو گەشەو پوکانەوەیشیاندا تێیان دەڕوانێت.
بەم شێوەیە دایلەکتیك لە هەموو ڕوویەکەوە پێچەوانەی میتافیزیکایە. ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە دایلەکتیك هیچ سەرەوتنێك یان جیاکردنەوەیەك لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی واقیعدا پەسەند ناکات، نەخێر، بەڵکو ئەو پێیوایە کە لە سەرەوتندا لایەنێکی ڕێژەیی لە واقیع بوونی هەیە.
دایلەکتیك بایەخ بە جوڵە دەدات، لە هەموو شێوەکانیدا، نەك هەر تەنها لە گۆڕانی شوێنیدا بەڵکو لە گۆڕانی بارەکاندا وەکو گۆڕانی ئاوی گەرم بۆ هەڵم، دایلەکتیك لە ڕێگەی خەباتی دژەکانەوە ڕاڤەی جوڵە دەکاتو لێکیدەداتەوە. ئەمە گرنگترین یاسایە لە دایلەکتیکدا.
گەر بە باشی وردبببینەوە، دەبینین کە ناکرێت دوو جەمسەرە لێکدژەکە لێك جیابکرێنەوە ئەگەرچی لێکدژیشن، هەر یەکەیان خۆی هەڵئەقورتێنێتە کاری ئەوی تریان، بەم شێوەیە هۆکارو بەرئەنجام نرخیان نابێت گەر لە سەر حاڵەتێکی دیاریکراو پراکتیس نەکرێن.
خەباتی دژەکان لە کۆمەڵگەدا بەشێوەی خەباتی چینەکان دەردەکەوێت، هەروەها لە کۆمەڵگەشدا بیر دەوروژێنێت، یاساکانی دایلەکتیك یاسای جیهانی مادیین، مارکس توێکڵە ئایدیالیستییەکەی فەلسەفەکەی هیگلی ڕەت کردەوەو جەوهەرە مادییەکەی هێشتەوە.

جیاوازیی نێوان هیگلو مارکس

### هیگل..

جوڵانەوەی هزر کە بەناوی بیرەوە بەرجەستەی دەکات داهێنەری ئەو واقیعەیە کە وێنەیەکی ڕواڵەتی بیر نییە..

### مارکس

بزاوتنی بیر جگە لە ڕەنگدانەوەی جوڵانەوەی واقیع لە زەیندا هیچی دیکە نییە.
پەرەسەندنی زانستە سروشتییەکان لە سەدەی نۆزدەدا مارکسو ئەنگلزیان ڕێبەریی کرد بۆ دۆزینەوەی ئەو کودەتا ترسناکەی کە بریتییە لەوەی کە ماتریالیزمی دایلەکتیك بناغەیەکی بابەتییانەی هەیە.
سێ دۆزینەوە کاریگەریی گەورەیان لەم ئاڵوگۆڕەدا وازی کرد کە بریتین لە:
"دۆزینەوەی خانەی زیندوو کە تەنە ئاڵۆزەکان لێیەوە پەرەدەستێنن."

"دۆزینەوەی گۆڕانی وزە."
"بیردۆزی داروین لە سەرهەڵدانو پەرەسەندندا."
مارکسو ئەنگلز کوێرانەو لەخۆیانەوە میتۆدی دایلەکتیکیان نەهێنـــاوە، بەڵکو لەو زانســـتانەوە وەریانگرتووە کە بابەتی سروشت جێی بایەخیانن، هەروەها سروشت خۆیشی لە خۆیدا دایلەکتیکییە..
مارکـــسو ئەنگلـــز ماتریالیزمی دایلەکتیکییان بە ســـەر مێژووی مرۆڤایەتیدا پراکتیزە کرد و زانستی کۆمەڵگەکانیان دامەزراند کە ماتریالیزمی مێژوویی دەکاتە بناغە.



## لۆژیکی ڕواڵەتیو میتۆدی دایلەکتیکی

ڕێســـاگەلێکی گشتگیر هەن کە پێویســـتە هەموو کاتێك بیر پەیڕەوییان لێ بکات، ئەم ڕێســـایانە ناوی (لۆژیك)یان وەرگرتووە.
لۆژیك لەو بنەماو ڕێســـایانە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە بیر لە گەڕان بە شـــوێن ڕاستیدا پەیڕەوییان لێ بکات، ئەم بنەماو ڕێســـایانە لە خەیاڵەوە نەهاتـــوون، بەڵکو مرۆڤ لە توێی پەیوەندییە بەردەوامەکانییەوە بە سروشت هەڵیهێنجاون.
سێ ڕێسای سەرەکی لە لۆژیکی ڕواڵەتیدا هەیە کە بریتین لە:
"هاوشێوەیی (لێکچوون)، هەموو شتێك هاوشێوەی خۆیەتی (واتە لەخۆی دەچێت)، ڕوەك ڕوەکەو ئاژەڵیش ئاژەڵ..
"نالێکدژی.. ناکرێت لە یەك کاتدا شت ئەو شتە بێتو دژی خۆیشی بێت.
"مەحـــاڵ.. لەنێوان دوو ئەگەری لێکـــدژدا، بواری بوونی ئەگەری سێیەم نییە..
لۆژیکـــی ڕواڵەتییانـــە کە لـــە بەرەبەیانی زانســـتەکاندا سەریهەڵداوە، تەنها بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە بەسە، لۆژیکی ڕواڵەتـــی لە پۆلێنکـــردنو جیاکاریـــدا یارمەتیمان دەدات، تەنانەت گەر هەوڵیش بدەین لە شـــیکارکردندا قوڵ ببینەوە دیسان کەموکورتییەکانی هەر دەردەکەوێت.

## بۆچی؟

لەبەرئەوەی واقیـــع بزۆکە (جـــوڵاوە) لۆژیکی لێکچوون (هاوشـــێوەیی) ڕێگە بەو بیروبۆچوونانە نادات کە وێنەی واقیـــع لەجوڵاوییدا بگرن، لەبەرئـــەوەی ئەم جوڵەیە لەلای دووەمەوە بەرهەمی لێکدژییەکانـــە، لۆژیکی لێکچوونیش ڕێگە نادات بە وێناگەلی یەکێتی لێکدژەکانو گواســـتنەوە لە لێکدژییەوە بۆ دژبوون.
لۆژیکـــی ڕواڵەتییانە جگـــە لە ڕواڵەتی ڕاســـتەوخۆی واقیع پەی بە هیچ شـــتێکی دیکە نابات، بەڵام لۆژیکی دایلەکتیکـــی هەوڵ دەدات پەی بە هەمـــوو ڕواڵەتەکانی واقیع بەرێت، پراکتیزەکردنی میتۆدی دایلەکتیکی بەســـەر یاساکانی بیردا بە لۆژیکی دایلەکتیکی ناو دەبرێت.

## بەکورتی..

"مارکسیزمو لێکۆڵینەوەی مارکسیزم بۆ کرێکاران شتێك نییە بۆ خۆشی بێت، بەڵکو ئەرکێکی چینایەتیە.
"ســـەرمایەداری پاســـاو بۆ قەیرانەکانی دەهێنێتەوە بەڵام ناتوانێت ڕاڤەی بکاتو چارەسەری ڕیشەییان بۆ بدۆزێتەوە.
"بەبێ بەشـــداری کردنی کاری شۆڕشـــگێڕانە، ناتوانرێت لافی مارکسیزمو مارکسیستبوون لێ بدرێت.
"میتۆدی ماتریالیزمـــی دایلەکتیکی، تاکە میتۆدێکە کە هەلی پێکهاتنی ڕوانگەیەکی زانســـتیانەمان بۆ جیهان بۆ دەڕەخســـێنێت، ئەمەش کارێکی پێویســـتە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە.

## میتۆدی میتافیزیکی لەســەر ئــەم بنەمایانەی خوارەوە وەستاوە:

"شـــتەکان بێکەموکورو تەواو دروســـتکراونو ناگۆڕێن، بە هۆکارەکانی گۆڕینیش کاریگەر نابن.
"لەو ڕوانگەیەوە لە شـــتەکان دەکۆڵێتەوە کە شتێك لە سەرو سروشتەوە هەیە ناودەبرێت بە ڕەها یان خودا.
"هەقیقەتی جوڵەو گۆڕان ناناسێت.
"پۆلێنکردنێکی یەکجارییانە شتەکان پۆلێن دەکاتو شتەکان

لێك جیا دەكاتەوە.

## میتۆدی دایلەكتیكی لەسەر ئەم بناغانەی لای خوارەوە وەستاوە:

"ماتریالیزمی دایلەكتیكی وا دەڕوانێتە شـــتەكان كە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەكتریو هەر یەكەیان كاریگەری لەسەر ئەوی دیكەیان هەیە.


"لە ڕێی خەباتی دژەكانەوە ڕاڤەی جوڵە دەكات.

"بایەخ بە هەموو شێوەكانی جوڵە دەدات و لەو گۆڕانكارییانە دەكۆڵێتەوە كە لە جوڵەوە بەرهەم دێن.

"پێیوایە، جوڵەی بیرۆكە جگە لە پەرچبوونەوەی جوڵەی واقیع لە زەیندا هیچ شتێكی دیكە نییە.

"ماتریالیزمی دایلەكتیك بناغەیەكی بابەتییانەی هەیە، بەڵام میتافیزیكا بناغەیەكی ئایدیالیستییانەی هەیە.

"جێبەجێ كردنی (دایلەكتیك) بەسەر كۆمەڵگەدا بووە هۆی دۆزینەوەی یاسا بنەڕەتییەكانی كۆمەڵگەكان كە ئەویش ماتریالیزمی مێژووییە.



## سێ دۆزینەوەی گەورە ڕۆڵی بنەڕەتییان لەم ئاڵوگۆڕەدا بینی كە بریتین لە:

"دۆزینەوەی خانەی زیندوو."

"دۆزینەوەی یاسای گۆڕینی وزە."

"بیردۆزی داروین لە سەرهەڵدانو پەرەسەندندا."

## نیشانەكانی لۆژیك ڕوكەشانە بریتین لە:

"هاوشێوەیی.. هەموو شتێك لە خۆی دەچێتو پەرەناستێنێت.

"نەبوونی لێكدژی.. ناكرێت شـــتێك لە یەك كاتدا ئەو شتە بێتو دژی خۆیشی بێت..

"مەحـــاڵ.. لەنێوان دوو ئەگەری لێكدژدا، بـــواری بوونی ئەگەری سێیەم نییە..

## جیاكەرەوەكانی لۆژیكی دایلەكتیكی

"هەموو شتێك لە گۆڕانو پەرەسەندنی بەردەوامدایە

"لە هەموو شتێكدا دوو لێكدژ هەیە.

"كاتێك میتۆدی زانستی هەبێت ئیدی شتێك نییە لە توێژینەوەدا مەحاڵ بێت.

توانای پراكتیزەكردنی بەرهەمی بیرەكان بەسەر واقیعی بابەتییدا.

## جیاكەرەوەكانی یەكەمی دایلەكتیك

پێكەوەبەستراوی.. یاسای كارلێكردنو پێكەوەبەستراویی گشتگیر

فەلسەفەی (زانست لەپێناو زانستدا) كە میتافیزیكییەكان باوەڕیان پێیەتی هەڵەیە لەبەرئەوەی ژەهرێكە زانستی نوێ لەناو دەبات..

لە ئەنجامی ئەم هەڵەیەوە كە زانســـت لە ژیانی كۆمەڵایەتیی بوونەوەرە مرۆییەكان جیا دەكاتەوە بۆمبی ئەتۆمی دروســـتكرا، زانســـت تەنها ئەوەنـــدە واتای هەیە كە تا چەنـــد خزمەت بە كۆی مرۆڤایەتی دەكات.

وەرزشـــكارێكی میتافیزیكیســـت لە هەموو بۆنەیەكدا ئەوە دوپات دەكاتەوە كە وەرزش وەرزشەو سیاسەت سیاســـەتە و من خۆم لە كاری سیاســـەتدا هەڵناقورتێنم. هەڵەیە بوترێت كە پەیوەندیی لە نێوان وەرزش و سیاسەتدا بوونی نییە.

نموونە
وەرزشکار چۆن دەتوانێت کەلوپەلە وەرزشییەکانی بکڕێت گەر توانای کڕینی دابەزی؟ یان لە کار وەستا؟ چۆن دەتوانرێت یاریگەو مەلەوانگە دروست بکرێن گەر بودجەی شەڕ ئەو ئیعتیماداتە پێویستانەی وەرزشی لوش دا؟ ئاشکرایە وەرزشێك نیە بەبێ ئیعتیمادات. ئیعتیماداتێکیش بەبێ سیاسەت بوونی نیە. ئەو وەرزشکارەی ئەم پەیوەندییە نازانێت خزمەت بە دۆزی وەرزش ناکات لەبەرئەوەی خۆی لە بەرگریکردن لە وەرزش مەحروم دەکات. بۆیە ئەگەر ئەو وەرزشکارە لەم پەیوەندییە تێ نەگات ناتوانێت خەبات لە دژی سیاسەتی جەنگ بکات، لەبەرئەوەی جەنگ وەرزش لەناو دەباتو دەبێتە هۆی وێرانی وڵاتو لەناودانی توانا وەرزشییەکان.

## بە گەڕانەوە بۆ جیاکەرەوەی یەکەمی دایلەکتیک..

دایلەکتیك وا ناڕوانێتە سروشت کە بریتی بێت لە کۆمەڵە دیاردەیەکی لێك جیا، بەڵکو وا تێی دەڕوانێت کە یەکخەرێکی لێکهەڵپێکەرە، بە چەشنێك کە شتەکانو دیاردەکان پەیوەندییەکی ئەندامییان لەگەڵ یەك هەیە و هەر یەکەیان بەوی دیکەیانەوە دەبەسترێنەوە.
میتۆدی دایلەکتیکی پێیوایە ناکرێت ڕاڤەی هیچ دیاردەیەك لە دیاردەکانی سروشت بکرێت گەر لە دەرەوەی دیاردەکانی چوار دەوری تەماشامان کرد، دەکرێت لە هەر دیاردەیەك تێبگەین و ڕاڤەی بکەین گەر لەڕێی ئەو پەیوەندییانەی کە بە دیاردەکانی چواردەورییەوە دەیبەستێت تەماشامان کرد. جیاکەرەوەی یەکەمی دایلەکتیك ئاماژەیە بۆ مۆرکە گشتییەکەی، ئەم جیاکەرەوەیە بەشێوەیەکی گشتگیر لە سروشتو لە کۆمەڵگەدا بەدی دێت.

## لە سروشتدا..

میتافیزیکا ماتریاڵی خاو لە هزر و لەماتریاڵی زیندوو جیادەکاتەوە، لەبەرئەوەی پێیوایە ئەم سێ بنەمایە لێکتری دابڕاون.
بەڵام! ئایا بیر لە زەیندا هەیە؟ ئایا بەبێ جەستە بیر هەیە؟ دەروونناسی لە چالاکییە هزرییەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە مەحاڵ دەبێت گەر ئەرکەکانی ئەندامەکانمان نەزانی کە ئەویش زانستی ئەرکەکانی بونەوەری زیندووە کە پەیوەستە بە زانستی زیندەوەرزانییەوە (بایۆلۆجیا)، هەروەها ژیان سەخت دەبێت گەر پرۆسە کیمیاییەکانمان نەزانی چونکە کیمیا پێکهاتەی ئەتۆمی تەنەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات.
لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی تایبەت بە فیزیا دەمانگەیەنێتە زانستەکانی زەوی کە چۆنێتی دروستبوونیمان بۆ دەخاتە ڕو، پاشان ئەمە دەمانگوازێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی نیزامی شەمسی کە زەوی وەك بەشێك لەو دروست بووە.
بەم شێوەیە دەبینین لەکاتێکدا کە میتافیزیکا بە ڕوی پێشکەوتندا دەوەستێتەوە دایلەکتیك لە بوونی خۆیدا پشت بە زانست دەبەستێت، بێگومان جیاوازیگەلێك لەنێوان زانستەکاندا هەیە، بەڵام هەموویان یەکەیەکی بنەڕەتین کە ڕەنگدەرەوەی یەکێتی گەردونن.. کە ئەمەش جیاکەرەوەی یەکەمی دایلەکتیك گوزارشتی لێ دەکات.. واتە کارلێكو پەیوەندیی نێوان شتەکان.
ناتوانین دۆزینەوەی زانستی ئەنجام بدەین گەر دەست درێژیمان کردە سەر یاسای یەکەمی دایلەکتیك، و ئەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵینەوە جیامان کردەوە لەو بارودۆخەی چواردەوری تەنیوە.



## لە کۆمەڵگەدا

وەکو لێمان کۆڵییەوە میتافیزیکا هەڵدەستێت بە دابڕینی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە یەکتری، هەروەها ڕەوشی ئابووری لە ژیانی کۆمەڵایەتی دادەبڕێتو ژیانی سیاسیش لە هەردووکیان دادەبڕێت. کەسی میتافیزیکیست وا لە مێژوو تێدەگات کە دیاردەکان نمایشگەلێکن، واتە دیاردەگەلێکی بێ هۆکارن.

دایلەکتیك دەتوانێت لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تێبگاتو ڕاڤەیان بکات لەبەرئەوەی دەیانبەستێتەوە بەو بارودۆخە مێژووییەی کە لێیەوە دروست دەبنو کارلێکی لەگەڵدا دەکەن. بەڵام مرۆی میتافیزیکست لە ئەبستراکتدا دەژیو هیچ بایەخێك بە بارودۆخی کاتو شوێن نادات.. نە سروشتو نە کۆمەڵگەش تێکەڵەیەك نین تێگەیشتنیان سەخت بێت بەڵکو سەرجەم لایەنەکانی واقیع پێکەوە بەستراون.. ئەم یاسایە گرنگییەکی زانستی هەیە، کە تەماشای هەر دۆخێك یان هەر ڕوداوێکی گرنگ دەکەین پێویستە ڕوانینمان ئەو بارودۆخە بگرێتەوە کە ئەم شتانە دروست دەکات و ڕاڤەی بکات، هەروەها پێویستە هەمیشە بایەخ بە شتە مومکینو شتە نامومکینەکانیش بدەین.

پێویستە کەسی شۆڕشگێڕ، پەی بە ڕوداوەکان بەرێت، بەشێوازێك کە هەقیقەتی خۆیان چۆنە ئاوا بیانبینێت، پشتگوێ خستنی بارودۆخی کار جگە لە ئارەزوو باوەڕێکی توندڕەوانە زیاتر نییە، لە بەرژەوەندیی کرێکاراندایە کە ڕێز لە یاسای یەکەمی دایلەکتیك بگرن، لەبەرئەوەی بۆرژوازییەت حەز دەکات ئەم یاسایەیان بیر بەرێتەوە چونکە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. بۆیە کەسی خەباتگێڕی شۆڕشگێڕ کە خۆی بە دایلەکتیکی بەرپرسیارییەکانی چەکدار کردووە هیچ شتێك بۆ ڕێکەوت جێ ناهێڵێت بەڵکو هەر هەوڵو تەقەلایەك بە ئەندازەی خۆی نرخی خۆی بۆ دادەنێتو تەقدیری دەکات، ئەم تێگەیشتنە بۆ واقیع بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت کە دوور بڕوانین، هەروەها ئازایەتییەکمان پێ دەبەخشێت کە لە شکست نەهاتووە.

## جیاکەرەوەی دووەمی دایلەکتیک

### هەموو شتێك دەگۆڕێت.

یاسای گۆڕانی سەرتاپاگیر یان گەشەی بەردەوام. دایلەکتیك بیر لە ڕواڵەتی شتەکان ناکاتەوە(واتە بیر لە شتەکان ناکاتەوە وەك ئەوەی کە لە دۆخی وەستاویدا بن)، بەڵکو لە جوڵانیاندا بیریان لێ دەکاتەوە، گۆڕان سیفەتێکی پێکەوەلکاوی شتەکانە، ئەمە جیاکەرەوەی دووەمی دایلەکتیکە.

دایلەکتیك وا دەڕوانێتە سروشت کە حاڵەتێکە لە جوڵەو گۆڕانی بەردەوام، و نوێبوونەوەو گەشەی بەردەوام، بەچەشنێك کە هەموو شتێك لەدایك دەبێت لەکاتێکدا شتێکی دیکە شی دەبێتەوە و نامێنێت..

لەبەرئەوەی دایلەکتیك نایەوێت هەر تەنها لەڕوی پەیوەندیی و پێکەوەبەستراوییان نارِوانێتە دیاردەکان، بەڵکو تەماشای جوڵەو گۆڕانو گەشەو دەرکەوتنو خۆشاردنەوەیان دەکات. لە جیاکەرەوەی یەکەمی دایلەکتیکدا بینیمان کە هەموو شتێك پێکەوەبەستراون لەگەڵ یەکتری بەڵام ئەم ڕەوشە یەکگرتووەش دیسان جوڵەیە.

جوڵە ڕوخساری دووەمی واقیع نییە، سروشتێکیش نیە جوڵەی بۆ زیاد بکرێت یان کۆمەڵگەیەك نییە کە جوڵەی بۆ زیاد بکرێت، بەڵکو واقیع جوڵەیە.

## لە سروشتدا

بە واتایەکی گشتی جوڵە هەموو شێوەکانی بوونی مادە دەگرێتەوە، واتە خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی مادە، هەموو گۆڕانکارییەکانی گەردوون لە گۆڕانی شوێنەوە تا گۆڕانی خۆی.. مادە جوڵەیەو جوڵەش مادەیە، فیزیای نوێ فێرمان دەکات بۆیە وزە دەگۆڕێت لەبەرئەوەی وزە بڕێکە لە جوڵە کە سەرباری ئاڵوگۆڕ کردنو وەرگرتنی شێوەی جۆراوجۆری دەمێنێتەوە.

دەشێت وزەی میکانیکی بگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی، شەتاو بزوێنەری کارەبایی هەڵدەسوڕێنێت کە وزەی کارەبایی لێ بەرهەم دێت، هەروەك وزەی کارەبایی دەگۆڕێت بۆ وزەی میکانیکی کە بزوێنەرەکان هەڵدەسوڕێنێت یان وزەی کارەبایی دەگۆڕێت بۆ وزەی گەرمی و گەرمکەرەوەی کارەباییمان دەداتێ.

لە پاتریدا وزەی کیمیایی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی و هەروەها بۆ وزەی گەرمیش..

ئەم گۆڕانانە شێوەی مادەی جوڵاون..

جگە لە دۆزینەوەی بیرۆکەی گۆڕینی وزە بیرۆکەی ئەو پەرەسەندنە دۆزراوەتەوە کە بیرۆکەی جوڵەیشی دەوڵەمەند کردوە، ئەمەش بە پەرەسەندنی گەردوون لە ڕووی فیزیاییەوە. هەر یەك لە کانتو لابلانس هەر لە کۆتایی چەرخی هەژدەوە ئەوەیان دۆزییەوە کە گەردوونیش مێژووی خۆی هەیە.. ئەویش لەبری ئەوەی خۆی دوبارە بکاتەوە وەکو نیوتن پێی وابوو (ئەستێرەکان لە نێویشیاندا خۆرو هەسارەکانی دیکەی وەك زەوی) بەرهەمی پەرەسەندنێکی گەورەن کە هێشتا ئەم پەرەسەندنە بەردەوامە.

کەواتە ناکرێت لەگەڵ نیوتن بڵێین کە بەشەکانی گەردوون دەگوێزرێنەوە بەڵکو دەبێت بوترێت کە گەردوون دەگۆڕێت. زانــای فیزیایی ئامبەر تســومیان ئاشــکرای کرد کە ئەســتێرەگەلێك هەن بەردەوام لەدایك دەبنــەوە، جا ماتوڵ گەردوون بەردەوام لەدایك دەبێتەوە پێویســتی بە بزوێنەری یەکەم نییە وەکو نیوتــن پێیوابوو، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا توانایەکــی تایبەتی لە جوڵەو گــۆڕان هەڵگرتووە کە ئەم گۆڕانە خۆی لە خۆیدا جوڵەیە. بەم شــێوەیە سروشــت چ فیزیایــی بێت یان زیندوو بێت بریتییــە لە جوڵە، ئەمەش لەبەرئەوەی جوڵە ئەو وێنەیەیە کە مادە لەخۆی گرتووە. هەرگیــز مادەیەك نییە بێ جوڵەو ناکرێت بەر لەم مادەیەش جوڵەیەك هەبووبێت..

جوڵە، لە پانتایی گەردوونو لە جوڵەی میکانیکیو لەرەی تەنە بچوکەکاندا بە شــێوەی گەرمی یان تەزوی کارەبایی یان موگناتیســی هەیە، هەروەها جوڵە لە شــیکارو ئاوێتە کیمیاییەکانو لە ژیانی ئۆرگانیکیشدا دەبینین.

هــەر گەردیلەیەکی مادە لە گەردووندا لە هەر چرکەیەکدا بەوێنەی جوڵەیەك یان بە چەند وێنەیەك بەشداری دەکات. لەبەرئەمە ناکرێــت وێنای مادە بەبێ جوڵە بکرێت هەروەك چۆن ناکرێت وێنای جوڵە بکرێت بەبێ مادەو بەم چەشــنە، بابەتی زانســت یەکێکە کە ئەویش جوڵەیە جا ئەو زانســتە فەلەك بێت یان فیزیا یان کیمیا یاخود بایۆلۆجیا..

لە کۆمەڵگەدا

ئەگەر راســت بێت جیهان بەردەوام بجوڵێتو گەشە بکات، لەناوچوونی کۆنو دەرکەوتنی نوێ بەراســتی یاســایەکی گشــتی پەرەســەندنو گەشەســەندن بێت، ئــەوا روونە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەتاهەتایی یان بنەماگەلێکی نەمر بۆ موڵکداریەتیو چەوسانەوە نییە.

لەبەرئەمــە دەکرێت رژێمی ســەرمایەداری بگۆردرێت بە رژێمی سۆشیالیستی وەك چۆن لەسەروەختی خۆیدا رژێمی سەرمایەداری شوێنی رژێمی دەرەبەگایەتی گرتەوە.

ئەمــە بەرئەنجامێکــی جەوهەریی خەســڵەتی دووەمی دایلەکتیکــە. میتافیزیــکا لەپــاش کردنــە دەرەوەی لە گۆرەپانی زانستە سروشتییەکاندا پەنای بردە بەر گۆرەپانی زانستەکانی مرۆڤو کۆمەڵگە.

مەزنیــی لینین لەوەوە بــاڵا دەکات کە بــە دامەزراندنی کۆمارەکانی ســۆڤێت بۆ جەماوەری چەوساوەی سەرتاپای جیهانی ســەلماند کە ئومێدی رزگاربــوون لەناو نەچووەو باڵادەستی گەورە موڵکدارانو ســەرمایەداران هەتاهەتایی نییە، و دەکرێــت حکومەتی کریــکاران بەهۆی کرێکاران خۆیانەوە دابمەزرێت، و پێویستە ئەم حکومەتە لەسەر زەوی دابمەزرێت نەك لە ئاسمان.

هەموو ئەوانەی کە ئەمرۆ لەدژی ســەرمایەداری خەبات دەکەن لە هەمــان کاتدا کاریش دەکەن بۆ گۆڕینی خۆیان، مرۆڤگەرییــان هێنــدەی دژایەتییکردنیــان بــۆ رژێمی نامرۆڤایەتی زیاد دەکات، لەبەرئەوەی هەقیقەتی مرۆڤایەتی وەك گشتێك هەیقەتێکی دایلەکتیکییە.

مرۆڤ لە ئاســتی ئاژەڵانی تێپەڕانــدو باڵاتر بوو ئەویش بەهــۆی خەباتێك لە دژی سروشــت کە هەزاران ســاڵی خایاند، ئەم خەباتەش لە کۆتایی قۆناغەکانیدا نیە بەڵکو لە سەرەتایدایە. ئەم مێژووە جیا نییە لە مێژووی کۆمەڵگەکان.

کەواتــە، لێرەدا لە رێی یاســای دووەمی دایلەکتیکەوە کە دەڵێت (هەموو شتێك دەگۆڕێت) بە یاسای یەکەم دەگەینەوە کە دەڵێت (هەموو شــتێك لێکهەڵپێکراوە)، واتە ناکرێت لە دەرەوەی کۆمەڵگەکان لە هۆشیاری تاك تێبگەین. مارکسیزم بریتی نییە لە رەچێتەیەك کە بۆ هەموو کاتو شــوێنەکان دەســت بدات بەڵکو زانســتی گۆڕانو ئاڵوگۆڕکارییە کە لەگەڵ ئەزموونکردندا زیاتر دەبێت..

ستالین دەڵێت..

پێویســتە لە کارەکانماندا پشــت بەو چینە کۆمەڵایەتییانە نەبەستین کە پەرەناســتێنن، با لە کاتی ئێستاشدا هێزێکی باڵادەست بن، بەڵکو پێویستە پشت بەو چینە کۆمەڵایەتییانە ببەســتین کە گەشە دەکەنو پەرەدەستێنن، چونکە پاشەڕۆژ بۆ ئەوانە با لە ئێستاشدا هێزێکی باڵادەست نەبن.

لەبەرئەوەی هەڵوێستی زانستی بینا نابێت لەسەر دۆزینەوەی ئەو شــتەی لەبەردەمماندا دەیبینین بەڵکــو بینا دەبێت لە تێگەیشــتن لەوەی دەمرێتو لەدایــك دەبێت، و زیاتر بایەخ بدەین بەوەی کە لەدایك دەبێت..

بەڵام یەکســانی لە بایەخدان پێیان دادەنرێت بە دەستکاری کــردنو تێکدانی واقیــع، لەبەرئەوەی واقیــع جوڵەیەکی هەمیشــەییە، بۆیە مارکسیســتەکان خــاوەن روانینێکی ئاییندەگەرایانــە بــوون، چونکــە هەر واقیعێــك بەپێی گۆڕانبوون (صیرور)ەکەی خۆی تەماشــای دەکەن، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەو مەترسییانەیان ئاشکرا کرد کە پرۆژەی ئەورووپی مارشــاڵ دەیگرتە خۆی، لەکاتێکدا هەندێك پێیان وابــوو پرۆژەی ناوبراو خۆشــگوزەرانیو نــاز و نیعمەتو گەشەســەندنە.. خەبات بۆ رێکخســتنی ئەو کرێکارانەی بیروبۆچوونیــان جیــاوازەو بەرژەوەندییــان یەکدەگرێتەوە، لەگەڵ یاسای دووەمی دایلەکتیکدا کۆكو تەبایە.. مرۆڤ بە شۆڕشــگێری لەدایك نابێت بەڵکو دەبێتە شۆڕشــگێڕ،



هەروەها پێویســـتە زیاتر فێر ببێت، شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە دایلەکتیکستێکە کە کار دەکات بۆ ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو بۆئەوەی شتێکی نوێ پێشکەش بکات.
گۆڕانی جۆری
بۆ نمونە
گەر ئاومان کوڵاند پلەبەپلە گەرماکەی بەرز دەبێتەوە تا کە گەیشتە پلەیەکی دیاریکراو ئاوەکە دەگۆڕێتو دەبێتە هەڵم، ئێمە لەبـــەردەم دوو گۆڕانداین، گۆڕانی گەرمی پلەبەپلە کە ئەمە گۆڕانێکی چەندایەتییە، واتە ئەو گەرمایەی کە ئاوەکە هەیەتی زیاد دەکات.. بەڵام ئاوەکە لە سەروەختێکدا خەسڵەتی خۆی وەکو شلەیەك ون دەکاتو دەبێتە هەڵم بەبێ ئەوەی سروشتە کیمیاییەکەی گۆڕانی بەسەردا بێت..
گۆڕانـــی چەندایەتـــی: بریتییە لـــە زیادبوونی بڕ یاخود کەمبوونی بڕی شتەکەو هیچی تر.
گۆڕانی چۆنایەتی: بریتییە لەگواستنەوە لە خەسڵەتێکەوە بۆ خەســـڵەتێکی دیکە. دایلەکتیك ئەم پەیوەندییەی نێوان گۆڕینە چەندایەتیو چۆنایەتییەکان دادەنێت بە یاسایەکی گشتگیر لە سروشتو کۆمەڵگەشدا.

## جیاکەرەوەی سێیەمی دایلەکتیک

دایلەکتیك، پرۆسەی گەشـــە دانانێت بەوەی کە هەر تەنها کرداری گەشـــە بێتو بـــەس، کە نابێتە هـــۆی گۆڕانی چەندایەتی بـــۆ گۆڕانی چۆنایەتی، بەڵکـــو پێیوایە کە پرۆســـەی گەشـــە لە گۆڕانکارییـــە چەندایەتییە کەمە شاراوەکان بۆ گۆڕانکاری دیاردەیەکی بنەڕەتی بریتییە لە گۆڕانکاری چۆنایەتی. ئـــەم گۆڕانکارییانە پلەبەپلە نین بەڵکو گۆڕانکاریگەلێکی خێراو لەپڕن.
گۆڕانکاری چۆنایەتـــی گۆڕانکاری دۆخەکەیە کە تێیدا ئاوی شل دەبێتە هەڵمی ئاو، یان ئاو (شل) دەبێتە سەهۆڵ (ڕەق)، بەڵام لێرەدا گەشە بەواتا، ئەوەی کە تازە دەردەکەوێت پلەبەپلە گەشـــەی کردووە، هیچ پەرجـــوو (موعجیزە)یەك نیە، بەڵکو ئامادەکردنێکـــی خاووخلیچکانەیە کە جگە لە ماتریالیزمی دایلەکتیك هیچ شـــتێکی دیکە ئاشـــکرای ناکات.
هەروەك ئەو شۆڕشـــەی کە بەرۆژی ڕوناك هەڵدەگیرسێت جگـــە لە ئاڵوگۆڕێك کە بەهۆی پەرەســـەندنێکی هێواشو لەسەرخۆوە ئامادەکراوە هیچ شـــتێکی دیکە نیە، ئەمەش بەواتای ئەوە نییە کە هەموو گۆڕانکارییە چۆنایەتییەکان مۆرکی قەیرانو تەقینـــەوە وەردەگرن، چونکە حاڵەتگەلێك هەن کە بەهۆیانەوە گۆڕانکارییە چۆنایەتییە پلەبەپلەکانەوە



دەگوێزرێتەوە بۆ خەسڵەتگەلێکی نویێ.
ســتالین لــە توێژینەوەکەیدا ســەبارەت بە مارکســیزمو زمــان دەڵێت: ئــەو گۆڕانکارییانەی بەســەر زماندا دێن بەهــۆی گۆڕانکارییە چۆنایەتییــە پلەبەپلەکانەوە ئەنجام دەدرێــن. هەروەها لەکاتێکدا گواســتنەوەی چۆنایەتی لە کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو بەسەر چینگەلێکی ناکۆك بەرەو کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەڕێی تەقاندنەوە ڕوودەدات ئەوا گەشــەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بەدوور لە قەیرانەکان و بەهــۆی گۆڕانکارییــە چۆنایەتییــە پلەبەپلەکانــەوە ڕوودەدەن. هەروەهــا گواســتنەوە لە سۆشــیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم ئاڵوگۆڕێکــی چۆنایەتیی بێ قەیرانە، چونکە لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا خەڵکی خۆیان بە مارکسیزم چەکدار کردووەو خۆیان ســەرداری چارەنووســی خۆیانن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە چینە ناکۆکەکان پێکنەهاتووە.
بەم شــێوەیە پێویســتە لەو مۆرکو جۆرییە بکۆڵینەوە کە ئەم گۆڕانکارییە وەریدەگرێت، بۆیە پێویســت نییە هەموو گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی بکەینە جۆرێك لە تەقینەوە.

## لە سروشتدا:

لە سروشتدا، ناکرێت تەنیا بە زیاد کردنی بڕێك لە مادە یان جوڵە یاخود لابردنیان، گۆڕانکاریی چۆنایەتی بەشێوەیەکی ڕوون لە هەموو حاڵەتە دیاریکراوەکاندا ڕوودات.
بۆنمونە:
ئەگەر سێ گەردی گازی ئۆکسجین یەکبگرن ئەوا ئۆزۆنمان دەســت دەکەوێت، کــە تەنێکە لە بــۆنو کاریگەرییەکەیدا جیاوازە لە ئۆکســجین. هەروەها تێکەڵکردنی ئۆکسجین بە ئــەزوتو گۆگرد، ئەوا هەر ڕێژەیەکیان تەنێکی جیاوازە لە تەنەکانی دیکە، بە چەشنێك کە جیاوازی نێوان دوو تەنەکە زۆر گەورەیــە، یەکەمیــان گازەو دووەمیان تەنێکی ڕەقی بەکریستاڵبووە.
ئــەم پەیوەندییــە زەرورییە بواری ڕەخســاند کە مەندەلیف هەســتێت بە پۆلێنکردنی توخمەکان، مەندەلیف توخمەکانی بە پێی کێشی گەردیلە هەڵکشاوەکان (ڕوولەسەرەکان) پۆلێن کرد، ئەم پۆلێنکردنە چەندایەتییەی توخمەکان بە سوکترینیان لە ڕووی کێشەوە دەستی پێدەکات کە هایدرۆجینە و بە هەرە قورسترینیان کۆتایی دێت کە یۆرانیۆمە.
زانســتی کیمیا کە بواری ڕەخســاند لــە ناوکی گەردیلە بکۆڵینەوە، تێگەیشــتنمانی لەبارەی گرنگیی پەیوەندیی پێویســتی نێوان چەندایەتیو چۆنایەتــی زیاتر کرد. واتە

گۆڕانـــی چۆنایەتی مەرجدارە بە گۆڕانی چەندایەتییەوە.
ئێستا تێدەگەین چۆن ئەم گەشە چەندایەتیو چۆنایەتییەی سروشـــتی زینـــدوو دەتوانێت وامـــان لێبـــکات تێبگەین مەبەستمان لە دایلەکتیکی چییە، بە گواستنەوە لە سادەوە بۆ ئاڵۆز. بـــەردەوام بەکارهێنانـــی کۆمەڵایەتییانە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی خەڵك بۆ دوبارەکردنەوەی ئەو شـــتانەی بـــە هەســـتەکانیان پەییان پێ دەبەنو کاریـــان لێدەکەن، کە لە دەرئەنجامـــدا لە زەینی مرۆڤدا بازدانێك لە پرۆســـەی مەعریفیدا ڕوودەداتو (چەمك_تێگەیشتن) دێتە بوونەوە. هەستکردن ڕەنگدەرەوەی بەشێکی واقیعە.
هەروەها گواســـتنەوە لە ڕوپێوی زەوی (پێوانی زەوییەکان) کە لە ئاتاجـــی کۆمەڵایەتییەوە ســـەریهەڵداوە بۆ ئەندازە کە ئەویش (زانســـتی شێوە ئەبســـتراکتیکەکانە) گۆڕانی هەستکردنەکانە بۆ چەمك(تێگەیشتن)ەکان.
لینین دەڵێت:
چالاکیی کرداریی مرۆڤ، هۆشـــیاری مرۆڤی ناچار بە دوپاتکردنەوەی وێنە جۆراوجۆرە لۆژیکییەکان کردوە، تا ئەو پلەیەی کە ئەم وێنانە بەهای بنەماکانیان هەبێت. هەروەها لینین درێژەی پێدەدات: چالاکیی کرداریی مرۆڤ لەپاش دوپاتبوونـــەوەی ملیاران جاری بەشـــێوەیەکی لۆژیکی لە هۆشیاریی مرۆڤدا جێگیر دەبێت..
ئەمە جیاکەرەوەی سێهەمی دایلەکتیکە کە ڕێگەمان پیشان دەدا بۆ ڕاڤەکردنێکی ئەقڵانییانەی داهێنانەکان.
مرۆی میتافیزیکیســـت دەرکەوتنـــی بیروبۆچوونی نوێ دادەنێت بە سروشێکی خودایی یان موجەرەد ڕێکەوتێك وەك چۆن داهێنان دادەنێت بە سروشـــێکی خودایی یان موجەرەد ڕێکەوتێك.
داهێنان لە زانســـتو هونەر و ئامرازە پیشەســـازیەکانو.. هتـــددا دادەنرێن بە ئاڵوگۆڕێکـــی چۆنایەتی کە لە پاش ئامادەسازییەکی دوورو درێژ بەهۆی کەڵەکەبوونی ئاڵوگۆڕە بچوکەکان لە چالاکیـــی کرداریی مرۆڤدا لە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەقڵیـــدا ڕوودەدات، لەبەرئەمە دۆزینەوە گەورەکان لـــەدوای بەدیهاتنـــی هەلومەرجـــی بابەتی بـــۆ توانای ئەنجامدانی ئەنجام دەدرێت.
گواســـتنەوە لـــە چۆنایەتیی کۆنەوە بـــۆ چۆنایەتی نوێ بەزۆری پێشکەوتنە.
ئەمـــە بارودۆخـــی مرۆڤە کاتێك لە هەســـتکردن (وێنەی خـــوارەوەی مەعریفـــە)ەوە دەگوێزێتەوە بۆ تێگەیشـــتن کە بریتییە لە (وێنەی باڵای مەعریفە).
لە کۆمەڵگەدا

کۆمەڵگە، چەشنی سروشـــت جوڵاوە، ئەم جوڵەیە بریتییە لە گواســـتنەوە لە ئاڵوگۆڕە چەندایەتییەکان بۆ ئاڵوگۆڕە چۆنایەتییەکان.
شـــۆڕش، ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتییە کـــە بەرئەنجامێکی مێژوویی پێویستە بۆ پەرەسەندنێکی لەسەرخۆ (ئاڵوگۆڕی چەندایەتی).
وەکو باســـمان کرد، گواســـتنەوە لە دۆخـــی چۆنایەتیی کۆنەوە بـــۆ دۆخی چۆنایەتیی نوێ پێشـــکەوتنە، دۆخی ســـەرمایەداری باشـــترە لە دۆخی دەرەبەگایەتی، دۆخی سۆشیالیزمیش باشترە لە سەرمایەداری.
کەواتە شـــۆڕش هەڵدەستێت بە گواســـتنەوە لە خوارەوە بۆ ســـەرەوە. بۆچی؟ چونکە هەڵدەستێت بە پێکهاتنێك لەنێوان ڕژێمی ئابووریی کۆمەڵگەو لە نێوان داخوازیەکانی گەشەی هێزەکانی کار.
گرنگە لە بزاوتـــی کۆمەڵایەتیدا لایەنـــی چۆنایەتی لە لایەنی چەندایەتی جیا نەکەینەوە، بەڵکو پێویستە لە توێی پەیوەندییە زەرورییەکەیاندا تەماشایان بکەین.
تەوژمی چاکســـازی تیۆرێکـــی بۆرجوازییە بۆ داماڵینی کرێکاران لە چەکەکەیان، چونکە لە دۆخێکی وادا کرێکاران وا بیر دەکەنەوە کە سەرمایەداری بەبێ خەبات لەناو دەچێت، بۆیەو بەم شـــێوەیە تەوژمی چاکسازییگەرا دژی شۆڕشە، چونکە بەمەبەستی پەرشـــوبڵاوەپێکردنی چینی کرێکارو لاوازکردنی ئەم چینەو مانەوەی دەســـەڵاتی بۆرجوازی و دژی وەلاانی ئەم دەســـەڵاتە بەهۆی شۆڕشەوە، بانگەشە دەکات ڕژێمە دارماوەکە پینەوپەڕۆ بکرێت.
کەواتە پێویســـت ناکات ســـەبارەت بـــە کاری جەماوەری چەلەحانێ بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی بەیارمەتیی پرۆلیتاریا بگەینە باڵاترین شـــێوەی خەباتـــی چینایەتی، فێربوونی وروژاندنـــی کەمترین وێنـــەی کۆبونـــەوەی جەماوەریو ڕێکخستنیو یارمەتیدانی پێویستە.
وتمان ئاڵوگۆڕە چەندایەتییە کەمەکان دەبنەهۆی ئاڵوگۆڕە چۆنایەتییە بنەڕەتییەکان، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە ناکرێت چەندایەتـــی لە چۆنایەتی جیابکەینـــەوە و جیاکردنەوەیان لەیەکتر دەبێتە کارێکی کوێرانە.
لەبەرئـــەوەی، ڕاســـتەقینە، لەیـــەك کاتـــدا چەندایەتیو چۆنایەتیە، پێویستە بەباشی پەی بەوە بەرین کە ئاڵوگۆڕی چۆنایەتـــی بریتییە لە گواســـتنەوە لە خەســـڵەتێکەوە بۆ خەســـڵەتێکی دیکە، خەسڵەتی (شـــلی) دەبێتە خەسڵەتی (گازی) کاتێك شلەکە دەگاتە پلەیەکی گەرمیی دیاریکراو.
هەروەها ناکرێت لە ماتماتیکیشدا چەندایەتی لە چۆنایەتی

جیا بکەینەوە، لەبەرئەوەی هەمیشـــە چەندایەتی شتێکی دیاریکراوە کە چەندایەتی جۆرێکی دیاریکراوە.

## نموونە:

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ســـەرمایەداری لە کاتێك لە کاتەکاندا گەشـــەی چەندایەتیی هێزەکانـــی بەرهەمهێنان پەکدەخـــات یـــان دەبێتـــە هـــۆی پاشەکشـــەپێکردنی، ئاڵوگـــۆڕی چۆنایەتیی پەیوەندییەکانـــی بەرهەمهێنان بە سۆشالیســـتکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان دەبێت، بەمەش سەرلەنوێ گەشـــە دەکات، لە ئاکامی ئەمەشدا هێزەکانی بەرهەمهێنان گەشەیەکی چۆنایەتی گەورە گەشە دەکەن.

بەکورتی

*جیاکـــەرەوەی یەکەمـــی دایلەکتیکـــی بریتییـــە لە .. پێکەوەبەستروی.

*زانســـت، چەند خزمەتی مرۆڤایەتی بکات هێندە واتای هەیە.

*ناکرێت دیاردەیەك لە دیاردە سروشـــتییەکان ڕاڤە بکەین گەر لەدەرەوەی دیاردەکانی چواردەوری تەماشـــامان کردو دامان بـــڕی لێیان، دەکرێت لە ڕێـــی پەیوەندییەکانی ئەم دیاردەیەوە بە دیاردەکانی دیکی چوار دەورییەوە لەم دیاردەیە تێبگەین.

*ناتوانین بە دۆزینەوەی زانســـتی هەستین، گەر یاسای یەکەمی دایلەکتیکمان پێشـــێل کـــرد، و ئەو دیاردەیەی کە لێی دەکۆڵینەوە جیامان کردەوە لەو دیاردانەی چوار دەوری دیاردەکەیان تەنیوە.

*پێویســـتە کەسی شۆڕشـــگێڕ پەی بەڕاستیی ڕوداوەکان بەرێت.

*جیاکەرەوەی دووەمی دایلەکتیك بریتییە لە: هەموو شتێك دەگۆڕێت.

*دایلەکتیك بیر لە ڕواڵەت ناکاتەوە، بەڵکو بیر لەشـــتەکان دەکاتەوە لە جوڵاوییاندا.

*گۆڕان خەســـڵەتێکی پێکەوەلکاوی شـــتەکانە و ئەمەش خەسڵەتی دووەمی دایلەکتیکە.

*واقیعی بابەتیانە بریتییە لە جوڵە، مادە جوڵەیەو جوڵەش مادەیە.

جوڵە هەموو شێوەکانی مادەو بوونی مادە دەگرێتەوە.

*هەروەها کۆمەڵگەش دەگۆڕێت، وەك چۆن سەرمایەداری شـــوێنی دەرەبەگایەتی گرتەوە، ئەواش سۆشیالیزم شوێنی ســـەرمایەداری دەگرێتەوە، ئەمەش خەسڵەتێکی سەرەکیی ماتریالیزمی دایلەکتیکە.

*مارکســـیزم ڕەچێتەیەك نییە بۆ هەموو کاتو ســـەردەمو شوێنێك دەست بدات، بەڵکو زانستی گۆڕانو ئاڵوگۆڕە کە پێ بەپێی ئەزموون بەهێز دەبێت.

شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە زۆر فێر دەبێت، هەروەها ئەو دایلەکتیکیســـتەیە کە کار دەکات بۆ ئامادەســـازی بۆ دۆخێکی گونجاو بۆ ئەوەی شتێکی نوێ پێشکەش بکات.

*جیاکەرەوەی سێیەمی دایلەکتیك.. بریتییە لە ئاڵوگۆڕی جۆری.

*ئاڵوگـــۆڕی چەندایەتـــی: تەنیا بریتییە لـــە زیادبوونو کەمبوونی بڕ.

*ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی: بریتییە لە کرداری گواستنەوە لە خەسڵەتێکەوە بۆ خەسڵەتێکی دیکە.

*دایلەکتیك ئەم خەسڵەتەی نێوان ئاڵوگۆڕی چەندایەتیو ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی دادەنێت بە یاســـایەکی گشتگیر لە سروشتو کۆمەڵگەدا.

*گواســـتنەوە لە سۆشـــیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی کە بەبێ قەیران ڕوو دەدات.

*پێویســـتە لەو ئاڵوگـــۆڕە چۆنایەتییـــە بکۆڵرێتەوە کە ئاڵوگۆڕەکە لە هەر دۆخێکدا وەریدەگرێت.

ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی مەرجبەندە بە ئاڵوگۆڕی چەندایەتی.

*هەســـتکردن: ڕەنگدانەوەیەکی بەشبەشـــی واقیعێکە کە بەهۆی دووبارەکردنەوەوە دەگۆڕێت بۆ تێگەیشتن و بازدانێك لە کرداری مەعریفەدا ڕوودەدات و تێگەیشتن دێتە ئاراوە.

*گواســـتنەوە لـــە چۆنیەتی کۆنەوە بـــۆ چۆنیەتی نوێ بەزۆری پێشکەوتنە.

*هەســـتکردن وێنەی خوارەوەی مەعریفەیە، تێگەیشـــتن وێنەی باڵای مەعریفەیە.

شۆڕش هەڵدەستێت بە گواســـتنەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، چونکە هەڵدەســـتێت بە گونجاندن لە نێوان داخوازییەکانی هێزەکانی بەرهەمهێنانو سیستەمی ئابووریی کۆمەڵگە.

*گرنگە کە لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا لایەنی چەندایەتی لـــە لایەنی چۆنیەتی جیا نەکەینـــەوە، هەر هێندە نا بەڵکو پێویستە بڕوانینە پێکەوەبەسترانە پێویستەکەشیان.

ســـەرچاوە: کورتەیەک لـــە کتێبی: اصول الفلســـفە الماركسیە، جورج بولیتزر.

***


# قەڵەمی "شەریفی مەشەیی بوچان" بە کەس ناشکێت!

ن:فەرهاد شەعبانی
و:پەروین عەلی مورادی

## بە بۆنەی کۆکردنەوەی کتێبەکانی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان" لە بیست و چوارەمین پیشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران.

کتێبەکانی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان"، لەوانە ڕۆمانی چوار جلدی "ساڵهای ئەبری" نابراو، لە بیست و چوارەمین پیشگانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران کۆکرایەوە. ئەم کردەوە دژە ئەدەبییەی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناچاری کردم کە بە کورتی ئەم ڕۆمانە ١٦٤٠ لاپەڕەییە بناسێنم و هۆکاری کۆکردنەوەی ئەم کتێبە بخەمە بەر باس. لە لایەکی دیکەوە لە هەموو خەڵکانێکی شەریف و ئازادیخواز کە ئەم ڕۆمانەیان نەخوێندووەتەوە، داوا بکەم کە وڵامێکی ئازادیخوازانە بەم کردەوەیە کە سەرتاپا دوژمنی لەگەڵ ئەدەبیاتی خەبات و خۆڕاگرییە؛ نە تەنیا ئەم ڕۆمانە بەڵکوو گشت کورتە چیرۆکەکانی "دەرویشیان" بخوێننەوە و خۆیان قەزاوەت بکەن کە بۆچی کتێبەکانی ئەم نووسەرە بەناوبانگە لە پیشانگای کتێب دا کۆکراوەتەوە.

بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم کە زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان"م خوێندووەتەوە. بەڵام هیچ کات لە دووبارە خوێندنەوەیان ماندوو نابم و هەر جار کە دووبارە کورتە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە بەناوبانگە دەخوێنمەوە، بیوگرافی خۆم و هەزاران منداڵی هاوتەمەن، هاوگەڕەك و هاوشەری؛ وە خزم و کەس و کاری نزیکم لە شار و ئاواییەکانی کوردستان لە چیرۆکەکانی دا دەبینمەوە. بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ناوبراو، گەلێك جار فرمێسك لە چاوانم تکاوە و بۆ کەسایەتی چیرۆکەکانی کە زۆرتر "منداڵانی بنەماڵە هەژار و بێ دەرتانەکانی دانیشتووی حاشیەی شار و ئاواییەکانی کرماشانن، خەم و پەژارە دایگرتووم. بەڵام ورە و ئیرادەم لە خەبات بۆ ڕزگار کردنی ئەم مرۆڤە ئازار چێشتووانە، سەد چەندان زۆرتر بووە. ئێستاش کورتە چیرۆکەکانی "داشی شەریفی کرماشان"، پردی پەیوەندی من و ڕەگ و ریشەکانمە.
ئێستاش کۆمەڵە چیرۆکی "ئەز ئین ولایەت"ی ناوبراو کە بە بۆنەیەوە لە لایەن "ساواك"ەوە لە سەردەمی پاشایەتی دا، قۆڵبەست، زیندانی و بە شێوەیەکی دڕاندانە ئەشکەنجە کرا، بۆ من هەر تازەیە.
هێشتا کاتێك کە چیرۆکی "نیاز عەلی نەدارەد" دەخوێنمەوە، هەر هەمان هەست و خەونم تێدا زیندوو دەبێتەوە کە بۆ یەکەم جار خوێندمەوە، بەڵام لە نێوان گشت کورتە چیرۆك و ڕۆمانەکانی دا، "ساڵهای ئەبری" پێگەیەکی دیاریکراو و تام و چێژێکی تایبەتی هەیە. هەر دەڵێی بە ڕۆنی خۆماڵی کرماشانی کوڵاوە. ئەم ڕۆمانەم بە عەشق و حەزێکی زۆرەوە خوێندەوە.
لە واقیع دا ئەم ڕۆمانە، بیرەوەرییەکان، یان بە واتایەکی تر ژیاننامەی نووسەرە، لەم ڕۆمانەدا "خالو عەلی ئەشەرەف" ناوی "شەریف"ە. شەریف کوڕی زەهرا و "مەشەیی بوچان"ە. خوشکەزای "سەلیم تودەیی، حامێد موسەدقی و کچەزای بی بی خەیات و حەکایەت بێژە؛ وە برا گەورەی "لەتیف و بەشیر، حوسێن و عۆزرا و فاتمە"یە. خێزانێکی بەربڵاو کە تا "داشی شەریف" نەببوو بە مامۆستا و لە "سووخۆرەکان" بڕە پارەیەکی قەرز نەکرد تا بتوانێت خانوویەکی بچووکی پێ بکڕن، لە زۆربەی گەڕەکەکانی کرماشان دا لەم گەڕەك بۆ گەڕەکێکی تر، کەل و پەلەکانیان دەخستە سەر پشتی حەماڵ و لەم خانوو و بۆ خانوویەکی دیکە دەیانگواستەوە؛ چونکە ئەوانیش وەکوو خەڵکانێك لە چەشنی خۆیان، کرێچی بوون. لەم خانووە بەکرێ دراوانەدا زۆرجار "شامی کرماشانی" شیعرە جوانەکەی خۆی واتە شیعری "کرێچیەتی" بۆ خوێندبوونەوە.
"شەریفی مەشەیی بوچان" بە درێژایی ژیانی "خاڵۆ سەلیم"ی خۆش دەوێت، لە سەردەمی هەرزەکاریدا شەیدای ئاغا مۆرتەزا "پیت چن" و لە سەردەمی زانکۆدا، تەلەبەی "جەلالی ئالێ ئەحمەد و سیمین دانشوەر" و شوێن کەوتووی "سەمەد بێهرەنگی"بوو.
"شەریفی داوەریشە" لە "ساڵهای ئەبری"دا، دەستی دۆستایەتی دامێ و پێکەوە کۆڵانی "ئامەد تاهێر"ی کرماشانمان تێپەڕ کرد و سەردانی زۆربەی گەرەکە هەژارنشینەکانی ئەم شارە، وەکوو "بەرزە دەماغ"، "کوڵانی مۆعتەزێد"، "سەرتەپ"، "تەکیەی حاجی شەریف"، "چۆنانی"، "چاڵی حەسەن خان" و "کەنارەکانی لافاوگیری "ئاوشوران" و "ئاواییەکانی "گێڵانی غەرب" و قوتابخانە قوڕینە و تەلەبە هەژارەکانیمان کرد. هەموو شەوێك لەگەڵ ئەوەدا، ناڵەی دڵتەزێنی شەوانەی "گوڵ خاتر" کچە



نەخۆشەکەی کاکە "پەنجعەلی"م دەبیست و نەمتدەتوانی بە هێمنی و ئاسودەیی بخەوم. ئەو لە "گێلانی غەرب"ەوە منی لەگەڵ خۆی بۆ تاران و زانکۆی ئەدەبیات برد.

"عەلی ئەشەرەف دەرویشیان" کەسایەتی چیرۆکەکانی، "بابا حوسێن، مامەکانی، خاڵۆکانی، هاوپۆلەکانی و مامۆستاکانی هاوکاری، هاوبەند و هاوسلولییەکانی و ئەوانەی ئەشکەنجەیان دابوو پێی ناساندم. منی بردە ناو قوڵایی ژیانی خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان و لەگەڵ دەرد و ئازاری گەڕەکە هەژارنشینەکانی کرماشان و گوندنشینەکانی ئەو شارە و "گێلانی غەرب"ی پێ ناساندم. لەگەڵ ئەودا، سەردانی سلولە ترسناك و تۆقێنەرەکانی زیندانی ساواك لە کرماشان و زیندانەکانی "کومیتەی موشتەرەك، ئێوین و قەسر" و "ژووری ئەشکەنجە"م کرد. لەگەڵ ئەودا ئەشکەنجە کرام و هەستم بە ئازاری کێبڵ و باتۆم کرد و ئازارم چێشت و لەگەڵ زۆربەی زیندانیانی سیاسی و ئاسایی ئەو سەردەمەدا و ئەشکەنجەدەر و زیندانبانەکانی، ئاشنای کردم.

شەریف، "عەلی ئەشرەف دەرویشیان" دەستی گرتم و بردمی بۆ کارگا بچووکە ئاسنگەرییەکان، میکانیکی، کەبابییەکان و باقی کارگا تازە سازەکانی کرماشان. لە دوورەوە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزییەکانی پیشان دام و هەلومەرج و دۆخی کرێکاران و خەباتەکەیانی لە روانگەی "خاڵۆ سەلیم"ەوە بۆ شی کردمەوە.

لە دەیەی ۲۰دا پێکەوە لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی ئەوەڵی مانگی مەی کرێکاران لە کرماشان بەشداریم کرد و بە توندوتیژییەکانی گۆپاڵ بەدەستانی "پان ئیرانیست" لە دژی کرێکاران و تێکدانی ڕێپێوانی ئەوەڵی مانگی مەی لە لایەن لات و پوتەکانەوە، ئاشنا بووم.

"عەلی ئەشرەف" بە زمانێکی شیرین و ساکار، گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە، لە زوڵم و ستەمی دەرەبەگە زاڵمەکان لە دژی گوندنشینانی هەژار، مردنی یارمحەممەد خان و هاتنە سەر کار و رووخانی دەوڵەتی "رەزا شا"، "موسەدق" و کودەتای ۲۸ی گەلاوێژ (مورداد)، ڕووداوەکانی ساڵانی دەیەی ٤٠ و ٥٠ی بۆ شی کردمەوە. لەگەڵ ئەودا، لە لوتکەی کێوە بەرزەکانی "بێستون" و "پڕاو" سەیری کرماشان و گێلانی غەربمان کرد.

"عەلی ئەشرەف" منی لەگەڵ تایبەتمەندییەکان و کەسایەتی "بی بی، خاڵۆ سەلیم، عەمو ئۆلفەت، حوسێن، ئاغا مورتەزا، ئەکبەر ئاغا، سەرکار نەریمانی، سەرجوخە سۆغرایی و ئاغا ناسبی، ئەسەد کەدویی و ئەحمەد موش و



ئیسماعیل تیغی، عموساری، حاج عەباسی مودەڕس، نعمەت جەکی، ئەردەڵانی سەنەندەجی، مام حەیدەر، خۆداکرەم، باقر ویتانا، سەرکار پەلەنگی و حوسێن زادەی ئەشکەنجەگەر و تیمەکەی و هتد ئاشنای کردم. هەر وەکوو ئەو، ژمارەیەك لە کەسایەتی چیرۆکەکانیم خۆش دەویست و لە ژمارەیەکیشیان بێزار بووم، وە بۆ زۆربەشیان دڵسۆزیم کرد و گریام.

***

من هیچ کات بەختی بینینی "عەلی ئەشەرەف دەرویشیان"م نەبووە، بەڵام بەم بۆنەوە، پێم خۆشە لە رێگای دوورەوە وەك کۆتایی ئەم نوسینە کە نارەزایەتیەکە بە بۆنەی کردەوەی دژە ئەدەبی دەست و پێوەندەکانی پیشانگای کتێبی تاران، ئاماژە بە ٣ خاڵ بکەم:

بە بڕوای من ئەگەر "مەحمود دەوڵەت ئابادی" لە "کلیدەر" و لە زمانی "گوڵمحەممەد" کۆتایی دەورانێك رادەگەیەنێت، "عەلی ئەشەرەف دەرویشیان" لە "ساڵهای ئەبری"دا، مژدەی دەستپێکی دەورەیەکی نوێ دەدات، وە "ساڵهای ئەبری" لە زومرە و لە چەشنی ئەدەبیاتی کرێکاری – رۆشنبیری، هەڵقوڵاوی کات و شوێنی خۆیە.

"ساڵهای ئەبری" ئەدەبیاتی دەربڕینی دەرد و ئازارەکان، خەبات و خۆڕاگری لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکان، لە گەڕەك و قوتابخانە، لە کارگە و زانکۆ و بەندیخانە و لە ژێر ئەشکەنجە، لە دژی دیکتاتۆری دەسەڵاتدارە. بەڵام جێگای سەرنجە کە "ساڵهای ئەبری" لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ کۆتایی پێدێت و تەنانەت وشەیەکیش لە سەر دەرد و مەینەتییەکانی جەماوەری ئێران لە ٣٢ ساڵ دەسەڵاتداریەتی ئەم رژیمە نابینرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، لەم پیشانگایەدا کۆدەکرێتەوە. کۆکردنەوەی ئەم رۆمانە بەنرخە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە شوێنی ژیان و کاری کرێکاران، لە قوتابخانە و زانکۆ و لە زیندان، و لە بەکارهێنانی شێوەگەلی جۆراوجۆری ئەشکەنجە، درێژەپێدەری سیاسەتگەلێکە کە حکومەتی "پەهلەوی" بناخەدانەری بوو. "ساڵهای ئەبری"ش دەستپێکی خۆڕاگرییەکە، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە لە بڵاو بوونەوەی ئەم رۆمانە، ترس و وەحشەت سەرتاپێی داگرتوون.

بەڵام ئەم دڵ رەشە دژە ئەدەبیاتانە، ناگەنە ئامانجەکەیان. چونکە هەزاران دانە لە کتێبی "ساڵهای ئەبری" لە شوێنە جیاجیاکانی ئێران بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ ئەم هەزاران دانە بڵاو کراوەدا چی دەکەن؟ کۆکردنەوەی "ساڵهای ئەبری" لە پیشانگای کتێبی تاران و کرانەوەی غورفەیەك بۆ "بەشار ئەسەد"ی جەنایەتکار، ئەویش لە رۆژانێکدا کە لاوانی سوریەیی خوێنیان دەرژێتە سەر شەقامەکان، تەنیا پێگە و کەسایەتی "عەلی ئەشەرەف دەرویشیان" و "ساڵهای ئەبری" ئەم نووسەرە بەناوبانگە، بەرفراوان دەکاتەوە.

مەگەر ساواك و حکومەتی پەهلەوی توانیان بە زیندان و ئەشکەنجەدانی "عەلی ئەشرەف" بەر بە بڵاو بوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "ئەز ئین ولایەت"ەکەی بگرن، تا سەرانی دژە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامی بتوانن بە کۆکردنەوەی "ساڵهای ئەبری" بەر بە تۆی بیرۆکەیەك کە ئەو لە مێشکەکاندا چاندوویەتی، بگرن؟ خەیاڵی خاو.

بەڵام وەك کۆتایی قسەکانم: خۆزگە دەمتوانی تەنانەت جارێکیش بووە چاوم بە "خاڵۆ عەلی ئەشرەف دەرویشیان" بکەوێت و بە لەحنێکی دۆستانە پێی بڵێم: "خاڵۆ شەریف! بەختت هەبوو و پیلانەکانی "ئەسەد کەدویی" و "ئەحمەد موش" هاوڕێیە بەلارێدا چووەکەیەت پووچەڵ کردەوە و رزگار بووی. هەروەها پێی بڵێم: تۆ بە هۆی خوێندنەوەی دوو کۆپلە لە "ساقی نامە" لە یەکێك لە "جومعە شەوەکانی"ی زیندانی "قەسر" خراویتە سلولی تاکەکەسییەوە و لە لایەن سەرکار "ئۆستوار ئیسماعیلی" بە توندی ئەشکەنجە و ئازار درای. لێرەدا پێم خۆشە ئەم دوو کۆپلەیەت وەبیر بهێنمەوە.

*بده ساقی از ان می که حال اورد*
*کرامت فزاید کمال اورد*
*بده تا روم بر فلک شیرگیر*
*به هم برزنم دام این گرگ پیر*

بە روومەتێکی ئاوساو و دەم و ددانێکی پڕ لە خوێن و ئێسکی پڕ ئێش و ئازار و جەستەیەکی خەڵتانی خوێن، لە سلولی تاکەکەسیدا جارێکی تر لەبەر خۆتەوە وتت:

به هم برزنم دام این گرگ پیر

تفت کردە دیوارە رەشەکە و لەبەر خۆتەوە وتت: گورگە خوێناوییەکە هێشتا ماوە، خاڵۆ!


با ئەمەشت وەبیر بهێنمەوە، لە دوایین چاوپێکەوتنی "مەشەیی بوچان" باوکی پیر و لەکار کەوتووت ئەم کۆپلە شیعرەت بە گوێیدا هێنا:

*چرخ برهم زنم ار غیر مرادم گردد*
*من نه انم که زبونی کشم از چرخ فلک*

**بێ هۆ نییە کە "ساڵهای ئەبری"ت کۆدەکەنەوە، "خاڵۆ شەریف"!**

***

# سادقی هیدایەت، ئەو سێبەرانەی دوێنێ ئەو لێیان دەترسا و لە ئێرانی ئەمڕۆدا لەسەر دەسەڵاتن



**ن: شەهرام ئەمانەتی**

١٩ی خاکەلێوەی ئەمساڵ (١٣٩٠)، شەست ساڵ بەسەر مەرگی سادیقی هیدایەت، باوکی کورتەچیروکی فارسیدا تیدەپەرێ. هەرچەند کەهیدایەت بیرۆکەیەکی چینایەتیی لەناو نووسینەکانیدا بەدیی ناکرێ، بەڵام لەدەرد و مەینەتیی ئەو هەژارانەی وا لەقووڵایی کۆمەڵگاکەیدا دەژیان بێئاگا نەبوو و زۆربەی کاراکتەر و کەسایەتیی ناوچیرۆکەکانی هەرئەو ئینسانە بێناونیشانانەی ناو کۆمەڵگەکەی بوون.

خۆکوژیی هیدایەت یەکێك لەو بابەتانە بووە کە تا ئێستاش لەئێراندا زۆرترین لێکۆڵینەوەی، چ لەلایەنی ئەدەبی و چ لەبابەتی فەلسەفی و سایکۆلۆژیەوە لەسەر کراوە. بۆوێنە لەسەر کتێبی " بایەقوشی کوێر" (بوف کور) کە شاکارێکی ئەدەبی ئەوە، تا ئەم سەردەمەش زیاتر لە پەنجا کتێبی رەخنە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە.

لە نەیارانی کتێبەکانی، خۆکوژیی ئەویان کرد بە بیانوویەك تا خوێندنەوەی کتێبەکانی بۆ لاوان قەدەغە بکرێ. سانسور بخرێتەسەرچاپی بەرهەمەکانی و لە مینبەری مزگەوتەکان و لەژووری مودیری مەدرەسەکاندا بە باوکان و دایکان بڵێن: مەهێڵن مندالەکانتان کتێبەکانی هیدایەت بخوێننەوە.

هەرچەند کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا کە لەناو نووسینەکانی هیدایەت دا بابەتی چینایەتیی و هەوڵدان بو گورینی بنەڕەتیی لەکۆمەڵگە بەرچاو ناکەوێ، بەڵام هەموو ئەو خالە رەشانەی کە لە خورافە و جەهل و مەزهەب و... پێکهاتبوو و وەکوو جاڵجاڵۆکە تۆڕی بەسەر بیروهۆشی خەڵکیدا کێشابوو، دەستنیشان کردبوو. مەزهەب و حەرەکەتە نێگەتیڤەکانی لەسەر بەرەوپێشچوون لەهەموو نووسینەکانیدا دەور دەبینێت. بۆیە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران لەسەردەمی ژیانی نووسینی هیدایەت تا بەئەمرۆ، کتێبەکانی ئەو بە تابۆ دەزانن.

حکومەتی پاشایەتی کە مەزهەبی وەکوو پارێزەری دەسەڵاتەکەی لەبندەستی کورسی حوکمرانی خۆی دانابوو، پێی خۆش نەبوو تا دڵی ئەو مەلا و ئاخوندانە برەنجێنێ کە لەدوای قسەکانی شادا دوعای تەمەندرێژییان بو شا و بنەماله و دەسەڵاتەکەی دەکرد. پێی ناخۆش بوو کە دانیشتوانی ئێران ریشەی مەزهەب و خورافە بزانن و بەدوای عیلم و زانستدا برۆن. بۆیە گەرچی کتێبەکانی ئەو لە حکومەتی پاشایەتیی بە تیراژێکی کەمەوە لەچاپ ئەدران، بەڵام بەبیانووی گلەیی زانایانی ئایینی لە زووترین کاتدا لە کتێبفرۆشییەکاندا کۆیان

دەکردەوە و بەکۆمەڵ لەلایەن حکومەتەوە دەسوتێندران.
لەپاش هاتنەسەردەوری حکومەتی ئاخوندەکان لەئێران، تەنانەت ناوهێنانی سادیقی هیدایەت بڤە بوو. پاش تیپەڕبوونی نزیك بە بیست ساڵ چەند کتێبی ئەو لەچاپ درا کە مەترسیی کەم بوو بو بیروباوەڕی دەسەڵاتدارانی ئیسلامیی کە ئەویش کەوتەبەر چەقۆی سانسۆڕی چاپ و ئەو جێگایانەی کە چزێکی لەدین وەشاندبوو چی وشە بووبایە و چی رەستە، لابرابوو و چەند خاڵی ڕەش لە جێگایان دانرابوو.
لەراستیدا مەزهەب و ئایین وەکوو سێبەر لەناو چیروکەکانی ئەو لەگەڕاندابوو. هەرچەند خۆی نەینووسیبوو، بەڵام هاوڕێیانی دەیانگوت کە سادیق هەمیشە لەهاتنەسەرکاری حکومەتێکی دینی لەئێراندا بەپەرۆش بووە و تەنانەت خۆکوژییەکەی ئەویشیان دایە پاڵ ئەوەی کە ئەو نەیدەویست ئێرانێك ببینێ کە مەزهەبییە توندرەوەکان لەسەر کورسی حوکم دابنیشن، چوون پێیوابوو کە ئیسلامییەکان حکومەت بەدەستەوە دەگرن و هەر لەوساڵانەدابوو کە گرووپی فیداییەکانی ئیسلام دەستیانکردبوو بە تیرۆر.
خوکوژیی لەناو نووسەرانی ئەو سەردەمەدا تەنیا بەرۆکی سادیقی هیدایەتی نەگرتەوە. ئەگەر هیدایەت خۆکوژیی جەستەیی کرد، ئەوا بەزۆر نووسەر و شاعیرانی پاش کودەتای ٢٨ی موردادی ١٣٣٢، یانی دووساڵ پاش مەرگی هیدایەت، دەستیان کرد بە خۆکوژیی ئەدەبی و پاش دەستڕاگرتنی دیکتاتورییەت بەسەر ئێراندا، ئەوان لە مەترسیی کوشتن و زیندان و ئەشکەنجە، لەنووسینی بابەتە شۆڕشگێڕانەکانی دوێنێیان وازیان هێناو و بەرەولای چیروکنووسین لەچەشنی هەزارویەك شەوەی بەغدا رۆیشتن و ئەگەر کەسانێك وەکوو ئەحمەدی شاملوو درێژەیان دا بە نووسینەوە، ئەمجار بەزمانی ئیستیعارە و ئیشارەت بوو.

***


لەرێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا کاتێك کە دورۆژ بەسەر شەستەمین ساڵی مەرگی سادیقی هیدایەت تیپەڕیبوو، ٣٩ کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران تەرحێکیان پێشکەش بە مەجلیس و رەئیسی ئەو مەجلیسە کرد کە لەو تەرحەدا هاتبوو: سووڕاندنی حەیواناتی مەترسیدار کە بۆ تەندروستیی گشتیی زەرەرمەندن یان ئەوەی کە "نجس العین "ن، وەکوو سەگ لە شوێنە گشتییەکان و ماشینەکانی گواستنەوە، قەدەغەیە.
لەدرێژەی ئەو تەرحەدا داوای جەریمەی نەغدیی بو ساحیبەکانیان و زەوتکردنی ئەو حەیوانانە کراوە. ئەم تەرحەی ئەوان یەك تێبینیی هەیە کە: وەزارەتی بێهداشتی راسپاردووە کە ناوی حەیواناتی " نجس العین " و هەروەها ئەوانەی وا بۆ تەندروستی گشتیی مەترسیدارن، ئاشکرا بکات. ئەم نوێنەرانە پێشتر سەگیان وەکوو حەیوانێکی مەترسیدار و "نجس العین" ناساندووە و ناساندنی حەیوانە نجس العین و مەترسیدارەکانی تریان خستۆتە ئەستۆی وەزارەتی بێهداشت.
ئیش و کاری وەزارەتی بێهداشت، چارەسەرکردنی نەخۆشی و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی نەخۆشییە لە هەموو دونیادا، کەچی لەئێراندا دەبێ بەدوای حەیواناتی"نجس العین"دا بگەڕێن.
ئەم نوێنەرانە لەدرێژەی تەرحەکەیاندا نووسیویانە کە :
" بەخێوکردنی پشیلە و سەگ لە ماڵان گرفتی کلتووریی و کۆمەڵایەتیی هەیە و وەکوو ئەوەی کە لەئێراندا هیچ گرفت و موشکلێکی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی نییە، جیا لەبوونی سەگ و پشیلەی ماڵی لە ماڵاندا.
حەفتاساڵ لەوەپێش، هیدایەت کتێبێکی نووسی بەناوی: "سەگی وێڵ"، کە ئەو کتێبە چەند کورتەچیرۆکی لەخۆگرتووە کەناوی یەکەمین چیرۆکی ئەو کتێبە هەر سەگی وێلە.
لەو کورتەچیرۆکەدا هیدایەت ئەو سەگەی وەکوو واقعێکی زیندووی ناوی کۆمەڵگە نیشان داوە. کۆمەڵگەیەك کە بیرۆکەی مەزهەبیی زالەبەسەر هەموو مێشك و بیرێکدا چۆن بەکردەوە دەردێت و چۆن هەڵسوکەوت و تەعامول لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرێ کە لەنێو حەدیس و ئایەتەکاندا نفرین و لەعنەت کراون .
لەم زەمەنەدا کە نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامیی ئێران تەرح و بەرنامەیەکی ئاوەها پێشکەش بە مەجلیس ئەکەن، با چاوێك بخشێنینە سەر چیرۆکی سەگە وێلەکەی هیدایەت. دەستپێکردنی چیرۆکەکە بەم شێوەیە:
"چەند دووکانی نانەوایی، قەسابی، عەترفرۆشیی، دوو چاخانە و یەك سەرتاشخانە کە هەمووی ئەوانە بۆ











دابینکردنی سەرەتایی ترین پێداویستییەکانی ژیانە، مەیدانی وەرامینی پێك هێیناوە".

لەیەکەم پەردەی ئەم چیرۆکەدا هیدایەت پێماندەڵێ کە چەند ئەو خەڵکە قانیع و شاکیر بارهاتوون و لەمەرکەز و ناوەڕاستی ئەوشارەدا بەتەنیا هەر ئەم چەند دووکانە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ئەوان بەسە و لەوە زورتریان ناویت، بۆیە وابارهاتوون .

لەدرێژەی چیرۆکەکەدا هاتووە:

"ئینسانەکان، دوکانەکان، دارەکان و حەیوانەکانیش لەکار و حەڕەکەتدا پەکیان کەوتبوو. کەشوهەوایەکی گەرم بەسەریاندا قورسایی دەکرد و توزێکی نەرم لەپێش ئاسمانی شین باڵی لێدەدا و هاتوچووی ئۆتۆمبیلەکان، خەستیی ئەو تۆزەی زۆرتر دەکرد."

ئەم کەش و هەوا گەرمە لەتاقەت بەدەرە هەر ئەو بیرۆکەی زاڵ بەسەر ئەو خەڵکەیە کە ژیانی لەئەو چەند شتەدا کۆ کردۆتەوە و قورسایی بەسەریاندا ئەوەندەیە کە دەتوانێ لەهەر ئامرازێك وەکوو تۆقاندن و گرتن و کوشتن کەڵك وەربگرێ کە تەنانەت دارودوکان و گیانداریش لێی بترسێت و تۆزی دیکتاتورییەتی ئەوەندە خۆی هەڵبکێشێ کە ئاسمانیشیان لێڵ بکات. ئیشارەتی هیدایەت بە ئۆتۆمبیلەکان و هاتووچوویان دەتوانێ ئەو دەزگا دەوڵەتییە بێت کە کاری ئیجرایی لە ئەستۆیە و خەستیی و خەفەقانی تۆزەکە زۆرتر دەکات.

" تەنیا بینایەك کە جوان دەهاتە بەرچاو، قەڵابەناوبانگەکەی وەرامین بوو کە ناوقەدی لوولەیی درزی تێکەوتووی بەسەرێکی هێرەمی یەوە دیاربوو.

چۆلەکەکان لە توێی ئاجورە رژاوەکانی ئەو قەڵایەدا هێلانەیان کردبوو. ئەوانیش لەبەر تینی گەرمادا بێدەنگ ببوون و سەرخەویان دەشکاند. تەنیا دەنگی نالەی سەگێك جاربەجار بێدەنگییەکەی دەشکاند"

ئەم بینایە کە هیدایەت بەجوانی وەسفی دەکات، بینایەکە کە مێعماریی و بیناسازیی ئیسلامیی تێدابەکارنەهاتووە. لەمێعماریی ئیسلامیدا هەموو ناوتاقی درگا و پەنجەرە و سەرووی بینا بەرزەکان وەکوو گومەز و میحڕاب دروست دەکرێن. لێرە ئەم بینایە سەری هێرەمی یە.

چۆلەکەکانیش کەلەپەنای ئەو ئاجور و خشتانەدا پەنایان گرتووە و لە دەوروبەر و سەرووی گومەزەکاندا

هێلانەیان دروست نەکردووە. ئەوانیش کە جۆرێکی دیکە بیردەکەنەوە، لە تینی گەرما بێدەنگن و ناوێرن فززە بکەن، واتە خەفەقان و بێدەنگ کردنەکەیش زالەبەسەر ئەوانیشدا. لێرەدا چیرۆکەکە دەگاتە ئەوەیکە جاربەجارێك ناڵەی سەگێك نەك وەڕینەکەی، بێدەنگییەکە دەشکێنێت.

ئەو ناڵینە، ئێعترازە بە زوڵم و زۆری. لەبەر نانەوایی لێدانی، شاگردی قەساب بە بەرد و شۆفێرەکان بەشەق، ئەو پێشوازیە کە لەم سەگە دەکرێ، لەمەیدانی شاری وەرامین.

لەناو چاوەکانی سەگەکەدا پاڕانەوەیەك بوو بەڵام کەس نەیدەبینی و کەس نەیدەزانی بۆ لێیان دەدا؟؟

هیدایەت وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

" هەموو بۆ ڕەزای خودا لێیان دەدا و بۆ ئەوانیش شتێکی زۆر ئاسایی بوو. سەگێکی نەجس و سپلۆت کە مەزهەب نفرین و لەعنەتی لێکردووە و حەوت گیانی هەیە بۆ خێر بیچزێنن"

بۆ ئەو ٣٩ نوێنەرەیش کە لەمەجلسی ئێران شتێکی زۆر ئاساییە کە پێشنیاری شتێکی وەها بکەن چونکوو بۆخاتری خودایە و سەواب و خێری بەدواوەیە. لەکاتێکدا کە رۆژبەرۆژ ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران نالەبارتر دەبێ و ژیانێکی تاڵ بەسەردەبەن، ئەم نوێنەرانە ئەم تەرحەیان بەپێویست زانیوە و هیدایەت لێرەدا ناوەستێ و درێژە دەدا بە باسکردن لە نەخشەیەك کە کۆمەڵگایەکە بە دەستی کەسانێکی ئاوەهاوە:

" لەوکاتەوە کەوتبووە ناو ئەم جەهەننەمە. دوو زستان بوو کە پڕ زگێکی تێر نانی نەخواردبوو. خەوێکی ئاسوودەی نەکردبوو. هەست و شەهوەتیان لەناخیدا خنکاندبوو و کەسێك نەبوو دەستێك بەسەریدا بکێشێ."

هەروەکوو ئێرانی ئێستا کە برسییەتی و هەژاریی دەستی بەسەر خەڵکیدا ڕاگرتووە. بە گرتن و زیندان و ئیعدامی هەر ڕۆژەیان، خەونی ئاسوودەیان لە خەڵکی حەرام کردووە و بە دەستی پاسدارانی "امر به معروف و نهی از منکر" ، خۆشەویستیی و خۆشویستن مەحکووم دەکرێ.

ئەو وێنەیە کە هیدایەت هەشتاساڵ پێش ئێستا بیری لێ کردۆتەوە، ئەم دیمەنەی ئێستایە کە ئەمڕۆ لە ئێراندا دەبینرێت.

پات ناوی ئەو سەگەیە لە چیرۆکەکەی هیدایەتدا. کاتێك هەست بە بۆنی سەگێکی مێ دەکات و لەرێگای جۆگەئاوێك لەژێر دیواری باخێکەوە بۆلای ئەو سەگە مێیە دەڕوا، بەدار و دەستەی بێڵ خاوەنەکانی ئەو سەگە مێیە بەردەبنە گیانی پات و هەر لەو ڕێگایەوە وەدەری دەنێن. بۆ دووهەمجار کە پات دەیهەوێت بۆلای ئەم سەگەی مێیە بڕواتەوە، دەبینێت کە ڕێگای باریکی جۆگەی ئاوەکەیان بە بەرد هەڵچنیوە. ئەو بەردانەی کەلەناو ئەو جۆگە ئاوە دیوارێکیان تەنیوە و ئەو دیوارە هەر ئەم دیوارەیە کە ئەمڕۆ لە زانکۆکانی ئێرانەوە دەبێ لە کلاسەکانی وانەوتنەوە لە نێوان کوڕان و کچاندا دروست بکرێت. هەر ئەو جیاکردنەوەی کورسی ژنان و پیاوانە لەناو ئۆتوبووسی شارەکاندا. تاکوو ئەوان نێوچاوانی یەکتر نەبینن، چونکوو گوناحە و نامەحرەمی یەکترن. ئەمیش هەر ئەو تەرحانە بوو کە نوێنەرانی مەجلیس و دەسەڵاتدارانی ئیسلامیی ئێستا و پێشووی ئێران پێشنیاریان کردبوو. پاش ئەو هەموو لێدانە لەپات کە خۆشی نازانێت بۆ لێی دەدەن.

" لەم کاتەدا یەکێك لە ئۆتۆمبیلەکان بە دەنگە دەنگ و تەپوتۆزەوە هاتەناو مەیدانی وەرامین و پیاوێك لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و بەرەولای پات چوو و دەستێکی سەریداهێنا. ئەو پیاوە خاوەنەکەی ئەو نەبوو. بەڵام چون کەسێك پەیدابوو بەزەیی پێداهاتبوو و نازی کێشابوو؟ پات کلکی جووڵاند و بەشکەوە سەیری ئەو پیاوەی ئەکرد. پات ئیتر تەوقی لەملدا نەبوو تا نازی بدەن. ئەو پیاوە هەڵگەڕاوە و دیسان دەستی بەسەریدا هێنا. پات بەشوێنیداچوو. بۆ پات زۆر سەیربوو. ئەو پیاوە چووە ژوورێك کە ئەو باش دەیناسی و بۆنی خواردەمەنییەکان لەوێ دەهاتە دەرێ. بۆ پات نانی گەرم و ماست و هێلکە و خواردەمەنییەکانی دیکەی هێنا. ئەو پیاوە لەتە نانی دەژەندە ماستەکە و دەیخستە بەردەمی. پات سەرەتا بەتوندی و دوایی هێواشتر لەتە نانەکانی دەخوارد و بەچاوە بۆرە جوانەکانی دەیڕوانییە ئەو پیاوە و بۆ دەستخۆشیی لێکردنی کلکی بۆ دەلەقاند. ئایا ئەو بەخەبەر بوو یان کەخەو بوو ئەیدی ؟؟! "

بەڵێ ئەمە دەرەنجامی پات، ئەو سەگەیە کە بێدەنگییەکەی لەناو مەیدانی وەرامیندا دەشکاند. نانیان ژەهراویی کرد و دەرخواردیان دا. بۆ تەرحە پێشنیارکراوەکانی ئەم نوێنەرانە ئەگەر تەسویب بکرێ، دەبێ هەر سێ قووەکەی دەوڵەت " مقننه- قەزاییە_ موجریە " بۆ لەناوبردنی ئەم سەگە ماڵییانە و جەریمەی ساحیبەکانیان بێنە مەیدان وەکوو چۆن سادیقی هیدایەت لەدوایین بەشی چیرۆکەکەیدا نووسیویە:

" لای ئێوارە سێ قاڵاوی برسی لەبان سەری پات دا دەفڕین. لەدوورەوە هەستیان بە بۆنی پات کردبوو. یەکێك لەو قاڵاوانە لەنزیك ئەودا نیشتەوە و جوان سەیری کرد. هەرکەزانی پات هێشتا نەمردووە، دیسانەوە هەڵفڕی. ئەم سێ قاڵاوە بۆ دەرهێنانی چاوە بۆرەکەی پات هاتبوون.

**خاکەلێوەی١٣٩٠**

***



# چێ گوارا ، ئوستورەی مرۆڤایەتی لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی و بەرابەری دا

نوسین و ئامادەکردن:هیوا ئەمانی

"دەستەکانم بۆنی گوڵیان لێدەهات، منیان بە تۆمەتی لێکردنەوەی گوڵ تاوان بار کرد، بەڵام هیچ کەسێك بیری لەوە نەکردەوە کە لەوانەیە گوڵێکم چاندبێ." چێ گوارا

لەسەر دیوار و پلاکاردی زانکۆکانی تەواوی دنیا ئێستاکانەش هەر دەنوسرێ:" چێ هێشتاش هەر زیندووە!" ئەو ئێستاش نەمادی رادیکالیسم و خەباتی یەکسانی خوازانەیە. ئێستاش لاوانی دنیا ئەو بە پێشەنگی خۆیان لە خەبات دا دەزانن. چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە سنورە نەژادیەکان تێپەر بکرێن و ئەمرۆ دوای تێپەر بوونی دەیان ساڵ لەساڵیادی گوللە باران کردنی چریکی رێگای ئازادی (( ئەرنەستۆ چێ گوارا )) هێشتاش یادی دەکەین و ئەزمونەکانی ئەکەینە تێشووی رێگامان. چێ گواراش مرۆڤ بوو، بەڵام جیاوازی لەگەڵ زۆربەی مرۆڤەکان "ئارمانە" بێ هاوتاکەی بوو، ئارمانێکی ئینسانی، کە لە رێگای ئارمانەکەی دا تا ئاخر هەناسە خەباتی کرد. ئارمانێك لە رێگای یەکسانی مرۆڤەکان، ئارمانێك بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم.

چێ گوارای ئەرژەنتینی نەتەنیا بەقەدەر فیدل کاسترۆی رێبەری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ٢٦ی جولای خۆشەویست بوو بەڵکو شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو دوای سەرکەوتنیش هەر ئەو ژیانە سادە و چریکیە و هەڵسوکەوتە شۆرشگێرانەیە بوو ئەوی کردە ڕووخسار و کەسایەتیەکی خۆشەویست، روخسارێك کە بە وێنەیەك لە کوردوای وێنەگری شۆرشی کوبا و مردنی ئوستورەی خۆی بوو بە وێنەی سەدەی ئێمە.

ئەرنەستۆ رافائیل گوارا دێلاسێرنا کە چریکەکان پێیان دەوت چێ، لە چاردەی ژوئەنی ١٩٢٨ لە ناوچەی رۆساریۆی ئەرژەنتین لە دایك بوو. ئەو یەکەمین منداڵی بنەماڵەیەك بوو کە رێشەی لە ئسپانیا و ئیرلەندا هەبوو. بەم شێوەیە خۆشەویستی شۆرشی لە هەر دوو وڵاتی باوانیەوە بە میرات وەرگرتبوو. باوکی وتبووی: یەکەمین ناسەرەوەی کورەکەم ئەوە بوو کە لە ڕەگەکانی دا خوێنی شۆرشگێری ئیرلەندی و سەرکەوتن خوازی ئیسپانیایی و خۆشەویستی وڵاتی ئەرژەنتینی تیایە. شتێك لە زاتی دا بوو کە ئەوی بەرە و خەتەر و شۆرش کێش ئەکرد.

چێی لاو لە بنەماڵەیەکی چەپ دا گەورە بوو، باوکی لایەنگری خوان پرۆن و سۆسیالیستەکان بوو وە هەر لە منداڵیەوە ئەرنەستۆ پێ بە پێی باوکی لە مەراسیم و کۆبوونەوە سیاسیەکان دا بەشدار بوو. لە مێر منداڵی دا لەگەڵ بوونی نەخۆشی و ئاسم لە جموجۆلە وەرزشیەکان دووری نەدەکرد و لە یاری ڕاگبی دا یەکێ لە ئەستێرەکان بەهەژمار دەهات و هەروەها لە شەترەنج دا لە نێوان خوێندکاران دا بوو بە قارەمان.

هەر لەو سەردەمەدا شێعر و ئەدەبیات بوون بە بەشێك لە ژیانی و عاشقی شاعیرانی چەپگەرایی ئامریکای لاتین لەوانە پابلۆنرۆدا و نوسەرانێکی وەك فدریکۆ گارسیا لۆرکا بوو، چێ تەنانەت لە ناو جەرگەی شەڕ و لە دارستانەکانی کوبا دا بەردەوام کتێبی شێعر و چیرۆکەکانی پێ بوو وە لە هەر مەجالێك دا خەریکی خوێندنەوەیان بوو.

لە ساڵی ١٩٤٨ چێ گوارا بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی پزشکی چوو بۆ زانکۆی بۆینس ئایرس. بەڵام لە کاتی خوێندنی دا ساڵێك ئیزنی وەرگرت بۆ ئەوەی وڵاتانی ئامریکای لاتین بگەرێ. لەم سەفەرەدا هاورێیەکی بە ناوی ئالبێرتا گرانادۆی لەگەڵ بوو وە بە ماتۆرێك وڵاتانی ئامریکای لاتین گەڕان. هەر لەم سەفەرەدا بوو کە ئیدە شۆڕشگێڕانەکانی گەشەی کرد و لە چاو ڕابردوو شێوەیەکی تری بەخۆ گرت. بینینی هەل و مەرج و ژیانی خەڵکی بێ دەسەڵات و فەقیر ئەوی زیاتر ڕادیکاڵ کرد و بەو باوەڕەی گەیاند کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە یەکسانی شۆڕشێکی چەکداریە. ئەو لە بیرەوەریەکانی خۆی دا کە ناوی نابوو "بیرەوەریەکانی ماتۆر سیکلێت"باسی لە هەل و مەرج و ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانە کرد. ئەو بیرەوەریانەی دوای چوار دەیە لە مردنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پڕ فرۆشترین کتێبی ساڵ بوو وە هەر لەم بیرەوەریانە فلیمێك ساز کرا هەر بەم ناوە. دوای ئەم سەفەرە دوورو درێژە گەڕایەوە بۆ زانکۆ و لە ساڵی ١٩٥٣ خوێندنی تەواو کرد.

ئەو لە ڕێگای یەکسانی خوازی دا وەکو چرێك لە کێوەکانی"سیراماسترا" (( وەکو پزشکێك لە خزمەت دەرمان کردنی ڕەنجبەران و زەحمەتکێشان دابوو لەگەڵ ڕێنوێنی و خەبات دا. )) وە هەروەك خۆی دەڵێ: "لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێ، بەڵام ڕێگەم بدەن دانی پێدابنێم کە شۆڕشی ڕاستەقینە بە عەشق و خۆشەویستیەوە بەرەو پێش ئەچێ و بە ئاکام دەگا. عەشق و خۆشەویستی بەرامبەر بە زوڵم لێکراوان و خەڵکی بەش مەینەت. ناومکینە کە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان بەدەربن لەم تایبەتمەندیە." ئەم بە هاوسەر و منداڵەکانی وت کە دەبێ لە ڕێگای خزمەت بە خەڵك و شۆڕش دا هەنگاو هەڵبگرن. ئەو وتانە تەنیا شوعار نەبوو بەڵکو لە کردەوەش دا بۆخۆی هەر بەم شێوەیە جوڵاوە. هەر لەم ڕووەوەیە کە چێ گوارا بوو بە ئوستورە، ئوستورەیەکی هەمیشە زیندوو.

چێ لە ژیانی دا لەگەڵ هەموو شتێك دا خەباتی کرد. لەگەڵ تاڵی و کێشەکانی ژیان دا. لە ئاسم و هەناسە سواریەکەیەوە بگرە هەتا خەبات کردنێکی بەر بڵاو لە دژی ئەمپریالیزم.

چێ گوارا باوەڕی وابوو کە چریکێك تەنیا بە شێوەیەك دەتوانێ کێشەکانی ژیان و شەڕی چریکی تەحەمول بکا کە ئاڕمانێکی بەهێز و پتەوی هەبێ. ئاڕمانەکەی بریتی بوو لە ئینسانیەت و سۆسیالیزم. ئارمانێك کە لە ژێر بینایەکی پتەو بەهرەمەند بوو، ژێر بینایەك کە وای کرد ئەو لە ڕێگای ئاڕمانەکانی دا گیانی لە دەست بدا. ئاڕمانێکی ڕاستەقینە کە دوورە لە خەیاڵ و خەباتکار بۆ شوێنێکی تر حەواڵە ناکا! بەڵکو بۆ ئەو هەست پێکراوە، ئاڕمانێك کە خەباتکار لە پێناوی دا بۆ دنیایەکی باشتر هەر لەم جیهانەدا خەبات داکا.

ئاڕمانی چێ گوارا رۆژێکە کە تەواوی دنیا دەبێتە یەك وڵات و ئیتر هیچ سنورێك لە نێوان وڵاتان دا بوونی نیە. وە ئەو رۆژە مرۆڤەکان بە حەسرەتەوە ئەڵێن: (( بریا لە ڕابردووشدا وەك ئەمرۆ جیهان وڵاتی من بوبایە. )) چێ گوارا سەرچاوەی هیوایەکە کە پێویستی سەرهەڵدانەوەی ئاڕمانە سۆسیالیستیەکان لە ناو دڵی لاوان، ژنان و کرێکاران زیندوو دەکاتەوە. چێ ئوستورەیەك لە مەیدانی تئۆری و کردەوەی مارکسیستیە کە لە مێژووی سەردەم دا کەسێکی تری وەك ئەو بوونی نەبوو. هەر لەبەر ئەوەیە کە "گابریێل گارسیا مارکێز" لەبارەی چێ وە دەڵێ: بۆ نووسینی ژیان نامەی چێ گوارا پێویستیم بە هەزاران ساڵ و یەك ملیۆن پەڕە هەیە.

چێ گوارا دوای بە سەرکەوتن گەیاندنی شۆڕش لە کوبا بۆ چەند وڵاتێکی تر سەفەری کرد و یارمەتی گروپە شۆڕشگێرەکانی ئەو وڵاتانەی ئەدا. دوا وڵاتێك کە چێ چوو بوو بولیڤیا بوو. ڕێبەری و ئاموزهکانی چێ لە سەرەتا دا سەرکەوتن گەلێکی زۆری بۆ شۆڕشگێڕانی بولیڤیای بەدەست هێنا. بەڵام لە سێبتامبری هەر ئەو ساڵەدا سوپا توانی چەند گورزێکی کاریگەر لە چریکەکان بدا وە دەوترێ کە چێ گوارا لەگەڵ گروپێکی بچوك لە یارانی بڵاو بوونەوە.CIA تیمێکی تایبەتی لە هێزەکانی سوپای ئامریکای بۆ کوشتنی چێ نارده ناوچەکە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوپای بولیڤیا بەشدار بوون و ڕێبەری جموجوڵەکەیان کرد. لە ٧ ئۆکتۆبەری ١٩٦٧، فلیکس رۆدریگز ئەفسەری CIA عەمەلیاتی گەمارۆدانی چێ ی ڕێبەری کرد کە بووە هۆی تێك هەڵچوون لەگەڵ چێ و چەند هاورێیەکی. چێ دوای ئەوەی بریندار بوو دەست گیر کرا، بەستیانەوە و بردیانە خوێندنگەیەکی نزیك ئەو ناوچەیە و رۆژێکی تەواو لە حاڵێك دا کە خەریکی دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ مەرگ بوو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا بەڵام چێ بێدەنگ بوو. شاهیدان ئەڵێن لەگەڵ ئەوەی کە بریندار بوو، چێ ڕاستەوخۆ چاوی لە چاوی لێکۆڵەرەوان دەکرد و سەری بەرز ڕادەگرت و داوای جگەرەی دەکرد. لە ٩ی ئۆکتۆبەر دا سەرۆك کۆماری بولیڤیا فەرمانی ئێعدامی چێ ی دەرکرد. سەربازەکان بۆ کوشتنی چێ لە




نێوان خۆیان دا هەڵبژاردنیان کرد و لە کۆتای دا سەرجوخە ماریۆ تران بردیەوە. فرمانیان پێ کرد بە جۆرێك چێ بکوژێ کەوا دەر بکەوێ لە شەڕ دا کوژراوە. چەند ساتێ پێش کوشتنی چێ سەربازەکان لێیان پرسی بیر لە جاودانی خۆت ئەکەیەوە، وتی نا بیر لە جاودانی شۆرش ئەکەمەوە. کاتێك کە سەرجوخە تران لێی نزیك بۆوە، چێ هاواری کرد: من ئەزانم کە هاتووی من بکوژی، کەواتە مەترسە تۆ تەنیا خەریکی پیاوێك ئەکوژی. تران سەرەتا تەقەی لە قاچ و دەستی چێ گوارا کرد و دواتر ٩ فیشەکی لە سینگی دا، دواتر رووی چەکەکەی لە گەروی چێ کرد و تەقەی لێکرد. لە کۆتای دا چێ سەعات یەك و دە خولەکی نیوەرۆ گیانی ئازیزی بەخت کرد.

ئێستا دوای تێپەر بوونی ٤٤ ساڵ بەسەر مەرگی ئەو رێبەر و مارکسیستە شۆرشگێرەدا بۆچوون و بیرو ڕا ئینسانیەکانی هێشتاش لە سەرانسەری دنیا دا بڵاو ئەبێتەوە. یاد و بیرەوەری چێ لە دڵ و زەینی هەموو مرۆڤە شۆرشگێڕ و ئازادی خوازەکانی دنیادا زیندووە.

***

# ئەدەبیات و ڕاپەڕین

ن: نوسرەت شاد
و: هێمن ئەمانی

لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕووس دا، خوێنەر شاهیدی سێ دەورەی ئەدەبی لە ڕۆشنگەری تا رۆمانتیك، لە رۆمانتیك تا دەورەی ریئالیزم، وە لە ریئالیزم تا دەستپێکی ڕاپەڕین، دەبێ. ئیمانوئێل ویگمەن لە کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی ڕووس دا جەخت لەوە دەکاتەوە کە قوتابخانەی ئەدەبی ریئالیزم، ئەدەبیاتی ڕاپەڕین بوو. ئەو ئیشارە بۆ چەند ڕاستیەکی مێژوویی ئەوکات دەکات و دەنوسێ کە لە ساڵی ١٨٥١ بە ئاگاداری پێشوی تزار ئەلێکساندری یەکەم، کە حاکمێکی لیبراڵ و ڕۆشنبیر بوو، تزار پاوڵی یەکەم، کە حاکمێکی تاکرەو بوو، دەکوژرێ. ئەم سەردەمە، کاتی داهێنانەکانی ئەدەبی پوشکین و بزوتنەوەی کۆمەلایەتی دێکابریستەکان بوو. بلینسکی، ڕەخنە گری ئەدەبی بەناوبانگ، دەستی دایە وەرگێڕانی بەرهەمە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا وەك: گۆڵد ئێسمیت، واڵتێر ئێسکات، بایرۆن، گوتە، شیلێر، فونتان، پارنی، هومێر، وە وەرژیل.

نیکلاوسی یەکەم کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٥-١٨٢٥ تزاری ڕوسیە بوو، لە سەردەمی دەسەڵات داریێتی خۆی دا حوکمی لە سێدارەدانی پێنج تێکۆشەری دێکابریستی دەرکرد. دێکابریستەکان دەیانوت کە لە ڕوسیە تاج و سەربازخانە بەسەر خەڵکدا حکوم دەکەن و سانسۆڕ تا سنووری ئابزۆرد بەرەو پێش چووە.

لەو سەردەمەدا لە ڕێگای بەرهەمەکانی گوگول، لێرمانتۆف، وە پوشکینەوە، ئەدەبیات بوو بە چەکێکی کۆمەڵایەتی. هێرتسن پێشبینی کارانە دەنووسێ کە چونکە حاکمانی ئازادیان لە خەڵك دزیوە، ئەدەبیات تەنیا تریبونێکە کە دەکرێ لێوەی هاوار بکەین. ڕەخنە گرانی ئەدەبی ئیشارە دەکەن بە دەوری پوشکین، گوگول و لێرمانتۆف لە گەشەی ڕۆمانی روسی و تێپەڕینی ئەدەبیات لە رۆمانتیکەوە بۆ ریئالیستی. پوشکین لەنێوان ساڵەکانی ١٨٣٧-١٧٩٩دا دەژیا. لەو کاتەدا بلینسکی هێزێکی نوێی، بەخشی بە هەوڵی ڕەخنەی ئەدەبی و نووسەرانی قوتابخانەی ئەدەبیاتی سروشتی و قەڵەم بەدەستانێکی وەك گوگول، لێرمانتۆف، و پوشکین کە ڕێگایان بۆ قوتابخانەی ریئالیزمی لە ڕوسیە خۆش کرد. جگە لە هەڵسوڕانە ژورنالیستیەکان لەم دەورەیەدا، ئەدەبیاتیش دەستی کرد بە باس کردنی پرسیارگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. نوسەرانێکی وەك هێرتسن، چرنیشفسکی و دوبرۆلیب لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە، ڕێگایان بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی خۆش کرد.

لە ئاکامدا کاتێ کە لە ساڵی ١٨٥٥ ئالێکساندری دووهەم و چاکسازیەکانی جێگرەوەی نیکلاوسی یەکەم بوو، ڕووسیە هەناسەیەکی تا ڕادەیەك تازەی هەڵکێشا. لەو سەردەمەدا پۆپۆلیستەکانیش چوونە ناو شۆڕشی کۆمەڵایەتیەوە و دەیانویست ڕووسیە لە ڕێگای ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتیەوە ڕزگار بکەن. پۆلخانۆف بە ئاماژە دان بە ئەوان دەیوت کە تیرۆری تاکی دەسەڵاتداران دەوری ئەرێنی شۆڕشگێڕانەی نییە. لێنین لە ساڵی ١٩٠٣ بۆ یەکەمجار باسی لە شۆڕشگێڕانی تێگەیشتوو و لێزان کرد کە لە ڕێکخراوێکی پۆڵاییندا، هەڵسوڕانی سیاسی کۆمەڵایەتیان هەیە.

ئەمرۆکە باس لەوە دەکرێ کە لەڕێگای بەرهەمی ئەدەبی تۆرگنیفەوە، خوێنەر زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە ڕووسیەی پێش ڕاپەڕین و دوای ئەو بەدەست هێنا. نووسەران دوای ریفۆرم، پێش ڕەوانی ڕۆمان و ئەدەبیاتی پرۆلیتاری سەدەی بیست بوون. لە دیەی ٥٠ی سەدەی ١٩، قوتابخانەی ئەدەبی "هونەر بۆ هونەر"یش لە ڕووسیەی تزاری بە شێوەی قوتابخانەیەکی سەربەخۆ کاری دەکرد. لە کۆتایی ئەو ساڵانە دوو نوسەری گرنگی ڕووس وەك داستایوڤسکی و تۆلستۆی کە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا، نازناوی غولی ئەدەبیان وەرگرتووە، دەستیان کرد بە خولقاندنی ڕۆمان و ئەدەبیاتی نەمر.

***

# facebook و جهانشاری ئەمرۆ

ناسر حەقپەرەست

فەیسبووك بۆتە ئاوێنەی باڵانوێنی دیاردەکانی ئەمرۆکە کە لە ژێر چەمکی راگەێنەرە کۆمەڵایەتییەکاندا ریزبەندی دەکرێن. راگەێنەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەو بڵاوکراوانە ئەوترێت کە خاوەن سێ تایبەتمەندین:

یەکەم: ناوەرۆکی ئەوان نەك لەلایەن نوسەرانی پیشەیی و رێکخراوی بڵاوکراوە باوەکانەوە، بەڵکو لەلایەن هاووڵاتیانی ئاساییەوە بەرهەم دێت.

دووهەم: گۆرانکارییە تەکنۆلۆجییەکانی ئەم دواییە بەتایبەت لە بوارەکانی پێوەندی، زانیاری، ئینتەرنێت، مۆبایل و... بوونەتە رێگەخۆشکەری سەرهەڵدانیان. لە ئاکامدا هەڵگری جۆرێك لە هاورێیەتی و سواربوونی پێشکەوتووترین، گەشەکردووترین و رۆژانەترین دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیشە.

سێهەم: راگەێنەرە کۆمەڵایەتییەکان هاوکات راگەێنەر و تۆری پێوەندی کۆمەڵایەتیشن. ئەوان راگەێنەرن، بەو مانایەی کە دەکرێ لە رێگای ئەوانەوە هەر دەق و دەنگ و رەنگێك بڵاو بکەیتەوە. هەروەها هەر تاکێك دەتوانێ کۆرو کۆمەڵی خۆی تێیاندا سازبدات و یا ببێتە ئەندامیان.

ئەو دیاردەیە بەنیسبەت رابردوو بەخێرایی پەرەی سەندووە. جاران دەتتوانی وێبلاگێکت هەبێت و ئەویش ئەگەر خاوەن لینك نەبوایەتی بێسود بوو. تەنیا لەو شوێنانەشەوە لینکت پێدەدرا کە هاورا یا هاوشێوەت بونایە. بەڵام ئێستا فەیسبووك هەموویانی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە.

ئێستا فەیسبووك بووەتە ماڵەگەورەکەی هەموان. هەرکەسەو بە پێی توانایی و ئیمکانی خۆی تێیدا بەشدرا و دیارە، بووەتە شارێکی ئەفسانەیی و لەهەمانکاتیشدا جیهانی. هەروەك گۆرەپانە دێرینەکەی ئاتێن سەکۆیەکی بە هاوڵاتیانی داوە تا هەرکەسەو قسەی دڵی خۆی بکات، دەق، دەنگ و رەنگەکانی خۆی بێ کەموکوری بڵاو کاتەوە و لەوەش زیاتر لە رێگای پێکهێنانی کۆروکۆمەڵی جۆراوجۆرەوە کە تێیاندا بەشدارە دەستبداتە رێکخستنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری. هەرچی لەو جیهان شارەدا دەگوزەرێ لێی ئاگادار دەبیت، کات دەقۆزیتەوە و شوێن پەرەپێدەدەی. گەرچی سامناکە بەڵام هەر لێرەوەیە کە گەشەکردنێکی خێرا بەرەو دەروازەیەکی تەنگەبەر گوزەر دەکات. بەو مانایەی کە ئێستا تەنیا دەبێ لە فەیسبووکدا ئەندام بیت، تا هەبیت، تا بخوێندرێیتەوە، ببیندرێیت و تۆش هاووڵاتیان ببینیەوە، بیانخوێنیتەوە و یەکبگرنەوە. جیهان شارێك کە لە دونیای ئەمرۆکەدا هاوڵاتی نەبوونی گەلێك دژوارەو بێبەشییەکی گرانە.

ئەم جیهان شارەش گشتی لە کەلێنی وێب سایتێکەوە دەکرێتەوە. وێب سایتێك کە نەك بۆ بەرژەوەندییەکانی تۆ بەڵکو بۆ خزمەت بە کەڵەکە کردنی سەرمایە کەوتۆتە رێ. جارێك بە بۆنەی بەشدارانی زۆرەوە پارەیەکی خەیاڵی لە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان وەردەگرێت کە تەنانەت لەماوەی قەیرانی ئابووریشدا بەبرەو بووە. جارێکیش بە دۆزینەوە باشاترین توێژی بەشداربووانی بۆ کاڵای دیاری کراوی خۆی، بازاری سەرمایەداری خۆشتر دەکات. ئەویش کاڵایەکە بۆ پێشکەشکردنی کاڵاکانی ترو بەرهەمی



مێژوویی بەرهەمهێنەرانی زانست و تێكۆشانی تابەمرۆی مرۆڤە و ئێستاش بە پشتیوانی سەروەت وسامانەوە لەدەست كۆمپانیایەكی دیاری كراودایە. هەروەك یاهوو، گوگڵ... ئەوانە بە چەشنێكی زەق و سەرسامكەر نمونەیەكن لە ئادۆلۆژیای سەرمایەداری. ئەگەرچی ئەوانە بوونەتە ماڵەگەورەی بەیەك گەیشتنەوەمان، بەڵام بێ ئێمەش بێ بایەخن، چونكە بێ داهاتن.

لە لایەكی تریشەوە ئەو راگەیێنەرە كۆمەڵایەتیانە بۆ كۆمەڵگای ئێمە دەبێ ببێتە دونیای بەیەكگەیشتنەوە و رێگە چارە دیتنەوە. تا بتوانین قەرەبووی كات و شوێنی لەدەستچووی خۆمان بكەینەوە. جێگەوپێگەی ئەمرۆمان شیاوی ئەو سەردەمە نییە، هەژاری، بێكاری و بێ ئاییندەیی لە زۆر شوێن تا ئاستی بێبەشی لە ئینتەرنێت و فەیسبووك، ونبوونێكی رەشتری لە بێبەشی لە جیهانشاری تۆرە كۆمەڵایەتیەكان بە شوێنەوەیە.

جیهانشارێكی وەك فەیسبووك باشترین ماڵە تا یەكتری تێدا بدۆزینەوە، بخوێنینەوە، خۆمانی تێدا گەشە پێبدەین و ئامانجی روون و دیاری كراوی خۆمان بگرینە بەر.

ناكرێ چیتر لە وەها سەردەمێكدا دیكتاتۆری، گەندەڵی و نارەوایی تەحەمول بكرێت و كۆمەڵگە لەسەر چۆن گەیشتن بە ئارامی و ئاسایش و ریفاهی كۆمەڵایەتی ساخ نەبوویێتەوە. كات بۆ ئەزموون و خەتا نەماوە. ئێمە نەوەی سیزێف نین، نەوەی جیهان شاری ئەمرۆكەین.

سەرچاوە/شمارە ٧٨ نشریەی (خیابان)

***



# هەیزێل دیکێنز، گۆرانیبێژی ژنانی کرێکاری ئەمریکا!

ن: سۆهەیلا دێهماسی
و: پێشەنگ



"هەیزێل دیکێنز" ژنە گۆرانیبێژی مۆسیقای محەلیی ئەمریکا لە ٢٢ ئاوریل ٢٠١١ بەهۆی نەخۆشی زات الریە لە تەمەنی ٧٥ساڵیدا گیانی لەدەستدا. ئەو لە ساڵی ١٩٣٥ لە بنەماڵەیەکی کرێکاریی لە ویلایەتی ویرجینیا لەدایك بوو. لە سەرەتای ژیانیەوە لە نزیکەوە لەگەڵ رەنج و ژیانی چینی کرێکار ئاشنا بوو. ئەو ژیانی خۆی لە بنەماڵەیەکی ١٣ کەسیدا دەستپێکرد کە بەناچار دەبوایە لە ماڵێکدا بە ژوورێکی خەوتنەوە پێکەوە ژیابان. براکەی کرێکاری کان بوو و خوشکەکەشی کلفەتی ماڵی بەرێوەبەری کانەکە بوو. کاتێك کە لە دەیەی ١٩٥٠ پیشەسازی بەردی خەڵووز توشی شکستی هات، بنەماڵەی هەیزێل_یش وەك هەزاران کرێکاری دەرکراوی ویلایەتەکانی باشوور، بۆ دۆزینەوەی کار روویانکردە ناوچە پیشەسازییەکانی باکووری ئەمریکا. لەوێ هەیزێل_یش لە کارخانەیەکدا خەریکی کرێکاریی بوو. ئەو دواتر کە روویکردە هونەر و بوو بە گۆرانیبێژێکی ناودار گەلێك جاران لە بیرەوەریەکانیدا باسی لە دژواری ئەو ساڵانە کردووە. بۆ وێنە لە وتووێژێکدا وتبووی: "حەقدەستی کرێکاران لەوکاتدا ئەوەندە کەم بوو کە دوای کرینی بابەتە خۆراکییە پێویستەکان، ئیتر پارەت لە گیرفاندا نەدەما. بەتایبەت بۆ ئێمە کە کرێکارێکی لاو بووین تەنانەت پارەی هەرزانترین کاتبەسەربردنەکانی وەك سینەماشمان نەبوو." ئەو لە چاوپێکەوتنەکانیدا بە چەندین جار باسی لە:"حەقدەستی کەموکورتی ئەوان کە تەنیان نانێکی مەرەومەژی بۆ دابین دەکردن و بەتایبەت بێمافیەکانیان بەنیسبەت کرێکارانی پیاو، هەروەها ملدانی کرێکاران بەو بێمافیانە، بەهۆی ترس لە بێکار بوون" کردووە.

هەیزێل چالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە دەیەی ١٩٦٠ بە وتنی ئاوازگەلێکی محەلیی پر گروتین بۆ وەسف کردنی ژیانی پر رەنج و ئازاری کرێکارانی کانەکان و بەتایبەت ژنە کرێکارەکانی ناوچەی ئاپاچی، دەستپێکرد.

کرێکاریی بوونی بنەماڵەکەی و خۆی، لە ئاکامیشدا پەیبردن بە راستییەکانی ژیانی کرێکارانەوە، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ژیانی هونەریی هەیزێل دانا، بەچەشنێك کە توانی ئەو کاریگەریانە بەرێتە ناو هونەرەکەیەوە و بەم هۆیەشەوە بوو بە یەکێك لە باشترین گۆرانیبێژەکانی مۆسیقای محەلیی ئەمریکا کە لە چینی کرێکار و ژیانی پر ئێش وئازاری ئەوان دەدوا. لەم بارەیەوە دەلێ:" ئەگەر کەسێکی ئایینی بومایە، ئایینی من ئەو هەستە قووڵە بوو کە بەرامبەر چینی کرێکار هەمە."

لە پاش ماوەیەك دوای کاری هونەریی، لەگەڵ گۆرانیبێژێکی تری رووناکبیر بە ناوی "مایك سیگێر" و هاوسەرەکەی "ئالیس جرارد" ئاشنا بوو و کارکردنی هونەریان پێکەوە بووە هۆی گەشەکردنی هونەریی هەیزێل. "مایك سیگێر" بەهۆی دژایەتی لەگەڵ شەری کۆریا، دوورخرایەوە و ناچار کرا بە کرێکاریی لە نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشی سیل. ئەو و براکەی "پیت سیگێر" لە گۆرانیبێژە جەماوەری و رووناکبیریەکانی ئەمریکا بوون.

یەکێك لە جوانترینی ئەو ئاوازانەی کە هەیزێل و ئالیس پێکەوە وتیان، گۆرانی "مەلە بچکۆلە جوانەکە"یە. لەو ئاوازەدا کە بە چەشنێکی سەمبولی لە وەسفی ئەو کرێکارانەدا وتراوە کە لەهەوڵدان خۆیان لە رەنج و کوێرەوەری ژیانی کرێکاری دەربازکەن، هەیزێل بە دەنگە جوانەکەی دەڵێ:

**"بفرە، ئەی مەلە بچکۆلە جوانەکە**
**... بفرە، بەرزتر لە کوێستانی تاریک،**
**بفرە بەرەو ئەو جێیەی**
**ئازاد دەبی**
**ئازادییەکی ئەبەدی**
**بفرە، ئەی مەلە بچکۆلە جوانەکە**
**بفرە،**
**بەرەو دوور، دوور**
**تا ئەو شوێنەی کە ئیتر**
**لە بای سەردی زستان**
**خەبەرێک نییە"**

ئەو ئاوازە لە زمان کەسێکەوە دەوترێت کە لە پشت "کوێستانی تاریك" (کە هێمای ژیانی پر رەنجی کرێکارانی کانەکانی بەردی خەڵووزە) ماوەتەوە و هیوای بە داهاتووی ئەوانە هەیە کەوا لە هەوڵی دەربازبوون لەو هەلومەرجەن.

ئەو کاتەش کە هەیزێل براکەی بەهۆی شێرپەنجەی ریە (کە زۆرێك لە کرێکارانی کانەکانی بەردی خەڵووز دووچاری دەبوون) لەدەستدا، لەیادیدا ئەم ئاوازەی دانا:


**"لە ماڵێکی هەژارانەدا**
**لە قوڵایی سەرزەمینی رەنج و برسیەتیەکان،**
**لەو شوێنەی کە شانازیی نامۆیە بە مرۆڤ،**
**نامۆیە بە پیاوێکی**
**فەنا کراو.**
**لەو شوێنە کە**
**رۆح و گیانی مرۆڤ**
**گلاوەتە تەپوتۆزی بەردی خەڵووز،**
**تا دواسات،**
**تا ساتی داتەپینی جەستەی گەنیوی.**
**لەو شوێنەی کە هاودەمێکی نییە،**
**ئەو پیاوە فەوتاوە،**
**جگە لە سییە رەشە لە کارکەوتووەکانی.**

هەیزێل لە ئاوازە جوان و پرهەستەکانی خۆیدا لە ژیانی ئەو کرێکارانە دواوە کە لە شارەکان بەهۆی داخرانی کارخانەکان نابوود بوون، لە تەقینەوەی کانەکان و کوژرانی کرێکاران... بۆ وێنە ئاوازێکی لە بابەت کوژرانی ٧٨ کرێکار لە تەقینەوەی کانی "منینگ تاون"١٩٦٨ دانا. لە گۆرانییەکانی خۆیدا باس لە رەنجە بێ هەژمارەکانی بنەماڵە کرێکارییەکان دەکات. هەروەها باس لە ژیانی ئەو کرێکارە لاوانە دەکات کە سەرەرا دەستپێکردنی سەرەتای خۆشەویستی لە ژیانیاندا بە هۆی هەژاری و گرفتی ئابووریەوە ژیانیان هەڵدەوەشێت.

لەو رووەوە کە زۆرێك لە ئاوازەکانی هەیزێل لە بابەت ژنانی کرێکارەوەیە، هێندێك ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەو فێمینیستە. بەڵام هەیزێل هەمیشە ئەو مەسەلەیەی رەتدەکردەوە. بۆ وێنە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤارێکی تایبەت بە ژنانی هونەرمەند، لەمبارەیەوە وتی:" بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە، من ناتوانم دەرد و ئازارەکانی ژنانی کرێکار لە پیاوانی کرێکار جیا کەمەوە. دەزانم کە ژنان هەمیشە ژیانێکی دژواریان بووە و ئەوش وابزانم تا داهاتوویەکی دوور درێژەی دەبێت. چەوساوەترین مرۆڤەکان، هەمیشە دژوارترین ژیانیان دەبێت. بەڵام بێجگە لە خۆمان، هیچکەس رزگارمان ناکات. ئەو (رێگا دەربازبوونە) شەر و خەباتە. بەمپێیە من جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ناوخۆماندا (ژنان و پیاوانی چینی کرێکار) نابینم. کەواتە شەر و خەباتی ئێمە، شەر و خەباتێکی هاوبەشە."

گەرچی هەیزێل هێندێك کات رەخنەی لە رێبەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان دەگرت، بەڵام بەردەوام پشتیوانی لێدەکردن (بەتایبەت یەکێتیەکانی کرێکارانی کانەکان). ئەوش دەرخەری ئەوەیە کە هەیزێل هیچکات وەها هوشیاریەکی سیاسی و تیۆری دەستەبەر نەکرد کە بتوانێ بە قوڵی لە ناوەرۆکی راستەقینەی یەکێتییە کرێکاریەکانی ئەمریکا بگات. سەرەرای ئەوانەش لە ئاوازەکانی هەیزێل دا هەستێکی وەها راستەقینە و بەرچاو هەیە کە لایەنی نارەزایی ئەوان لە زۆرێك لەو سرودانەی (بە زمانی ئینگلیسی) بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتییە کرێکارییەکان نووسراوە، بەهێزتر دەکات.

هەروەك دەزانین لە ساڵەکانی رابردوودا لە کانەکانی سەراسەری جیهان، بە هەزاران کرێکار لە رووداوی مەرگاویدا گیانی خۆیان لەدەستدا. لەمبارەیەوە ئەمرۆکە گۆرانیەکانی هەیزێل کە بە جوانی لە رەنج و ئازارەکانی کرێکارانی کانەکان دواوە، زیاتر لە پێشوو لە ناو کرێکاراندا دەوترێتەوە. ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندانەی هونەرەکەی خۆیان دەخەنە خزمەت چینە چەوساوەکان، هەرگیز فەرامۆش ناکرێن و کاری پربایخی ئەوان بەردەوام لەگەڵ پێشوازیی چەوساوەکاندا رووبەروو دەبێتەوە.



# سینەمای تارکۆڤسکی

## جیهانێکی میتافیزیکی و خەونێکی بێ سنوور

**نووسینی: حمید عقبی**
**وەرگێڕانی:سەباح ئیسماعیل**

ئەنگمار بێرگمان دەڵێت: ئەگەر فیلم خەون نەبێت، ئەوا دیکۆمینتارییە، تارکۆڤسکی لە هەمووومان مەزنترە، چونکە دەمانباتە خەونێکی بێ کۆتاوە.. هەندێك پێیان وایە فیلمەکانی ئەندرێ تارکۆڤسکیی دەرهێنەری ڕووسی قورس و پەنهانن، لەسۆنگەی پابەند نەبوونیەوە بەگێڕانەوەی لۆژیکیی ڕووداوەکانی فیلمەکانییەوە، تارکۆڤسکی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە فیلم تەنیا حەکایەت، یاخود ئامۆژگاری و گوتاری کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها بەلای ئەوەوە پیشەیەك نییە بۆ بژێوی ژیان، یاخۆ بەدەستهێنانی قازانجی مادی.

ئەم هونەرمەندە دڵسۆزیی زۆری بۆ هونەری حەوتەم نواند، لە ناو پێخەفی نەخۆشیدا دوور لە خێزان و نیشتیمانەکەی ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس بەدەستکورتی گیانی لەدەستدا، بەڵام سامانێکی هونەریی بۆ مرۆڤایەتی جێهێشت، تارکۆڤسکی بەنەمری دەمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە فلیمێلێکی زۆری دەرهێناوە، بەرهەمەکانی حەوت فیلمن، کە لە شیعرەوە نزیکترن وەك لە سینەما.

سینەمای تارکۆڤسکی گەشتێکی دڵگیری خەونێکی پەرجوودار و جیهانێکی میتافیزیکیی بێ سنوورە، بینەری فیلمەکانی دەبێت ئامادە بێت و خۆی وەکو سەرنشینی شەمەندەفەر بێتە بەرچاو بەتەنیشت پەنجەرەکەوەیە.

بە گەشتێکی کورت بەفیلمی ستلکەردا هەوڵدەدەین جیهانی تارکۆڤسکی بدۆزینەوە، کە دوا فیلمی بوو لە ڕووسیا، ساڵی ١٩٧٩ دەریهێنا.

ستلکەر کاراکتەرێکی خەوخۆش و شێواوە، لە جیهانێکی تەنگدا، کە بەپارە ئابلۆوقە دراوە هەست بەدڵەڕاوکێ دەکات، ستلکەر لەگەڵ ژنەکەی و کیژە کەمئەندامەکەیدا لە ماڵێکی خاکەڕاییی و خاڵی لە دیکۆر و کەشخەییدا دەژێت، کەشەکە ڕەنگی تاریك و خەمهێنەری لە خۆ گرتووە، ڕەنگی خاکی لە هەندێك شوێندا بەهێزەوە هەژموونی لەسەر شوێنەکانی ڕەنگی سپی و ڕەشدا جێهێشتووە، سەرەتایەکن بۆ شوێنی داخراو، ژووری نووستن، سێ کاراکتەر بەدەردەکەون، ستلکەر، ژنە و کچە، لەسەر قەرەوێڵەیەکی یەك نەفەری نووستووە لە مەرگ دەکات، شوێنەکە بیرۆکەی

بەندیخانەت بیردەخاتەوە، تەنیا پەنجەرەیەکی تێدایە، کە سەرچاوەی ڕووناکی و دەنگە، دەنگی شەمەندەفەر خوازەیە بۆ بیرۆکەی سەفەر و هەڵاتن وەکو تاقە شێواز بۆ قوتاربوون لە واقعێکی ترسناك و توند.

لە کاتی نووستندا هەر کاراکتەرە و دۆخی جیا لەوی دی هەیە، ئەمەش ئەوەت لا دروست دەکات، هەر کاراکتەرە و بۆچوونی خۆی هەیە جیا لەوی دی سەبارەت بەگەردوون و بوون. ماڵ خوازەیە بۆ وێنەی ڕووسیای نیشتیمان، ستلکەر زۆرێك لە تارکۆڤسکییەوە هەڵدەگرێت، دەرهێنەر لە ساڵانی دواییدا وای لێ هات وای هەست دەکرد لە زینداندایە، لە سۆنگەی ئابلۆوقە و ئەو چەوسانەوەیەی بەدەست دەزگە فەرمییەکانەوە دەیچێشت، کە داهێنانە هونەرییەکەیان ڕەت دەکردەوە، چونکە سینەمای نەختسبووە خزمەتی دووڕوویی و ستایشی ڕێژیمە سیاسییە تۆتالیتارییەکەوە.

دەبینین ژنە نووستووە، کەچی هەر دوو چاوانی کراوەن، ستلکەریش بەهەمان شێوە، تەنیا کیژە منداڵەکەیە بەئاسوودەیی دەنوێت، هەر وێنە یاخۆ جووڵەیەك لە فیلمەکانی تارکۆڤسکیدا خوازەیە بۆ شتێکی دی، هەر لە خاڵی دەستپێکەوە لە گرتەی یەکەمدا شتێك لە خاچ دەکات، بۆ ئاماژەدان بەواقعی ئەم جیهانە کلۆڵە ، تارکۆڤسکی، سەرنج دەداتە بادەیەك کەمێك شەرابی تێدایە، پەرداخەکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژاوەژاوی شەمەندەفەرەکەدا لە دەرەوە، دەلەرێتەوە، وا هەست دەکەین بادەکە دەکەوێت، ئەم لەرینەوەیە دەلالەتی هەمەچەشنی هەیە، گرینگترینیان لەرینەوە و پشێویی ناوەوەی کەسایەتییەکانە، هەر جووڵە یاخود وێنەیەکی جیهانی دەرەوە، جگە لە وێنەی جیهانی ڕۆح چی دیکە نییە.

ستلکەر هەڵدەستێت، بەهێوری ئەوێ جێدەهێڵێت، تەماشایەکی خێزانەکەی دەکات، دەچێتە ئاشخانەکەوە، دەمی دەشوات، نانی بەیانی دەخوات، ژنەکەی بەدەردەکەوێت، دڵەڕاوکێ بەڕوخسارییەوە دیارە، دەکەونە گفتوگۆ، ژنە دەکۆشێت ڕێی لێ بگرێت لەوەی ماڵ جێهێڵێت و بەرەو شوێنێکی نادیار سەفەر بکات، ئەو شوێنەی ستلکەر بەردەوام سەردانی دەکات، تاکو هەست بەحەوانەوە و ئارامیی دەروونی و ڕۆحی بکات، ئەم شوێنەش لە ژێر چاودێریدایە و پۆلیس پاسەوانیی دەکات، ئەم شوێنە تووشی ڕووداوێکی کەش و هەوا هاتووە، بۆیە داخرا و بەر بەگەیشتنە ناوی گیرا. ئەوە تەنیا ستلکەرە دەزانێت چۆن بگاتە ئەم شوێنە، ئەوێ پانتاییەکی میتافیزیکییە، نەك تەنیا شوێنێکی جوگرافیی دابڕاو لە سروشتی ئەفسووناوی لەم جیهانەدا.

گۆشەیەکی پیرۆز ئەویش ژووری چێژوەرگرتنە، ئەو شوێنەی ستلکەر تێیدا هەست بەخۆشییەکی ڕۆحی و هاوسەنگییەکی دەگمەنی ناوخۆیی دەکات، هەستکردن بەکامەرانی ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت، شایانی سەرکێشی و سەرچڵییە، دوور نییە لە هەر گەشتێك بەم جیهانەدا گەشتیار ژیانی لەدەست بدات، لێ لە بەهەشت دەکات، گەشتی ستلکەر و هاوەڵانی لە گەشتەکەی دانتی دەکات بۆ بەهەشتە ونبووەکە. خراپەکاری دەوری داوین و ڕێگەی هەستکردنیش بەکامەرانی دژوارە، لە جیهانی خەوندا حەقیقەتی خۆمان دەبینین، ڕزگاربوون لە ساختەکاری و بینینی خود هێند کارێکی ئاسان نییە، ڕۆح ئەو شتەیە کە تارکۆڤسکی بەدوایدا وێڵە، سینەما ئامرازی گەڕان و گوزارشتی ڕۆحی و هزری و فەلسەفییە، هەر وێنەیەك دەلالەت هەڵگرێت دەرهێنەر بۆ ئاوەزی بینەری دەنێرێت، چونکە هزر و ئاوەز دەروازەی ڕۆحن.

لە گشت فیلمەکانیدا دەرهێنەر گەلێك پرسیاری ئاڵۆز هەمبەر کێشە گەورەکان دەورووژێنێت، وەکو مرۆڤ و سروشت و دروستکەری گەردوون.

لەم گەشتەدا دوو کاراکتەر لەگەڵ ستلکەردان، یەکیان پرۆفیسۆرە و ئەوی دیشیان نووسەرە، وێڕای هەوڵی زۆری ئافرەتە بۆرژواکە بەتەفرەدانی بەپارە ستلکەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە لەگەڵ خۆیدا بیبات، ستلکەر وەکو مۆچیارێکی جیهانی ڕۆحی و میتافیزیکی ئەم کارە بۆ پارەپەیداکردن و قازانج ناکات، بەڵکو چێژ و حەزێکە، تاکو ڕێگە بەوانی دی بدات جیهانی ڕاستەقینە بدۆزنەوە، پیشەی ستلکەر وەکو ئامۆژگاریکارێك لە پیشەکەی تارکۆڤسکی دەکات وەکو سینەماکارێك، کە ئەوەی ڕەتکردەوە هزر و ڕۆحی خۆی بە ڕێژیمە سیاسییەکە بفرۆشێت، ئیدی وای لێهات بووە دوژمن و لەلایەن دەزگە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی سەر بەدەسەڵاتەوە چاودێری دەکرا، ئەو دەسەڵاتەی هیچ گرینگییەك بەتاك نادات و دروشمی سۆشیالیزم و خزمەتی کۆمەڵگە وەك هۆکارێك بۆ مانەوەی خۆی بەکاردەهێنێت. تارکۆڤسکی زوو دزێوی و ستەمی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بۆ دەرکەوت.

دوای ئەوەی ستلکەر و هاوەڵانی چەندین مەترسی دەبڕن، ستلکەر دەتوانێت هەڵبێت و خۆی لە گوللەی پۆلیسەکان بپارێزێت، کە بەدوایەوە بوون، هەر هێندەی دەگاتە جیهانەکەی خۆی، لە ئامێزی سروشتدا ڕادەکشێت. لە بەشی یەکەمی فیلمەکەدا، کە بەڕەش و سپی وێنە گیراوە، لەگەڵ بەدەرکەوتنی ئەم جیهانەدا ڕەنگەکان بەدەردەکەون،

تاکو دەرفەت بەڕەنگی سەوز و ڕەنگە گەشەکان بدەن.
ستلکەر عەرەبانەکە دوور دەخاتەوە (ئامرازی گەیشتن بەم جیهانە) و شووشە مەیەکە تێدەکات، تاکو کەس بیر لە گەڕانەوە بۆ واقیع نەکاتەوە، ئەگینا هیچ بێهۆشکەرێك کاریگەریی لەسەر هەستکردن بەچێژی خەون نابێت.
لە دیمەنی یەکەمدا کاتی گەیشتنی هەر سێ کاراکتەرەکە بۆ ئەم جیهانە، دەبینین سێ دارتەلی کارەبا شێوەی خاچ وەردەگرن، تارکۆڤسکی ئەم هێما ئاینییە بۆ پیرۆزییەکەی بەکار ناهێنێت، بەڵکو بۆ خوازە، یاخود بیرهێنانەوەی ئازارەکان و توندوتیژییە مرۆییەکانە. دارتەلەکان لە دۆخی جیاجیادان، یەکیان لاربووەتەوە، ئەوی دی ڕەپوڕاست وەستاوە، دوامینیشیان لەسەر زەوییەکە فڕێدراوە، بەتەنیشت ئەم دارتەلانەیشەوە پاشماوەی چەك و تانكن، ژەنگیان هەڵهێناوە و لە بان هەندێکیان گیا و گوڵ شین بووون.
لەم دیمەنانەدا تارکۆڤسکی لە دەرەوەی واقیع و لە ناو خەوندایە، بەڵام بەکارهێنانی سروشت وەکو دیکۆرێکی جوان و قەشەنگ بەکارنەبراوە، بەڵکو ڕۆحی مرۆیی دەگەیەنێت، بوونی شێوەی خاچەکە و هەندێك پاشماوەی چەك، ڕەنگە بۆ بەدیارخستنی ڕۆح بێت لە بەرابەر ئازار و خۆپەرستیی هەندێك لە مرۆڤەکان.
ترسی ستلکەر کۆتایی پێ نەهاتووە، دوای پشوویەکی کەم دەبینین ڕاڕایی پێوە دیارە، ناهێڵێت کەس دەست بۆ شتەکانی ئەم جیهانە ببات، چونکە بەلای ئەوەوە شتێکی پیرۆزە و لەسەرمانە ڕێزی لێ بگرین و نەیشێوێنین، هەڵبژاردنی کەسایەتیی نووسەر و پرۆفیسۆر بۆ گەشتکردن بەجیهانی خەوندا، قسە و باسی زۆر لەبارەی ڕۆڵی ئەدەب و زانست دەوروژێنێت لە پاراستنی بێگەردیی ڕۆح و پاککردنەوەیدا، بەڵام داخۆ ئەدەب و زانست بەڕاستگۆییەوە ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە؟ پرسیارێلێکی زۆر دەرهێنەر بەشێوازی ناڕاستەوخۆ دەیانخاتە ڕوو.
گەیشتن بەم جیهانە سەرەتایەکە بۆ گەشتێکی سەخت بۆ گەیشتن بەژوورە پیرۆزەکە، ئێمە لە بەهەشتداین، بەڵام ئەم بەهەشتە پلەی هەیە و جیهانێکی هەمەڕەنگە، یاسایەکی سروشتی نییە، لە میانەی گەشتەکەدا باران دەبینین لەپڕ دەبارێ و پاشان لێی دەکاتەوە، بەفر دەبارێت، پاشان گەردەلوولێك هەڵدەکات، هاژەی تاڤگەکان دەبینین و دەبیستین، لە نزیکیانەوە بەردی گرکانیی کلێپەسەندوو دەبینین، ئەوە جیهانی خەونە، کە دان بەهیچ یاسایەکدا نانێت.
گەیشتن بەترۆپکی چێژ و هەستکردن بەئاسوودەیی ڕۆحی، کە حەزی شاعیرە و ئامادەیە قوربانی بەژیانی بدات، تاکو ڕۆحی بەر ڕاستییە ڕەهاکان بکەوێت، دوای ململانێیەکی زۆر لەنێوان کەسایەتییەکان و کاراکتەرەکانی ناو ئەم جیهانانە، کەسایەتییەکان دەگەنە ژووری لەزەت و لە خەونێکی جواندا مەلە دەکەن و تەنیا بێدەنگی بەسەر دەنگی بارانەکەدا زاڵ دەبێت، کە شێوە ئەفسوونێکی دڵگیر بەبینەر دەبەخشێت.
تارکۆڤسکی باران وەکو ئامرازێکی وێنەکێشان و نەخشاندن بۆ دابەشکردنی ڕەنگەکان، بەبەکارهێنانی تەکنیکی شێوەکاری، بەڕووپۆشکردنی وێنە بەڕەنگێك، پاشان سڕینەوەی و جارێکی دی ڕەنگڕێژکردنی، ئەم گەمەکردنە بەڕەنگ تاکو جیهانی میتافیزیکی و خەون بخوڵقێنێت، ئەم یاری و فێڵکردنە بەڕەنگ لە شێوازی سوریالی دەکات، کە ئەندرێ بریتۆن بەنووسینی ئۆتۆماتیکیی ناودەبات، تێیدا هونەرمەند خەیاڵ و ناهۆشیاری ئازاد دەکا بێ هیچ قەید و شەرتێکی گوزارشتکردن، یاخود هەژموونی بیردۆزەکان و یاساکانی ئیستاتیکای هونەری، یان بیرکردنەوە لە دەسەڵاتی سانسۆر.
خەونەکە دوماهی دێت و کاراکتەرەکان دەگەڕێنەوە واقعە کلۆڵەکەیان، ستلکەر سەگ و گورگەکە لەگەڵ خۆیدا دەبات، کە بەشێکن لە جیهانە میتافیزیکییەکە، لە دواهەمین دیمەندا کیژە منداڵەکەی ستلکەر دەبینین بەجووڵەی چاو و هێزی میتافیزیکی پەرداخی سەر مێزەکە دەجووڵێنێت، تەنیا ئەو ڕۆحێکی پاك و بێگەرد شك دەبات.

***

# فێمینیزم لە دژی وژنیمێنە

**نوسینی: یلدا توفیق**
**وەرگێڕانی: یوسف عەلی پور**



## چاوخشاندنێک بە سەر سینەمای تەهمینە میلانی دا

تەهمینەی میلانی زۆرجاران لە وتووێژەکانیدا خۆی وەکو یەکێك لە فێمینیستە ئێرانیەکان دەناسێنێت:
میلانی لە وەڵام بەم پرسیارەدا کە لێی دەپرسن: زۆربەی رەخنەگر و بەردانگەکانتان، ئێوە وەکو فێمینیست دەناسن، ئایا خۆشت ئەوەت قبوڵە؟ دەڵێت: لەوانەیە ئەوان راست بکەن بەڵام دەبێ لەوان پرسیار بکرێ کە کاتێك باسی فێمینیسم دەکرێت، دەبێ بزانین مەبەستتان چ لێکدانەوەیەکە لەو "ئیسم"ە؟ چونکە فێمینیسم مانای جۆراوجۆری هەیە و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و هەروەها جوگرافیاییش دەگۆڕدرێت. هەروەك کۆمۆنیزم، لیبرالیزم و ... من هەمیشە باسی ئەوەم کردوە کە ئەگەر مانای فێمینیزم ئەوەیە کە ئێمە لە بواری گیروگرفتە نەفسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ژناندا چالاکی بکەین بۆ ئەوەی بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و تەندروستمان هەبێت، بەو لێکدانەوەیە دەبێ بڵێم کە بەڵێ من فێمینیستێکی ئێرانیم..
لەم نووسراوەیەدا بە تاوتوێکردنی ئەم سێ فیلمەی میلانی کە لە راستیدا پەیوەندی بە پرسی ژنانەوە هەیە، هەوڵدەدەین روونی بکەینەوە کە مەبەست لە فێمینیست بوونی تەهمینەی میلانی چییە؟ هەڵبەتە ئەم نووسینە تەنیا چاوخشاندنێکی خێرایە و بۆ تاوتوێ کردنی وردتری ئەو باسە مەجالی زیاتر پێویستە کە بۆ داهاتووی بەجێ دێڵین.

***

## دوو ژن

فرشتە و روئیا دوو هاوپۆلین. رۆئیا منداڵی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە. فرشتە کچێکی شارێکی تر و هەژارە بەڵام زۆر بەتوانایە کە زۆر خۆی بە دەرسەوە هیلاك دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت یاریدەدەری بنەماڵەکەی بێت. لەو ناوەدا حەسەن کە لاوێکی گەللۆر و خەلافکارە، عاشقی فرشتە دەبێت. حەسەن دەست دەکات بە هەڕەشە و ئازاری فرشتە و دەبێتە هۆی ئەوەکە باوکی فرشتە، کچەکەی بەرێتەوە بۆ شارەکەی خۆیان. لە شارەکەی خۆشیان حەسەن هەر بە شوێن فرشتەوەیە کە کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە و سەرەنجام دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی زۆرەملێی فرشتە و ئەحمەد. ئەحمەد کەسێکی رەشبینە و بەردەوام خەریکی ئەزیەت و ئازار و سووکایەتی کردن بە فرشتەیە...
فیلمی دوو ژن یەکەمین فیلمی میلانییە کە بە شێوەیەکی تایبەتی باسی پرسی ژنان دەکات. هەرچەند کە لە سێ فیلمی پێشووتری ئەودا "منالانی تەلاق، ئەفسانەی ئاه و ئیتر چ باسە" پاڵەوانە سەرەکییەکان هەموویان هەر ژنن و هەرچەندە گیروگرفتەکانی ژنان باس دەکرێن، بەڵام میلانی لە فیلمی دوو ژن دایە کە بە شێوەیەکی تایبەتی قامك دەخاتە سەر پرسی ژنان. فیلمی دوو ژن باسی هەلومەرجی ژنان لە کۆمەڵگایەکدا دەکات کە مافی تەلاق یان جیابوونەوەیان نییە، ئازادیی هەڵبژاردنیان نییە و ئەوە هەمیشە پیاوەکانیانن کە بڕیاریان بۆ دەدەن. ئەو فیلمە لە کەش و هەوای داخراوی دەیەی حەفتادا تا رادەیەك رادیکاڵ بوو و کۆمەڵێك پرسی تازەی هێنایە ئاراوە. هەرچەندە ئێمە لە هەندێك لە سکانسەکانی فیلمەکەدا لە گەڵ دەربڕینی بە گوڕ بەرەوڕوو دەبین کە باسی بارودۆخی ژنان دەکەن، بەڵام ئەم دەربڕینانە لە شوێنی خۆیان و بە باشی باس دەکران:
لە دادگا کاتێك قازی هۆکارەکانی تەڵاق دەپرسێت و باسی ئەو دۆخە دەکات کە دەبێتە هۆی جیابوونەوە، ئێمە لە گەڵ دەربڕینی بەگوڕوتینی فرشتە بەرەوڕوو دەبین کە دەڵێت:
"رەشبینە، دڵپیسە، ئەزیەت و ئازارم دەدات، بێحورمەتیم پێدەکات، زیندانیم دەکات و ... من لە گەڵ پیاوێك دەژیم

کە خۆم دەستنیشانم نەکردووە، ئەو پیاوە خەریکە پێناسەی مرۆڤبوونی من دەسڕێتەوە، خەریکە خۆم لە خۆم دەستێنێتەوە،... ئەو پیاوە دەیهەوێت من بکاتە ژنێك کە من نیم، ئەو ژنەی کە ئەو دەیهەوێت لەگەڵ من جیاوازیمان زۆرە... حاجی ئاغا چاوم لێکە من مرۆڤم، دەمهەوێت وەکو مرۆڤ بژیم، بۆ پێتانوایە ئەگەر پیاوێك بژیوی ژیانی منی دابین نەکرد ئەوە پیاوێکی خراپە بەڵام ئەگەر سوکایەتیم پێ بکات و پێناسەی مرۆیی من بسڕیتەوە ئەوە ئینسانێکی خراپ نییە؟ خۆ من هیچ شتێکی سەیر و سەمەرەم ناوێت، چاوەڕوانییەکی ئەوتۆشم لەو نییە، من تەنیا دەمهەوێ وەکو مرۆڤێك وەکو هاوسەرێك و وەکو هاوبەشی ژیان، رێز لە بیروباوەڕ و بۆچوونی منیش بگیرێت سەبارەت بەوەیکە چی دەخۆم، چی دەپۆشم، لەگەڵ کێ ئاموشۆ دەکەم، بۆ کوێ دەچم و ...".

یان کاتێك لە دوایین سکانسەکانی فیلمەکەدا کاتێك فرشتە لەگەڵ حەسەن بەرەوڕوو دەبێتەوە:

"دەمهەوێست دەرس بخوێنم نەتهێشت، دەمهەویست خزمەت بکەم نەتهێشت، دەمهەویست چارەنووسی خوشك و براکانم بگۆڕم نەتهێشت، ... دەمهەویست بژیم نەتهێشت. هیچکامتان نەتانهێشت: تۆ نەتهێشت، باوکم نەیهێشت، هاوسەرەکەم نەیهێشت ... ماندوو بووم تەمەنێکم بە سوکایەتی و هەڕەشەوە بردەسەر..."





میلانی دەیهەوێت کە ژنان مافی جیابوونەوەیان هەبێت، ئازادیی هەڵبژاردنیان هەبێت، مەجالی دەرس خوێندنیان هەبێت...

ناوبراو سەرەکیترین کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا لە یاسای نایەکساندا دەبینێتەوە. لە هەمانکاتدا هەندێکجار هێرش دەکاتە سەر دابونەریتی کۆمەڵگاش کە چلۆن لەبەر "قسەی خەڵکی" و لە بەر "ئابرو و حەیا" ژنان دەکەونە ناو تەنگ و چەڵەمەوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەو ژنانەی کە میلانی لەو فیلمەدا نیشانیان دەدات، لەو ژنانەن کە بەتەواویی پرسە شەرعی و ئەخلاقیەکان دەپارێزن. ئەوان لە بواری پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە گرفتێکیان نییە، گرفتی جلوبەرگ و پۆشینیان نییە، (و سەرەڕای ئەوەیکە فرشتە باسی بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەکات و باسی مافی بڕیاردان بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا دەکات) لە سیاسەتدا بەشداریی ناکەن. ساڵانی پڕلە هەوراز و نشێوی شۆڕشی فەرهەنگی تەنیا کاریگەرییەك کە لە سەر ئەوانی دادەنێت، نەچوونیان بۆ زانکۆیە. ئەو پێشنیازانەی کە فرشتە وەکو سەربەخۆ و پێشڕەو باسیان دەکات لە چوارچێوەی پێکهاتنی گروپێکی "ئاپاچی"دایە تا بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن ئەویش بە فێربوونی کاراتە و لەشجوانی و ... میلانی چونکە دەزانێت کە مرۆڤ بۆ ئەوەی وشیار بێت و پێ بگات پێویستی بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی کەشی جۆراوجۆرە و دەستەبەرکردنی ئەو ئەزموونەش پێویستیی بە بەزاندنی هێڵەسوورەکانە کە شەرع و دابونەریتی کۆمەڵگا لە ژنانی قەدەغە کردووە، هەربۆیە ئەم کەموکوڕییە لە فرشتەدا بەوە قەرەبوو دەکاتەوە کە ئەو زۆر خەریکی خوێندنەوەیە. ئەو دەبێ هەموو ئەزموون و وشیاریی خۆی لە کتێبەکانەوە دەستەبەر بکات. ئەزموونی تاکەکەسی قەدەغەیە.سەرەنجام فرشتە لە دوایین سکانس و دوایین دیالۆگدا زۆر بە پەشێویەوە خوازیاریی کتێبێکە

تا پێی بڵێت کە دایکێك چلۆن دەتوانێت تەنیا مناڵەکانی خۆی باربێنێت.

***

## ژنی زیادە




سیما مامۆستایەکی بەرپرس و روخۆشە کە هاوسەرێکی نەشیاو و عەییاشی هەیە. ئەحمەد بەدرۆ بە سیما دەڵێت کە دەبێ بێوەژنێکی تەنیا و بێ سەرپەنای دۆستێکی بگەیەنێتەوە زێدی لە دایکبوونی. سیما کە دەزانێت ئەحمەد درۆ دەکات دەیهەوێت لەگەڵ ئەحمەد بچێت، بەڵام ئەحمەد دژایەتی دەکات و بەڵام هەرچۆنێك بێت سیما لەگەڵ ئەحمەد و بێوەژنە گەنجەکە (سەبا) و کچە بچکۆلانەکەیان بەرەو جادەکانی شمال وەرێ دەکەون. جادەکە بە هۆی تۆفانەوە داخراوە و ئەوان ناچار دەبن شەو لە موسافیرخانەیەك لە شارێکی بچوکدا بمێننەوە. لەو شارەدا پۆلیس بەشوێن قاتڵی (رەحیم)ەوەیە کە هاوسەرەکەی و خۆشەویستەکەی خۆی کوشتووە و هەڵاتوە. سیما بە توندی هەست بە هاوخەمی لەگەڵ قاتڵ دەکات و دەرکی دەکات. ئەو پیاوە قاتڵەکەی دۆزیوەتەوە و یارمەتی دەکات بۆ ئەوەی هەڵێت. دوای کۆمەڵێك پێشهات قاتڵەکەش دەبێتە هاوسەفەریان و ...

***

دوای ئەزموونی سەرکەوتووی فیلمی دوو ژن، میلانی درێژە بە بەرهەمهێنانی فیلم لە بواری ژناندا دەدات. نیوەی شاراوە (نیمە پنهان) فیلمێك سەبارەت بە کچێکی خوێندکار لە سالانی شۆڕشی فەرهەنگی کە بەرەولای گروپێکی سیاسی دەچێت و لەو نێوەدا گیرۆدەی عەشقی پیاوێکی بەتەمەن مامناوەندی و زانا دەبێت، هەڵبەتە عەشقەکە دوولایەنیە. پەیامی کۆتایی فیلمەکە ئەوەیە کە بۆچی کچەکە پێش بیستنی قسەکانی مەعشوقەکەی، رای خۆی لەسەر ئەو دەربڕیوە. واپێدەچێت کە میلانی لەو فیلمەدا دەیهەوێت دڵخۆشی ئەو پیاوانە بداتەوە کە بە توندی لە فیلمی دوو ژن، توورە بوون. ناوبراو دوای نیوەی شاراوە، کاردانەوەی پێنجەم (واکنش پنجم) بەرهەم دێنێت کە دەتوانین بڵێین هەر درێژەی چیرۆکی ژیانی فرشتەیە لە فیلمی دوو ژن دا. بەڵام ئەمجارەیان کێشمەکێشی پاڵەوانی ژنی چیرۆکەکە پەیوەندی بە پرسی یاسایی سەرپەرشتی کردنی مناڵانەوە هەیە.

ژنی زیادی، فیلمی دواتری ئەوە. واپێدەچێت کە میلانی لەماوەی ئەم ساڵانەدا کەمێك لە گرفتی یاسایی ژنان ئەولاوەتریش چووە و ئەمجارەیان بیر لە پرسەکانی نەریتی و شەرعی ژنانیش دەکاتەوە. لە راستیدا لەو فیلمەدا دەتوانین شوێن پێی بۆچوونێك لە میلانیدا ببینین: ئەوەیکە گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا تەنیا بەهۆی یاسا نایەکسانەکانەوە نین. "ئەوەیکە ئەو تێڕوانینە وشیارانەیە یان بەرهەمی ویستی کۆمەڵگایەکە کە لەودا پەیوەندیی نێوان ژنان و پیاوان بۆتە قەیران خۆی مەجالێکی تری پێویستە" مەسەلەی خیانەت، تەوەری سەرەکیی فیلمەکەیە. خیانەتی پیاوێکی زۆر عەییاش، زۆر نابەرپرس و خۆویست لە بەرامبەر ژنێکی زۆر بەرپرس، بەوەفا، رۆشنبیر، فیداکار و بەکورتی ژنێکی زۆر باش.

ژنی زیادی، فیلمێك پڕاوپڕ لە دەربڕینی نابەجێ و دەسکرد. پڕاوپڕ لە وتاردانی دووروودرێژ و ئاکامی ئەخلاقیی حازر و ئامادە هەر لە سکانسی یەکەمی فیلمەکەوە بگرە کە وتاردانی خوێندکارانی کچە سەبارەت بە بارودۆخی

خۆیان تا دەگاتە سکانسەکانی سەوزی پاك کردنی ژنانی خۆماڵیی جیران یان پەیوەندییەکانی خەڵك لە رێستۆراندا و سەرەنجام داکۆکییەکانی سیما، رەحیم (قاتڵی هەڵاتوو)، سەبا (بێوەژنی گەنج) و ئەحمەد لە دوایین سکانسی فیلم، لە سەرتاسەری ئەو فیلمەدا دەبێ ئەو قسانە ببیستین. فیلمێك کە فیلمنامەکەی زۆر لاوازە. کەسایەتیەکان زۆر دوورن لە راستی و زۆر جاران سەرتاپێ دژی ئەو شتەن کە دەبوایە هەبن و واپێدەچێت کە لە کێشمەکێشێکی بەردەوام دان لە نێوان خۆرشتی سەوزی و پیتزادا!

سیما کە لە لایەکەوە بە تەواوی وەك ژنێکی سەربەخۆ، رۆشنبیر، لێزان و زیرەك دەردەکەوێت کە توانای رێکخستنی ژنانی جیرانی هەیە لە بەرێوەبردنی پرسە ئابووریەکاندا، لە لایەکی ترەوە لە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ژنێکی تەواو لاواز و گوێڕایەڵە کە بە تەواوی توانایەوە دەیهەوێت چوارچێوەی پیرۆزی بنەماڵە بپارێزێت ئەویش بەهۆیە کە لە ئابڕووچوون دەترسێت. ناوبراو سەرەڕای ئەوەیکە دەزانێت هاوسەرەکەی درۆی لەگەڵ دەکات و خەریکە خیانەتی پێ دەکات، سەرەڕای هەمووی ئەوانەش لە بەرامبەر یاسادا داکۆکی لێدەکات و هاوکاتیش هێندە لەو خیانەتە رەنجاوە کە بیر لە کوشتنی ئەوانیش (ئەحمەد و سەبا) دەکاتەوە و هەر لە بەر ئەوەیە کە یارمەتی رەحیم (کە قاتڵی هاوسەرەکەی و خۆشەویستی هاوسەرەکەیەتی) دەدات. رەحیم کە تووشی عەزابی ویژدان بووە بەردەوام لە لایەن سیماوە دڵخۆشی دەدرێتەوە و پێ دەوترێت کە نارەحەت نەبێت چونکە ئەوە مافی خۆی بووە و ئەوان کایەیان بە غرور و هەستی ئەو کردووە!

لە لایەکی ترەوە لە گەڵ سەبا بەرەوڕووین. ژنێك کە رابردوویەکی زۆر تاڵ و ناخۆشی هەیە. لە سەردەمی منداڵیدا دایك و باوکی لەدەست داوە و مامەکەی ئەوی بە کابرایەکی بەتەمەن فرۆشتووە. هاوسەری سەباش پیاوێکی گیرۆدەی ماددەسڕکەرەکان بووە کە لە پێناو پارەدا هاوسەرەکەی داوتە دەست کەسانی ترەوە. سەبا تەنیا پێنج کەلاس خوێندەواری هەیە. ژنێکی زۆر جوان و کەشخە و خۆش قسەیە و تەنیا بۆ نیشاندانی پێشینەی نالەباری خۆی لە وشەی نەشیاو کەڵك وەردەگرێت. کەسایەتیی زۆر دژبەیەکی سەبا لەو شوێنە بە تەواوی خۆی دەردەخات کە لە لایەکەوە رۆڵی دەست تێکەڵاوی لە گەڵ هاوسەری سیمای هەیە و لە لایەکی تریشەوە بە توندی لایەنگری سیما و بە گشتی لایەنگری مافی ژنانە. (بۆ وێنە لەو شوێنەی کە لە بەرامبەر ئەحمەدا داکۆکی لە سیما دەکات یان ئەو داکۆکییە جانانەیەی کە لە کچێکی دەکات لە بەرامبەر دۆستە کوڕەکەیدا)

تێڕوانینی زۆر لاواز و لەوانەیە تێڕوانینی فێمینیستی لە نمونە ئێرانیەکەی میلانی ناتوانێت کە هۆکارێکی تری بێجگە لە پێشینەیەکی تەواو کارتێکەر و بەبەزەییانە بۆ پەیوەندی ژنان لە گەڵ ئەو پیاوانەی کە هاوسەریان هەیە و یان پێچەوانەکەشی بدۆزێتەوە. وادیارە ئەو نمونەیە لە فێمینیزم پێیوایە کە بە پیشاندانی پێشینەیەکی ئاڵۆزی ژنێك کە پێی لە بەرەی داوێن پاکی زیاتر راکێشاوە و دەستی داوەتە پەیوەندییەکی بەدەر لە چوارچێوەی هاوسەرگیری، یارمەتی و پشتیوانییەکی پێشکەوتووانەی لە ژنان کردووە. هەر بۆیە لە بینینی هەموو هۆکارێکی ریشەیی تر خۆی دەبوێرێت و ئاکامەکەشی لە وتوویژەکانی میلانی دا دەردەکەوێت کە وشەی وەك "ژنانی بێ تەحەمول" بەکار دەبات.

لە بەرامبەر ئەم ژنانەدا، رەحیم و ئەحمەد هەن. میلانی بۆ نیشاندانی نییەتی پاکی خۆی و پێشگرتن لە ناووناتۆرەی دژی پیاو، لە سکانسی کۆتاییدا مەجالی ئەوە بۆ هەردووکیان دەڕەخسێنێت کە داکۆکی لە خۆیان بکەن. داکۆکییەکەی ئەحمەد خۆی لەو دێڕانەدا دەبینێتەوە کە: هەرکە چاوی کراوەتە، ژنیان بۆ هێناوە و گەنجێتی نەکردووە و دەیهەوێت لە مافی گەنجێتی خۆی کەڵك وەربگرێت (ئەو داکۆکییەی کە نازانم بۆ تەنیا بۆ پیاوان رەوایە).

بەڵام رەحیم قاتڵێکە کە زۆر بەویژدانە و تەنیا تاوانی ئەو ئەو کردەوە بەپەلەیەی ئەو بووە. سەبا و سیما بۆ نیشاندانی هەڵەکەی رەحیم لە سەر ئەوە جەخت دەکەنەوە کە لەوانەیە هاوسەرەکەی بە راستی بێتاوان بووبێت و لەوانەیە لە ترسی ئابڕووچوون هێشتوویەتی خۆشەویستەکەی بێتە ماڵەوە و چ شایەتییەك لەوە باشتر کە ئەوان لە حەساری ماڵدا دانیشتبوون (و نەك لە ژووری خەو). وادیارە کە لە روانگەی فێمینیزمی ئێرانیەوە، ئەگەر رەحیم هاوسەرەکەی و خۆشەویستی هاوسەرەکەی لە ژووری خەوی ماڵەکەیاندا چاو پێکەوتبایە، دەکرا داکۆکی لە قەتڵەکەی رەحیم بکرایە! دوایین خاڵیش ئەو رۆڵە یەکجار پۆزەتیڤەی کە بۆ هێزی ئینتزامی دانراوە، بە راستی هەژێنەرە. هێزی ئینتزامی وەکو دامەزراوەیەکی تەواو دواکەوتووانە کە لە ئێراندا ئەرکی سەرشانی تەنیا تاوتوێکردنی پەیوەندیی نێوان ژنان و پیاوانە، لەو فیلمەدا رێزی لێ گیراوە. هیزی پۆلیس وەکو کەسانێکی زۆر بەڕێز، بەرپرس و وشیار پێناسە دەکرێن کە ئامانجی دانانی خاڵەکانی پشکنین و

تاوتوێکردنی پەیوەندیی نێوان گەنجەکان تەنیا بۆ پاراستنی ژنان دەگێڕنەوە. ئەوان بۆ دۆزینەوەی قاتڵێك هەموو کون و قوژبنەکانی شارەکە دەگرێن، خاڵی پشکنینی تایبەت دادەنێن و تەواوی رێگاکانی چوونەدەرەوە لە شار دەبەستن بۆ ئەوەی بە شێوازێکی زۆر خەیاڵاوی نیشانی بدەن کە ئەو هێزانە چەندە دڵسۆزن و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن. لەو نێوەدا ئەفسەرێکی زۆر ژیر و وشیار و بەڕێز هەیە کە دوای چەند جار بەرەوڕوو بوون لە گەڵ سیما هەست بە کێشەکەی دەکات و لە وتووێژێکی ناڕاستەقینەدا دەیهەوێت رێنوێنی بکات و یارمەتی بدات.

***

## تسویە حساب (یەکلا کردنەوە)

چوار ژنی خەلافکار کە تازە لە زیندان ئازاد کراون بە دەستنیشانکردنی پیاوانی دەوڵەمەند، دەیانهەوێت پارەیان لێ بکێشنەوە ...

رەوتی روو لە هەڵدێری تەهمینەی میلانی کە لە دوای فیلمی واکنش پنجم (کاردانەوەی پێنجەم) گرتبویە بەر، بە فیلمەکانی ئێتش بس (ئاگر بڕ) و تسویە حساب (یەکلا کردنەوە) زۆر خێراتر دەبێت و تا سەرەنجام لە فیلمی سوپر ستاردا بەو پەڕی خۆی دەگات.

تاوتوێکردنی دوو فیلمی ئێتش بس (ئاگر بڕ) و سوپر ستار چونکە بەتایبەتی باسی پرسی ژن ناکەن لێدەگەڕێین و دەچینە سۆراخی فیلمی تسویە حساب.

تسویە حساب (یەکلا کردنەوە)یش هەروەك فیلمی ژنی زیادە زۆر خاڵی لاوازی لە فیلم نامەکەدا هەیە. ئەو فیلمەش پڕە لە قسەکردن. قسەی ژنانی خەلافکار کە هەموویان لە لایەن پیاوەکانیانەوە زوڵم و زۆریان لێکراوە. وادیارە کە میلانی (ئەو فێمینیستە ئێرانیە) رادیکاڵیزم تەنیا لە چوارچێوەی ئەو چوار جنێوەدا دەبینێتەوە کە بە پیاوان دەوترێت!

روانگەی سواو و روکەشیانە لەو فیلمەدا لەوپەڕی خۆی دایە. تەوەری سەرەکی ئەو فیلمەش هەروەك فیلمی ژنی زیادە، باسی خیانەتە. لەوانە سیما کە لە فیلمی ژنی زیادەدا هاوسەرەکەی بەجێ هێشت و رۆیشت ئێستا لەشێوازێکی تردا لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دایە.

دیسانەوە فیلتری فێمینیزمی ئێرانی ئیزنی ئەوە نادات کە داکۆکی لەو ژنانە بکەن کە تابۆکان دەشکێنن و لە یاسا داسەپاوەکان لادەدەن، مەگەر ئەوەیکە رابردوویەکی نالەباریان هەبێت. ئەگەر کچێکی گەنج بچێتە جەژنێك، مەشروب بخواتەوە و پەیوەندییەکی ئازادانەی هەبێت، حەتمەن دەبێ لە رابردوودا منالی بنەماڵەیەکی لەبەریەك هەڵوەشاو و بێ خانەو لانە بێت و هاوسەرێکی گیرۆدەبووی ماددە سڕکەرەکانیشی هەبێت. ئەگەر هەندێك ژن لە پیاوان تووڕە بن و دەست بدەنە باج وەرگرتن، حەتمەن دەبێ لە رابردوودا لە لایەن زڕباوکیانەوە دەستدرێژی جنسییان کرابێتە سەر یان هاوسەرێك کە خیانەتی پێکردون و ... ئەگەر شتێکی جیاواز لەوانە بێت نە سۆزت بۆیان دەجوڵێت و نە دەتوانی هۆکارەکانی تر تاوتوێ بکەی.


ئەگەر پیاوێك لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیریەکەیدا پەیوەندی هەبێت، حەتمەن ئەوە لە تایبەتمەندیی ئاژەڵیی ئەوەوەیە نەك بەهۆی یاسا و روانگەی دواکەوتووانەوە کە لە مەڕ هاوسەرگیری لە ئارادایە و نەك بە هۆی ئەو کۆت و بەندانەی کە بە سەر پەیوەندیەکاندا زاڵن. نەك بە هۆی پشوبڕی و سەرکوتی جنسیی لە کۆمەڵگادایە و نەك سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیی نایەکسان و دوژمنکارانەوەیە کە لە نێوان ژنان و پیاواندا لە کۆمەڵگای نەخۆشی ئێمەدا پێکهاتووە.

***

سینەمای میلانی و ئەو نمونە تایبەتەی فێمینیزم کە ئەو ئیدعای دەکات لە چوارچێوەی یاسا و رێسای باوی کۆمەڵگا دایە. ئەو نمونەیەی فێمینیزم نایهەوێت کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەو پەیوەندییانەدا پێك بێت کە لە ئارادان. هەروەك مارکس لە مانیفێست دا دەڵێت: "بەشێك لە بورژوازی هەیە کە دەیهەوێت زامەکانی کۆمەڵگا سارێژ بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگای بورژوازی بتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات". ئەو نمونەیەی فێمینیزمیش لە هەوڵی سارێژکردنی زامەکانی کۆمەڵگا دایە. هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە هەروەك لە فیلمی دوو ژن دا دیتمان میلانی کچێك وەکو هێمای سەربەخۆیی و پێشڕەوی دەناسێنێت کە بە هیچ شێوەیەك پێ لە بەرەی یاسا و رێسا یاسایی و باوەکان درێژتر ناکات. کتێب دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆشایی کەم ئەزموونی پێ پڕ بکاتەوە و ئەو ئاسۆیەش کە ئەو خۆزگەی بۆ دەخوازێت شتێکی زیاتر لە ژیانی ژنێکی چینی مامناوەندی کۆمەڵگای نەریتی و ئایین بەسەر داسەپاوی ئێران نییە. ئەو لە ئاکامدا سەرەڕای تێپەڕکردنی ئەزموونە تاڵەکانی ژیانی، دەیهەوێت هەمان رۆڵی هەبێت کە بۆ دایکێکی فیداکار و تەنیا بەرز نرخێنراوە.

لە فیلمی ژنی زیادی دا، کە بەرهەمی قوناغی شکستی چاکسازی و سەرهەڵدانی زامە قوڵەکانی کۆمەڵگا و ویستە بنەڕەتیەکانی ژنانی کۆمەڵگایە، میلانی ناچارە کە لە روانگەیەکی سەرووتر لە گرفتە یاساییەکانەوە چاو لە

پرسی ژنان بکات. بەڵام فێمینیستی ئێرانی ناتوانێت ئەو بنەما و ئەخلاقیات و باوەڕانە ڕەت بکاتەوە کە سەرچاوەی گرفتەکانن. کەواتە لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە چەمکی خیانەت و هۆکارە بنەڕەتیەکانی، لە هەوڵی نیشاندانی ئەوەدایە کە هەر لە بنەڕەتەوە خیانەتێك لە ئارادا نییە و سەرچاوەی هەمووی ئەوانە گومان و دڵپیسیی پیاوانە. لە دوایین سکانسی فیلمی ژنی زیادی دا، سیما و سەبا قەتڵەکەی ڕەحیم ئیدانە دەکەن ئەویش نەك بەهۆی ئەوەیکە دوو مرۆڤ گیانیان لە دەست داوە، بەڵکو بەو هۆیە کە ژنەکە بێتاوان بووە و خیانەتێك ڕووی نەداوە. وادیارە کە فێمینیزمی ئێرانی ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ مەسەلەی پەیوەندیی لە دەرەوەی یاسا و ڕێسای باوی کۆمەڵگادا بێتەوە.




فێمینیزمی ئێرانی کاتێك دەچێتە سۆراخی ژنانی خەلافکار و پەراوێزخراوی کۆمەڵگا هەروا لە چوارچێوەی کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگا دایە. لە فیلمی تسویە حساب، هەموو ژنان دەبێ ڕابردوویەکی تاڵیان هەبێت ئەگینا چلۆن پاساو بۆ پەیوەندی ئازاد، منداڵی بە ناو بیژوو، گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و فەحشا، بهێنرێتەوە؟ بە بڕوای فێمینیزمی ئێرانی ئەگەر پیاوانیش خوخدەی ئاژەڵی و وارسکەی خۆیان وەلا بنێن و تووند بە ژیانی خۆیانەوە بنوسێن، ئیتر ژنی خەلافکاریش لە کۆمەڵگا دا نامێنێت. ئەوەیکە خودی هاوسەرگیری و دامەزراوەی بنەماڵە بۆخۆی تا چ ڕادەیەك هۆکاری نایەکسانی و گرفتەکانی کۆمەڵگایە، هەر بە بیری فێمینیزمی ئێرانی دا نایەت.

نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە فێمینیزم لە چەشنی ئێرانیەکەی ناتوانێت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگا هەنگاوێك ئەولاوەتر هەڵێنێتەوە.

***



# مەکەی پیرۆز

ن:بەرزان جەبار

هەمیشە بە هێمنی بە سەر شەقامەکەدا دەڕۆیشت و دەچوو بۆ پارکی ئازادی و بەناو درەختەکاندا هەنگاوی دەنا،هەندێجار لە درەختێك نزیکدەبۆوە و پەنجەکانی دەستی درێژ دەکرد و گەڵایەکی لێدەکردەوە، بە دەم سەیرکردنی گەڵاکەی ناو دەستییەوە بە خۆی دەگوت ئەم گەڵایەی پێوەبێت یان پێوەی نەبێت وەکو یەك وایە، لە نزیکەوە بە گۆشە نیگای جیاواز سەیری درەختەکەی دەکرد و کە چۆلەکەیەکیش بە دەم جیکەجیکەوە دەهات و بە گومانەوە لەسەر چڵێکی ئەو درەختە دەنیشتەوە ، ئەویش لەژێر لێوەوە بە ئەسپایی دەیگوت ئەی چۆلەکە غەمبارەکە و ئەمجارەشیان دەستی درێژ دەکردەوە و دەیویست گەڵایەك لەو لقەی درەختەکە لێبکاتەوە کە چۆلەکەکەی لەسەر نیشتبۆوە، بەڵام هەمیشە لە لێکردنەوەی دووەم گەڵا یان سێیەم گەڵادا کزە بایەك هەڵیدەکرد و دەیگوت..(نەکەی)،ئینجا ئەو وازی لە گەڵا لێکردنەوە دەهێنا و بیری دەکەوتەوە ئەمە ئیشی ئەو نییە و کاری پاییزە.

کاری ئەو ئەوکاتە دەستپێدەکرد کە دەچووە ناو شاری یارییەکەوە و دوای سڵاوێکی پڕ هات و هاوار و گەپئامێزانە لە گەڵ وەستا و هاو پیشەکانیدا،ئامێری گەنمە شامی برژاندنەکەی دادەگیرساند و دەکەوتە گەنمە شامی برژاندن و بە ئەوپەڕی وریاییەوە دەیویست لە دانە بەدانەی گەنمە شامییەکان بنۆڕێت لەو کاتەدا کە گەرمدادێن و دەتەقن و دەبنە پەڵە هەورێکی سپی و چکۆلانە،یان لە خەیاڵی خۆیدا چاودێری چارەنوسی ئەو دەنکە گەنمەشامییانەی دەکرد کە هێندە گەرمدادەهاتن فریای ئەوە نەدەکەوتن ببنە پەڵە هەوری بچوك و بەخت ڕەش دەبوون و لە بنی قاپە داخبووەکەدا دەمانەوە و دەبوون بە زۆڵەك،دوواتریش بە بینینی ئەو هەمووە زۆڵەکە غەمبار دەبوو و لە خۆی دەپرسی..(دەبێ زۆڵەك هەڵەی من بێ یان من هەڵەی زۆڵەك بم)! بەڵام بێ وەڵامی دەیگوت جارێ ئەو پرسیارە مـەکـە.

دوای ئەوەی ئامێری گەنمەشامییەکەی دەکوژاندەوە چاوی لەسەر گەواڵە هەورە سپییەکان هەڵدەبڕی و لەمدیوی شوشەی تەڵخ و چەوری ئامێرەکەوە لە خەڵکی دەڕوانی،بەتایبەتیش لەو کەسانەی لەوێوە تێپەڕ دەبوون و دەم بە پێکەنین بوون،وردە وردە کاتی ئەوە دەهات هەندێك یان نیوەی ئەو تۆپەڵ و شەپۆلە خەڵکانەی کە قۆڵیان یان دەستیان یان هەر هیچ نەبێ شانیان بە شانی یەکەوە بوو ڕووبکەنە ئامێری گەنمەشامییەکە و یەك کیسە یان دووان یان زیاتر لەو وردکە هەورانە بکڕن. کاتێك کچانی شۆخ دەستیان دەهێنا بۆ وەرگرتنی کیسەی گەنمەشامییەکان، ئەو دڵی دەکەوتە تەپە تەپ و بە خەندەیەکی دروستکراوە وە دەستی لە دەستی کچەکانەوە دەدا و هەندێکیان ئەو بەرکەوتنەیان بە لاوە خۆشبوو و خەندەیان بۆ دەکردەوە و هەندێکیتریش بۆ ئەوەی لە چاوی هەموو ئەوانەدا کە چاویان لەو دەست خشاندنانەیە بە شەرم و ڕێزەوە خۆیان بنوێنن ، بە مۆنە کردنەوە کیسەکانیان وەردەگرت و بە دەستکشانەوەیەکی خێرا دەیانگوت مـەکـە، هەندێکیش هەبوون کە هەستیان بە هیچ نەدەکرد و ئاسایی تێدەپەڕین. جوانترین دیمەنێك کە ئەو لەودیوی شوشەی چڵکنی ئامێری گەنمەشامییەکەوە بەدیکردبوو، هەنگاونانی هێمن و لەسەرخۆی پیرە پیاو و پیرە ژنێکبوو کە وەرزی ڕابردوو بە دەم دۆدرمە خواردنەوە لەوێوە تێپەڕیبوون، ئەو هەرچەند لە شوێنی خۆیەوە ویستی هاوار بکات و بپرسێت ئەرێ ئێوە خەڵکی ئەم دەڤەرەن.. بەڵام بارستایی ئەو پاکەتە بنێشتەی کە کەمێك لەوەوبەر لە منداڵێك کەوتبووە خوارەوە و لەو کاتەدا لە دەمی ئەودابوو پێی گوتبوو مـەکــە.

ئەو هەمیشە بە سیفەتی ساختەچێتی و گرانفرۆشی ئەو گەنجانەی تر بێزار دەبوو کە بە ئاڕاستەی وەستاکانیاندا دەجولانەوە نەك بە ئاڕاستەی ویژدانیاندا، بۆ نمونە پەرداخێك شەربەت لە ڕاستیدا بایی دووسەت و پەنجا دیناربوو، ئەگەر

كڕیارەكە بە مەیلی خۆی ڕووی لە نۆشینی پەرداخێك شەربەت بكردایە پێنجسەت دیناریان لێوەردەگرت،ئەگەر منداڵێك بە گریان و هاوارەوە داوای پەرداخێك شەربەتی بكردایە حەوتسەت و پەنجا دیناریان لە دایكی دەسەند، ئەگەر كچ و كوڕێكیش پێكەوە ڕێیان لە شەربەتخواردنێك بكەوتایە بۆ هەر پەرداخێك هەزار دیناریان لێوەردەگرتن. زوو زوو وەستای شەربەتەكە بەلای شەربەتفرۆشەكانیدا دەنۆڕی و دەیگوت:(دەی باوكەكەم، ئافەرین..ئازاترین كوڕتان ئەو كوڕەیە،بە كەمترین شەربەت زۆرترین ڕاوە دینار بكات...).

ئەو هەرچی جارێك وەستاكەی خۆی دەبینی بەسەر تەڵەكەبازییەكانی خۆیەوە چۆن وەك فریادڕەس و پیاوچاكێك خۆی نیشاندەدات،بۆ نمونە كە دەیویست مەیلی كچان و ژنانی شۆخ بە لای خۆیدا ڕابكێشێت و بیسەلمێنێت كە پیاوە،دەهاتە لای كڕیارەكانەوە و بە ئێمەی دەگوت دەی كوڕینە ئاگاتان لە كارەكانتانبێت و زوو ئەو خەڵكە بە ڕێبكەن،یان دەیگوت خێرا شتێكی جوان ماشەڵا بۆ ئەم شتە جوانانە ئامادە بكە،یان دەستی دەهێنا بە سمێڵە بۆیاخەكەیدا و بە چپەوە بە هەندێكیانی دەگوت پارە دامەنێن.بە بەرچاوی جۆرەها خەڵكەوە لە ئێمە توڕە دەبوو و دەیگوت بە شەرەفەوە سەیری ئافرەت بكەن و ڕێزیان لێبگرن،ئاوا مـەكــەن،تۆ وەها بكە،ئەو وانەكات، مــەكـــــە...

ئەو بەم خۆنواندنانەی وەستاكەی هێندە پڕ دەبوو كە مەیلی لێبوو ڕابكاتە بەردەمی و بە نینۆكی سەرپەنجەكانی ماسكەكەی دەم و چاوی داماڵێت و وەستای ڕاستەقینە نیشانی هەمووان بدات،بەڵام من دەستیم دەگرت و دەمگوت مــەكـــە.

زۆرجار كە بیری لە بێكاری و بێپارەیی خۆی دەكردەوە،ماوەیەكی كەم دەهاتە سەر ئەو باوەڕەی كە بە قسەی وەستاكەی بكات و وەك ئەوانیتر ڕاوەدینار بكات،بەڵام خۆی پێڕانەدەگیرا و پەشیماندەبۆوە،ئاخر ئەو لە ئێمە نەدەچوو هەركاتێك كە دەیویست ئەو ماسكە بكاتە سەری كە وەستاكەی بۆی چنیبوو دڵی تێكەڵدەهات و تەنگە نەفەس دەبوو، دڵی ئەو وەكو دڵی ئاسك ناسكبوو لەنێوان ڕەقی دڵی ماسكبەسەرەكاندا بێ دوودڵی دەهاڕدرا و ورد دەبوو. من ناوم شوانەیە هاوڕێی نزیكی ئەوم،پێكەوە لە سەر یەكێك لە ئامێری گەنمەشامییەكان بووین،ئەو گەنمەشامی پێشكەش و ئامادە دەكرد و منیش بە حیسابی خۆم و وەستاكەم پارەم لەو خەڵكە وەردەگرت،ئەو پێی دەگوتم ئـای شـوانەی نەگبەت لە بری ئەوەی شوانی ویژدانی خۆت و پارەكانی وەستاكەتبی كەچی دزی لە خەڵكیش و لە وەستاكەشت دەكەی،منیش بە دەم كۆكردنەوە و لێكجیاكردنەوەی پارەكانەوە دەمگوت مەڕەگیان بۆ ئەوەی مافی خۆت لە دز وەربگریت پێویستە تۆ لەو دزتر بیت..!

هەرچی جارێك لە سەر تەم و چەورلوی سەر شوشەی ئامێری گەنمەشامییەكە بە پەنجەی شایەتومان دەینوسی ـ ویـژدان ـ دوای كەمێك وەستا لەوێوە دەهات و بە دەم و لچێكی ناشرینەوە وەك سەركردەیەكی خەڵەتێنراو كە مەملەكەتێكی لە دەستدابێت،بە دەم سڕینەوەی پیتەكانی ویژدانەوە بە لەپی دەست دەیگوت..كوڕم چەنجارم پێگوتیت شوشەی گەنمەشامییەكە پیس مـەكـــە,مـەكـە,مەكە.

مـــەكە پیرۆزترین وشەبوو كە لە چاو و دەم و ویژدانی مرۆڤەكانی ئەو گوزەرەوە بەسەرماندا دادەباری،من جۆرێك مـەكـەم لا پیرۆزبوو، وەستاكەمان جۆرێكیتر لە مەكە،ویژدانی ئەویش جۆرێكیتر لە مەكەی لا پیرۆزبوو...بۆیە ڕۆژێكیان ماسكەكەی خۆی دایەوە دەستی وەستاكەمان و پێی گوت دەچم لە شوێنێك كار بكەم مــــــەكـــــە ی لێ نەبێت.

***



# تاوانم چی بوو؟

ن: ئەسعەد

زەینەب کە ئێستا تەمەنی لە سەرووی ٣٠ ساڵەوەیە، لە رۆژێکی ساردی یەکێك لە زیندانەکاندا کە رۆژانە مرۆڤی تێدا دەگرن، ئەشکەنجە دەکەن و ئەنواعی بەڵای بەسەردا دێنن، چاوەڕێی ئەوەیە کە یەکێك لە زیندان وانەکان بێن و دەرگای ژوورەکە کە پێ دەڵێن سلولی تاکەسی و بە رەسمی هەمیشەیی خۆیان کەسانێك کە هاوچارەنووسی ئەوانی تێدا رادەگرن بکەنەوە و بیبەن هەتا ئەویش بڕواتە سەر ئەو چوارپایەیە کە لە ژێر پێی ئەو کەسانە کە دەسەڵات و بەشێك لە کۆمەڵگا پێیان دەڵێن تاوانبار و کەسێك کە ئەو نازانێت کێیە، بێت و لەو چوارپایەیە بدات هەتا کەسانێك پێی دڵشاد بن کە ئۆخەی ئاوا تاوانبارێك بە سزای تاوانەکەی گەیشت و لە سیدارە درا.

زەینەب بیر دەکاتەوە کە باشە لەم دوا کاتێژمێرانەی ژیانم دا با بیرێك لە رابردوو بکەینەوە. من کێ بووم، مرۆڤێکی ئەم کۆمەڵگایە کە پێی دەڵێن ژن. هەر لە منداڵییەوە پێیان وتم دەبێ فێری کاری ماڵەوە بم، دەبێ فێری پاك کردنەوەی ژووری پیاوان بم و خواردن بۆ ئەوان ساز بکەم و جل و بەرگیان بشۆم و بۆیان ئامادە بکەم و ئەگەر دوای هەمووی ئەمانەش مەجالێکی چەند دەقیقەییم دۆزیەوە کە سەردانێکی بەر دەرگای ماڵی خۆمان بکەم و لە گەڵ ژنانی هاوچارەنووسم یەکتر ببینین ئەوا بەر هێرشی لێدانی برا و باوك دەکەوم کە من بێ حەیام و ناموسی ئەوانم خستووەتە مەترسیەوە.

ئاخ برا ڕۆ، لەو دەورانەش کە بە چ نەهامەتی و ئازارێکەوە ئەو دەورانەشم تێپەڕ کرد. بە راستی هەر رۆژێکم بە ساڵێك تێ پەڕاند. هەر لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت ئاخۆ رۆژێك بێت کە من گەورە بم و ئەم ئازار و ئەشکەنجانەم لێ دوور کەوێتەوە. ئاخۆ رۆژێك بێت کە ئیتر خۆم چارەنووسی خۆم دیاری بکەم و بتوانم کار بکەم و بتوانم حسابی مرۆوێکی ئەم سەردەمە بۆ خۆم بکەم؟؟!

خۆئەگەر لە راستیەکەش لانەدەم کە چوومە مەکتەبیشەوە لەگەڵ ماڵەوە هیچ جیاوازییەکم نەبینی هەر ئەو کارانە کە دەبوایە لە ماڵەوە بیکەم، لەوێش لە نێو کتێبدا بۆیان باس دەکردین. ئاخر لە نێو کتێبەکانیشدا هەر کارەکانی دەرەوە پیاوان دەیکەن و کارە قورس و سوکەکانی ماڵەوەش بەشی ژنانە.

دەیان جارم دێتەوە بیر کە لە سەر تەنانەت خوێندنی ئەو شتانەی مەکتەبەیش لێدانم خواردووە و لۆمە کراوم کە ژن و ماڵیان وتووە. هەر ئەوەندە کە بزانێت نوسین و خوێندن چۆنە بۆت بەسەو نایەوێت بڕۆیت بۆ زانکۆ و لەگەڵ پیاوان لە یەك پۆل درێژە بە خوێندن بدەیت. بەڵام بە هۆی ئەوانەشەوە توانیم تا پێم دەکرێت بخوێنم و بڕۆمە زانکۆیشەوە. هەموو ئەمانەشم هەر بەو ئاواتە خەیاڵییەوە تێپەڕاند کە بەڵکوو رۆژێك بێت کە بتوانم لەسەر لاقی خۆم بوەستم و بە شوێنێك بگەم. ئاخۆ "زەینەب" دەبێ بە خۆم بڵێم چاکم کرد یان ئەوەیکە ەەر لە ماڵەوە بمابامەوە هەتا ئەمڕۆ خۆم لەم ژوورە ساردەدا نەبینم و چاوەڕێی لەسێدارەدانی خۆم نەکەم.

سەرمایەکی زۆر ەاتووەتە لەشمەوە. بیرەوەرییەکانم هەتا دێن خێرائیبیان زۆرتر دەبێت و کاتێکی کەمتر دەخایەنن هەتا بە مێشکم دا تێدەپەڕن، ئاخر دەمەوێت لەم دواساتانەی تەمەنم زۆرترین کەڵك وەرگرم.

هە هە هە هە هە فرمیسك بە چاوەکانم دا دێتە خوارەوە و تێکەڵ بە دەنگی پێکەنینی کاتی و بە بێ دەسەڵات ەاتووم دەبێت. دەی باشە من ئێستا دەبێ کەڵك لە چی وە رگرم. خۆ من بیر بکەمەوە و بە بێ بیرکردنەوەش دانیشم و هیچ نەکەم و تەنانەت بشخەوم هەر هیچم لە دەست نایەت و دەبێ خۆم بۆ ماڵئاوایی لە گە ل ژیان ئامادە بکەم.

نە زەینەب تو دەبێ کاتێ کە لەسەر سێدارەکەی و دوایین هەناسەکانی ژیانت دەکێشی بزانیت، دەبێ خۆت، بەڵێ خۆت بزانیت کە ئەمە هەناسە یان باشتر بڵێم ئەمە دوایین هەناسەی کەسێکی تاوانبارە یان نە؟ کەسێکە کە بە بێ ئەنجامدانی هیچ تاوانێك دەبێ سزا بدرێت و کەسانێك

بە بینینی سەمای سەر سێدارەی ئەو شاد دەبنەوە و پێی خۆشحاڵ دەبن. نازانم! من هیچ شتێك نازانم.

راستیەکەی، من ئەوەندە دەزانم کە ئێستا و لەم کاتەدا لە یەك شت دەترسم، لە یەك شت بەس بە تەنها لەوە دەترسم ئەویش شتێکە کە نەك من، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی کە لەوانەی وەکوو من ئەگەر بە بێ هیچ تاوانێك لێرە بن لێی دەترسن و هیوادارن کە بەڵکوو هیچ کات، کاتی هاتنی ئەو ترسە نەگات، ئەویش دەنگی کردنەوەی قفڵی دەرگای زیندانە تاکەکەسییەکەی بۆ ئەوەی کە بیبەن بۆ ئێعدام و چوونەسەر سێدارە. ئەو دەنگە ناخۆشەی کە تەنانەت بە خەونیش کە دەیبینی سەرتاپای گیانت لە ئارەق دەگرێت و چەند رۆژی تەمەن بە خۆەوە سەرقاڵ دەکات کە ئاخو دەبێ چی بوویێت کە ئەم خەونە ناخۆشی بینیبێت و ئاوا پەرێشانی کردبێتم؟

ئەی هاوار ئەوەی کە چاوەڕێم دەکرد هاتە رێگام ئەوە خۆ دەنگی دەرگاکە هات پەلاماری سوچێکی ئەو ژوورە تەسکەم دا هەتا بەڵکوو هەنگاوێك لە مەرگ دوور کەومەوە، بەڵکوو هەناسەیەکی زیاتر هەڵمژم لەم ژیانەی کە قەد قەد تێیدا خۆشیم بە خۆمەوە نەبینی. هیوام ئەوەیە کە بەڵکوو بوومە لەرزەیەك، لافاوێك هاتبێت ، شۆڕشێك کرابێت و ببێتە هۆی رزگار بوونم لەم ساتە وەختە ناخۆشانەی کە هیچ بیرەوەرییەکم تێدا نییە و نازانم لەسەر ژیانی خۆم چی بڵێم و لە کام بەشیەوە دەست پێ بکەم. زۆر دەترسم ترس لە نەکردنی تاوانێك کە دوای کرانەوەی ئەم دەرگایە دەبێ بڕۆم بۆ بینینی سزاکەی. خۆزگە ئەو دەرگایە قەد قەد نەدەکرایەوە.

دەرگای ژوورەکە کرایەوە. دەنگی پیاوك دەبیسم کە دەڵێ:

دەباشە خۆ دەنگ بە لە سێدارەدانی دراوە و لە هیچ نەترسان و وڵامی کەستان نەدایەوە. کەوابوو بۆچی دەمپشکنی، من مەحامی ئەوم و دەبێ دوایین واجبی خۆم بەرانبەر بە ئەو بە ئەنجام بگەیەنم.

دەنگی سەربازە پاسەوانەکە دێت، دەڵێ:

باشە بۆ لە سێدارەی دەدەن؟ خۆ قەول وابوو ئازاد بکرێت یان لانیکەم حوکمێکی کەم بخوات؟

محامیەکە دەڵێت: ئەمانە خۆشیان نازانن چی دەکەن، ئەم وڵاتە نازانم مەحامی بۆچییە، کاتێك دادوەر بەس دەنگی خۆی لا مەبەستە و گوێ بە هیچ مەحامییەك نادات؟

ئاگام لێیە کە سەربازەکە دەڵێت:

تۆخوا مامۆستا هێواش نەکا بیبیسن و تاوانێکیش بخنە پاڵ من و تۆوە و بمانگرن. مەحامیەکە دەڵێت: رۆڵە گیان ئەگەر راست دەکەیت بۆ کاریان بۆ دەکەیت. خۆ جگەرە بفرۆشیت باشترە تا ئەم کارە. خۆ جیاوازی نێوان تۆ و ئەم زیندانیانە بەس ئەوەیە کە ئەوان لەو دیوی دەرگاکەون و تۆ لەم دیوەوە.

ئەرێ وایە، بەڵام لێ گەڕێ مامۆستا گیان واباشترە. گرینگ ئەوەیە کە تەمەنی من لەوان درێژتر دەبێت.

مەحامییەکە دەڵێت: باشە دەی دەرگاکە بکەرەوە با بڕۆمە ژوورەوە.

تۆزێك دێمەوە بە خۆمدا، ئای باشە ئەم جارەیان بۆ بردن و ئێعدام کردن نییە. وادیارە مەحامییەکەم هەواڵێکی پێیە. بڵێی چ هەواڵێك ئەوی بەم شەوە هێناوەتە ئێرە.

زەینەب کچم بە داخەوە هەر سۆڵحیان نەکرد و بە زوویی لە سێدارە دەدرێیت.

قسەکانی پێ دەبڕم. ئەی کاکە خۆ من هیچم نەکردووە. خۆ ئەحمەد خۆی وتی کە ئەگەر بڵێم کوشتنی ئەو ژنە کاری منە، کارمان زووتر تەواو دەبێت و زووتر ئازادم دەکەن. ئەگینا من دووبارە دەڵێم من هیچ کات ژنی ئەحمەدم نەکوشتووە. ئەو فێڵی لێکردم و وتی کە ژنی نییە، کاتێ کە دەستدرێژی کردە سەرم و بووم بە ژن وتی: جارێ ناتەێنم و پێم خۆشە ماوەیەك پێکەوە بین. کاتێك وتم دەبێ لەگەڵم زەواج بکەیت ئەگینا لەگەڵ جەریدە و رۆژنامەکان وتوویژ دەکەم سیغەی کردم و دوای ماوەیەکی زۆریش زانیم کە من هاوسەری دووهەمی ئەوم و ئەو نائینسانە تەنانەت ٢ منداڵیشی هەیە و ئەوانیش وەکو من ئاگایان لە هیچ نییە. دوای ماوەیەك هەستم ئەکرد کە ژنەکەی



بە مەسەلەکەی زانیوە. پێم وت کە تەڵاقم بدات، بەڵام ئەو دەیوت منی زۆرتر خۆش دەوێت و ئەوی ناوێت و دەیەوێت لەو جیا ببێتەوە و من دەبێ منداڵەکانی بە هی خۆم بزانم و وابکەم کە جێگای دایکیان پڕبکەمەوە، بەڵام من هەر خۆم ئەوم لە بەر چاوکەوتبوو و دەمەویست لێی جیا ببەوە. هەروا رۆیشت هەتا ئەو کاتەی کە ئەو سەفەرێکی دەرەوەی وڵاتی کرد و لە کاتی گەڕانەوەی دا تەلەفونی بۆکردم کە بڕۆم بۆ ماڵی ئەوان، کاتێ کە رۆیشتم بینیم کە ژنەکەی خەریکە گیانی لە دەست دەدات. چەندەها شوێنی چەقۆ بەسەر جەستەیەوە دیاربوو کە خوێنی سەر جەستەیم بینی حاڵم تێکچوو، ویستم هەوڵ بدەم بۆ یارمەتی دانی کە بە داخەوە دێر بوو گیانی لە دەست دا.

زۆر ترسابووم. هەڵاتم کە لەو ماڵە دوور بکەومەوە، بەڵام رێك لە بەر دەرگای ماڵەکەدا گیرام. دوای گیرانم زۆریان لێدام و ئەحمەدیش وتی: با رزگارت بێت بڵێ کاری تۆ بووە. ئاغای محامی من لە پرسینەوەکاندا وتوومە کە ٣ جار چەقۆم لێداوە. خۆ دەڵێن زیاتر لە ١٣ چەقۆی لێدراوە. ئەمە دە ریدە خات کە من قوربانی ئەم دۆسیەیەم، تکایە فریام کەون من نامەوێت بمرم. من ٨ ساڵە تاوانی خۆشەویستی و تاوانی نەکراوە دەدەمە وەفریام کەون. فریام کەون، تکایە فریام کەون.

چاوەکانی مەحامییەکەم پڕدەبێت لە فرمیسک.

کچم زەینەب دەزانم. ئەی نەتبینی ئەحمەدی نامەرد چلۆن هەموو ئەم قسانەی وەدرۆ خستەوە و وتی کە تۆ ئەم کارەت لە مێشکدا بووە و لە پێشدا نەخشەت بۆ کێشایەوە و لە نەبوونی ئەو لە وڵاتدا کەڵکت بو ئەنجام دانی کردەوەکە وەرگرتووە. بە هیچ شێوەیەك فرمیسك لە چاوم دوورناکەوێتەوە.

لە ناکاو کاتێ مەحامییەکە دەڵێت کە: کچم بڕوابکە هەموو کەس دەزانێت کە تۆ بێ تاوانی و لە دەرەوەی زیندانیش خەڵکێکی زۆر لە هەوڵدان بۆ بەرگری کردن لەم کردەوەیە، ئارام دەبمەوە و هێز دەگرم کە باشە مادام خەڵك دەزانن کە من بێ تاوانم تۆزێك لە ئازارەکانم کەم دەبنەوە.

دەنگی تەلەفونی مەحامیەکەم دێت، وڵام دەداتەوە بەڵێ، دەتوانن. زەینەب دەڵێت پێمان خۆشە دوایین قسەکانیش ببیسین.

باشە.

سڵاو ئایا هیچ بیرەوەرییەکت لێ بەجێدەمێنن؟

نەخێر هەمووی لەگەڵ خۆم دەبەم.

ئایا ئێستاش دەڵێیت کە تاوانبار نیت؟

بە دڵنیاییەوە من هیچ تاوانێکم جگە لە خۆشەویستیم نییە.

سەربازەکە دێت دەڵێت: زوو تەواوی بکەن نابێت لێرە بە تەلەفون قسە بکەن.

مەحامییەکەم دەڵێت: دوایین قسەکانیەتی بێ دەنگ بە، با بیکات. خۆت لە جێگای ئەو دانێ.

دوایین قسەت چییە؟ دایکم خۆش دەوێت. هەموو ئەو کەسانە کە هەوڵی رزگار بوونمیان دا و بڕوایان پێم بوو، خۆشم ئەوێن. من ژیانم خۆش ئەوێت و تەلەفونەکەم داخست.

دەنگی هاتنی چەند کەس دەبیستم. ئاغای مەحامی هاتوون بم بەن؟ بەڵێ دایك و باوکم لەوێن؟ نازانم. تکا دەکەم با بیانبینم بۆ دوایین جار.

هەستە زەینەب لەوانەیە لەوێ بن!

هاتن، دەست و پێیان بەستم و وەرێیان خستم بۆ سزای تاوانێك کە هیچ کات لە نێو خەویشدا ئەنجامم نەدابوو. هەر هەنگاوێك کە دەڕۆم لە خۆشەویستی و عەشق بە درۆزنێکی جەنایەتکار، پەشیمان تر دەبمەوە. دەمەوێت ئاخر کارێك کە لە دەستم دێت بۆ دایکم ئەنجام بدەم، ئەویش بە بێ ترس مردنە. ئاخر فرمیسکی دایکم لە مردنم ناخۆشترە بۆم.

لە چوارپایەی سێدارە نزیك کرامەوە، سەریان خستم. دایکم بینی. باوکیشم لە پەنایەوە بوو، هەر دووکیان بەکوڵ دەگریان.

دەنگێك بەرز دەبێتەوە و خانمی زەینەبی (...) تۆ بە تاوانی کوشتنی خانمی بەهارەی (...) هاوسەری ئەحمەد لە ریکەوتی فلاندا و دوای ٨ ساڵ زیندان بە سێدارە مەحکوم کراوی و ئێستا حوکمەکەت بەڕێوەدەچێت. قسەیەکت هەیە لە کۆتاییدا بیڵێیت؟

دایکم هاوار دەکات بەخوا بە هەرچی بڕواتان پێی هەیە کچی من بێ تاوانە، ئەو قاتڵی هیچ کەس نییە. داواتان لێ دەکەم مەیکوژن.

منیش سەیرێکی کەسانی دەوروبەر و لەوانە ئەحمەدم کرد و وەکوو دایکم وتم قسەم ئەوەیە کە من بێ تاوانم. من هیچ کەسێکم نەکوشتووە. تاوانباری ئەسڵی ئێوەن کە ژیان لە من وەردەگرنەوە.

چاوەکانم و دەستم و هەر دوو لاقم، دەبەستن و دەڵێن دەست پێبکەن. من دەڵێم تاوانم چی بوو؟ دایە گیان، ئەی هاوچارەنووسی چارەڕەش نووسرام خۆشتم دەوێ کە .... بێ دەنگی شوێنەکە رادەگرێت.

هەواڵی رۆژنامەکانی ئەو رۆژە: "زەینەب خاوەن دۆسیەی قەتڵی بەهارە لە سێدارە درا".

***٢٠١١-١-١١

# گفتووگۆی دەنگەکان لەگەڵ "ئاوا هوما"



**سەرچاوەیەک چیرۆکەکانی من لێوەی سەرچاوە دەگرێت ئێرانە، ئێرانیش جێگەیەکە بەشەر و حقوقی بەشەر فرە ئەهەمیەتی نییە تێیدا،**

**دەنگەکان: بۆچی چیرۆکت هەڵبژارد؟**

ئاوا: نازانم عەجیبە بۆ خۆشم، من زۆرتر پەیوەندیم لەتەک شیعردا زۆرتر بوو ، بەڵام هیچ کاتێک هەستم نەکرد کە دەتوانم شیعر بنووسم. وەلێ وەختێ داستانم خوێند هەستم کرد دەتوانم منیش شتێک بنووسم. فرەتر خۆشیم دی لە چیرۆک ، لە ئاکامی خوێندنەوەمدا زۆرتر نزیکایەتیم لەگەڵ چیرۆکدا پەیدا کرد، وەک لە ژانرە ئەدەبییەکانیتر بۆ نموونە ڕۆمان. نووسینی چیرۆک فرە سەختترە وە کارەکەی هونەرمەندانەترە، کاتێ تۆ چیرۆکێک دەنووسی هەرچی وشە هەیە گرنگی خۆیان دەبێ لە کاتی نووسیندا، بە شێوەیەک کاتێ تۆ ڕستەیەک دەنووسی ناکرێ ئارەزوومەندانە وشەی زیادەی تێفرێدەی، بە خاتری ئەوە زەرافەتێک و دیقەتێک کە هەیە لە ناو چیرۆکدا نییە لە ناو ڕۆماندا.

من پێم خۆشبووە زووم بکەمە سەر ژیانی ئینسانەکان و گۆشەیەک لە ژیانیان پیشان بدەم، جا ئەگەر ڕۆژێک بێت لە ژیانیان یان ساڵێک بێت.

دەنگەکان: کەرسەی چیرۆک لای ئێوە لە خەیاڵەوە **سەرچاوە دەگرێ، یان لە واقعی ژیانی بەشەرەکانەوە؟**

ئاوا: هەرچەندە چیرۆک ئیماجنەیشنە واتە سەرچاوەکەی خەیاڵە، بەڵام من واقع سەرچاوەی چیرۆکەکانمە.

تا ئەو جێگایەی کاتێک کەسێک چیرۆکەکانم دەخوێنێتەوە هەست دەکات لە پای ڕووداوێکی ڕاستەقینەدا وەستاوە. خوێندکارێکم یەکێ لە چیرۆکەکانمی خوێندبووەوە هاتە لام وتی ئەمەی نووسیوتە داستانی ژیانی منە، ئەوە بۆمن زۆر جالب بوو، ئەو چیرۆکە لە خەیاڵی من دەرهاتبوو، بەڵام لەسەر بنەمای واقعیەت.

**دەنگەکان: ژن چ جێگایەک دەگرێ لە ناو چیرۆکەکانی تۆدا؟**

ئاوا: ئەسڵیترین جێگای هەیە لە چیرۆکەکانمدا.

سەرچاوەیەک چیرۆکەکانی من لێوەی سەرچاوە دەگرێت ئێرانە، ئێرانیش جێگەیەکە بەشەر و حقوقی بەشەر فرە ئەهەمیەتی نییە تێیدا، بە مەراتبیش وەزعیەتی ژنەکان خراپترە. ئێران کیشوەرێکە ژن مافی وراسەتی نییە، مافی جیابوونەوەی نییە،مافی هەڵگرتنەوەی مناڵی نییە،ژن بێبەشە لە زۆرێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی، بەو مانایەی ئەگەر پیاوێک ژنێک بکوژێت پیاوەکە حەقی قەساسی لەسەر نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ژنێک پیاوێک بکوژێ ئەوا ژنەکە قەساسی دەکرێت. ژن لە ناو چیرۆکەکانی مندا تەنها چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی ناکات، بەڵکو بەجۆرێک لە جۆرەکان خەریکە بەرگری لە ژیانی خۆیان دەکەن لە بەرانبەر ئەو زوڵم ستەمەی کە لێیان دەکرێت. پێم خۆشە ئەوە بڵێم هەرچەندە شەرایەت سەختە بۆ ژنەکانمان بەڵام ژنەکانمان بە هێزن .

دەنگەکان: کەواتە ئومێدو هیوایەک هەیە بۆ ڕزگاربوون؟

ئاوا: چیرۆکەکانم غەمناکن بەڵام پڕن لە هیوا.

**دەنگەکان: پەیوەندیت لەگەڵ منداڵی خۆتدا چۆنە، یادەوەرییەکانی منداڵیت ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر چیرۆکەکانت؟**

ئاوا: فکر ناکەم، من کە دە ساڵ لەمەو بەر دەستم کرد بە نووسین. زۆرتر لەبارەی خۆمەوە بوو، بەڵام وەک چیرۆک نا. بەڵام کاتێک دەستم دایە چیرۆک نووسین ژیانی خۆمم فەرامۆشکردو چوومە سەر ژیانی بنیادەمەکانیتر، واتە دەردی ژنێکی ترم دەنووسی نەک دەردی خۆم ، بە خاتری ئەوەی بچمە ناو ژیانی ئەوانەوە. خۆ ئەگەر ژیانی منداڵیشم کاریگەری دانابێ ئەوە ئاگاییانە نەبووە.

**دەنگەکان: چ نووسەرێک کاریگەری لەسەر ڕەوتی**

**نووسینت هەیە ، چ لە ئێران یان دونیای دەرەوە؟**

ئاوا: چوونکە من ئەدەبیاتی ئینگلیزیم خوێند بۆیە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا زیاتر کاریگەرییان لەسەر دانام وەک Ernest Hemingway،William Faulkner Raymond Carver، و David Salinger وە لە هەموشیان زیاتر رایمۆند کارڤەر و ئێرنست هێمنگوای. لە ئێراندا گوڵشیری و سادق هیدایەت. خوێندنەوەی کوردیشم ئەوەندە باش نە بووە هەتا بتوانم ئاشنایەتی لەتەک ئەدەبیاتی کوردی پەیدابکەم ،تەنها شیعرەکانی مەولانا کورد و هەندێ جیرۆکی کوردیم خووێندۆتەوە کە عەلی ئەشرەف دەروێشی لە کوردییەوە وەریگێرابووە سەر زمانی فارسی.

**دەنگەکان: کاتێکی تایبەتت هەیە بۆ نووسین؟**

ئاوا: من سەعاتێکی تایبەتم نییە بۆ نووسین، هەر کاتێک هەست کەم پێویستە بنووسم دەست دەکەم بە نووسین. جا ئەگەر ئەوکاتە شەو بێت یان ڕۆژ، گرنگ بەلامەوە کاتەکە لەبار بێت بۆ نووسین، کاتێک بێت زنجیرەی خەیاڵمی تێدا نەپچڕێت.

دەنگەکان: چیرۆکەکانی ناو کتێبەکەت ECHOES FROM THE OTHER LANDلە کەنەدا نووسراون؟

ئاوا: هەموویان نا، سێ دانەیان لە ئێران نووسراون و چواردانەشیان لێرە لە کەنەدا.

دەنگەکان: دونیای کەنەدا، دونیای ئێران ، کامە لەم دوو دونیایە لەبارە بۆ نووسین بەلای تۆوە؟

ئاوا: دونیای ئێران، دونیایی ئێران پڕە لە کێشە بە جۆرێک دەرگایی هەرماڵێک لێبدەی چوار دانە چیرۆکی هاتیا، بە خاتری ئەوەی ئەوەندە ژیان غەریب و عەجیبە لەو وڵاتەی کە پێی دەڵێن ئێران. لێرەنا، ئێرە زۆر سەباتە. ژیانی ئینسان ئارامترە. لە ئێران کە بە جادەیەکدا دەڕۆی دەتوانی لەبارەی دە شتەوە بنووسیت، وەلی ئێرە وانییە.

**دەنگەکان: کێشەی ژنان لە ئێران ، زۆرتر پەیوەستە بە کەلتورەوە یان بە دەسەلاتی سیاسییەوە؟**

ئاوا: بەرای من زوڵم لەسەر ژنان و کێشەی ژنان تەنها پەیوەست نییە بە ئێران یان ڕۆژهەلاتی ناوەراستەوە، بەتەواوی شتێکی یونیڤێرساڵە،چوونکە بەشەر بە سروشتی خۆی ئیگنۆرانتە ، جاهیلە، بەشەر هێشتا نەگەشتۆتە ئەو ئاگاهییە بڵێ من کاتێ زوڵم بە ژن دەکەم مانای وایە زوڵم بەبەشێک لە خۆم دەکەم. من لە ئێراندا ژیاوم و بینیومە چەندە زوڵم بە ژنان دەکرێت. کاتێک هاتمە کەنەدا لەسەرەتادا وام دەزانی لێرە وانییە و وڵاتێکی ئازادە، بەلام ئەو بۆچونەم وادەرنەچوو لێرەش زوڵم بە دژی ژنان هەیە. بوونی ستریپ کلابەکان بە تەواوی کارێکی دژ بە ژنانە بە رادەی یاسای میرات و حەزانەتی منداڵ سەبارەت بە ژنان لە ئێراندا. نابەرابەری و زوڵم لەسەر ژنان لێرەو ئێران تەنها شێوەکانی جیاوازە، ناعەدالەتی بەرانبەر بە ژنان، دەکرێ ریشەی فەرهەنگی و سیاسیشی هەبێ.

**دەنگەکان: چۆن ناونیشانی چیرۆکەکانت هەڵدەبژێریت؟**

ئاوا: فرەکات فەرق دەکات هەم بۆ داستان و هەم بۆ کەسایەتییەکانی ناو داستان. هەڵبژاردنی ناونیشان و ناوی کەسایەتییەکان وردبینی زۆری دەوێ ، چونکە یەکانگیری و هەماهەنگی چیرۆکەکە دەردەخات، بەشێوەیەک ئەو هەڵبژاردنە دەبێت بکرێت کە نەبێتە هۆی لەدەست دانی هەناسەکانی ناو چیرۆکەکە کە دەبێت بەیەکەوە پەیوەست بن. بۆنموونە فاونتن سیمبولە ،کاتێ وەکوو ناونیشانێک بەکاردەبرێ مانای وایە کەسایەتییەکانی ناو داستانەکە خوازیارن وەکوو فەوارەی فاونتن لەوەی کەهەن بانتر برۆن . یان هەلبژاردنی (A River of Milk and Honey) لێرەدا قسەکردنە لەسەر ئەم ئایدیا دینییە کە چ کاریگەرییەکی داناوە لەسەر زهنیەتی ئەو دایکە کە کەسایەتییەکی ناو چیرۆکەکەیە لە بەرانبەر کچەکەی خۆیدا ، بە شێوەیەک وەکوو باوەژنێک هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ کچەکەی خۆیدا،چونکە وا دەزانێ ئەو ناخۆشی و بەد بەختییەی کە دێتە رێیان لە ئاکامی خراپە کاری رەفتاری کچەکەیەتی. واتە لەبنەرەتدا ئایدیا کانی ئاین خەریکە دووبەرەکی بنێتەوە لە نێوان ئەم دایک و کچەدا.

**دەنگەکان: دەتەوێ لە رێی چیرۆکەکانتەوە چ پەیامێک بگەیەنیتە خوێنەرەکانت؟**

ئاوا: من نامەوێ وانە بلێمەوە،بەلام ئەگەر بمەوێ شتێکیان پیشاندەم ئەوا هەوڵدەدەم ئەو گۆشەگیری و خۆدورخستنەوەیە بخەمە ڕوو، ئەوە پیشاندەم چ کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی دەمانەوێ ببین و ئەوەی کە هەین، وە چۆن بیر لە خۆمان دەکەینەوە. لە کۆتایدا من دەمەوێ ئەوە بڵێم هیچ یەکێک لە کارەکتەرەکان لە راستیدا نازانێ خۆی کێیە وەچی دەوێ، بۆیە خوێنەر زیاتر لەڕێی خوێندنەوەوە کارەکتەرەکان دەناسێ و کارەکتەرەکانیش خۆیان دەناسنەوە. بۆ نمونە لە "Silk Shawl" ژن و پیاوێک لە قاوە خانەیەک دانیشتون و قسە لە بارەی هەموو شتێکەوە دەکەن، بەلام لە ڕاستیدا قسە لە بارەی تێکشکاوی پەیوەندییەکانیانەوە دەکەن. ئەو گۆشەگیری و خۆخواردنەوەیە شتێکە دەمەوێ بیخەمەڕوو، لەکۆتایشدا ئەوە خوێنەرە چی لاگەلالە دەبێ ،یان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەبێ.

**دەنگەکان: ئێمە وەک دەنگەکان سوپاست دەکەین بۆ ئە دەرفەتەی بۆت رەخساندین.**

ئاوا: منیش سوپاسی ئێوە دەکەم.

-----------------------------------

**کورتەیەک لەبارەی نووسەرەوە:**

Echoes from the other Land

**ئەوە ناو نیشانی کتێبەکەی (ئاوا هۆما)یە کە پێک هاتوو لە ٧ چیرۆک بە ناوەکانی:**

Fountain

Wind through My Hair

A River of Milk and Honey


I Am One of Them

Glass Slippers

Silk Shawl

Just Like Googoosh

**ئەم کتێبە لە قەبارەیکی مام ناوەندی لە دووتوێی ١٠٠ لاپەرەیدا بە چاپ گەیشتووە لە وڵاتی کەنەدا.**




**ئاوا هوما لە چەند دێرێکدا.**

**ئاوا لە شاری تاران لە دایک بووە ، وە لە شاری سنە لە کوردستان ژیاوە ، وەکوو هەموو کەسێکیتر لە کوردستان سەردمی شەر و راپەرینی بینیوە و لە گەڵ ئازار و مەینەتییەکانی ئەو شارە ژیاوە هەر لە سەرکوتکردنەوە تا گەمارۆی ئابوری و هەڵاوسانی ئابوری لە ئیران و کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٥بە پلەی ماجستێر زمانی ئینگلیزی تەواو کردووە لە زانکۆی عەلامەی تەباتەبای،پاشان وەکوو مامۆستاو رۆژنامەنووس کاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ لە کە نەدا و لە زانکۆی وندزەر ماستەری بەدستهێنا لە زمانی ئینگلیزی و داهێنانی نووسیندا.**

**کتێبی** " Echoes from the other Land" **ئەتوانی بەدەست بهێنی لە رێی کتێبخانەکانی** Chapters **و**Indigo **لە باکوری ئەمەریکا ، هەروەها لەرێی وێبسایتی"** amazon.com **"ەوە.**

**ئەمەی خوارەوەش وێبسایتی تایبەتی ئاوا خانە:**

www.avahoma.com

*** ئەم وتوێژە لە ماڵپەری دەنگەکان وەرگیراوە

# دیمانەی پێشەنگ لەگەڵ «ئەیوب دەباغیان» ئەندامی ئەنجومەن و هەیئەتی پەنابەرانی سیاسی کوردی کوردستانی ئێران لە سلیمانیە.



**پرسیار/ ئێوە کێن و بۆ پێتان دەوتریت پەنابەری سیاسی؟**

وڵام/ ئێمە بەشێك لەو کەسانەین لە کۆمەلگەی ئێران و کوردستان کە بە دەلیلی بونی زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی اجتماعی، نابەرابەری، نەبونی ئازادی بەیان وعقیدە، بوونی فەزای سەرکوت و خەفەقان وسانسۆر وە بگیروبەبند و بکوژ دستمان داوەتە مووبارزە دژی وەها حکومەتێك وە هەرکامەمان بەگوێرەی بیرو باوری فکریمان خۆمان گەیاندۆتە حیزبە سیاسیەکان (لە وانە کۆمەڵە ودیموکرات) وە لە بەشی عەلەنی حیزب سالانیکی زۆر لە ریزی ئەم رێکخراوە سیاسیانەدا شان بەشانی باقی هاورێیانی پێشمرگە خەبات وتیکۆشانمان کردووە. ڕاستە کە لە ماوەی ئەم ساڵانەی لە ناو حیزبەکانمان دا بووین باشترین ساڵەکانی تەمەنمان تێپەر کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا بە گەورەترین سەروەری و ئیفتیخاری دادەنین کە توانیومانە بەشیك لە تەمەن و ژیانی خۆمان لە ریزی خەبات وتیکوشان هاوشانی هاڕێیانمان بۆ نەهێشتنی نابەرابەری و زوڵم و زۆر لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرخان بکەین، زۆریك لە هاوریانی ئێمە لەم رێگەیە خۆینیان دا وە، گیانیان بەخت کرد. کە واتە بەشی ئێمە بۆ مووبارزە قەترەیەك لە دریایەکە.

ئەوەش بڵێم ڕاستە لە رەوتی پراکتیکی هەلسۆران وازمان هیناوە، بەڵام هەربە باوەڕی پێشۆمان کەماکان خۆمان بە ئەندام و لاینگری رێبازەکەمان دەزانین.

بەلێ لەگەڵ دانیشتنمان لە حیزب خومان بە ریکخراوی نەتەوەیکگرتوکان (UNHCR) ناساندووە لە لایەن ئەم ریکخراوە مافی پەنابەریمان پێ دراوە، بەلام بەداخەوە لە دوای دەوریك لە کاری ئەم ریکخراووە بە کردەوە کارەکانی چەشنیك وەستانی بە خۆوە بینی وە تا ئێستا بە هەمو ئەو بارودۆخە ناخوش ونالەبارەی بە سەر ئێمەی پەنابەری کوردی سیاسی دا هاتوە نەیتوانیوە وەك پێویست کار بۆ ناردنەدەرەوە یا خود چارەسەری کێشەکانمان بکات کە رۆژانە لە هەمو بوارەکانی یاسایی، مەعنەوی، مادی وئەمنێیەتی بە سەر ئێمەی پەنابەردا هاتووە.

بۆیە دەتوانم بڵێم کە بە عام لە وەزعێکی زۆر ناخۆش ونالەباری مادی ومەعنەوی بەسەر دەبەین وچ خۆمان وچ منداڵەکانمان کە نەوەی دواڕۆژی ئەم وڵاتەن لە سەرەتایی ترین ئیمکانات بۆ راهینان و پێگەیشتن بێبەشن و تەنانەت زۆر بە سەختی دەتوانین بژێوی رۆژانەی ماڵ ومنداڵمان دابین بکەین و لە هەموو ئاسایش و راحەتیەکی ژیان، کە مافی هەرتاکێکی کۆمەڵە بێبەشین. دەبێ بلێم کە هەمووومان کرێچین و بە راستی دابینکردنی کرێی مانگانە لە سەر دانە بە دانەی ئێمەی پەنابەر قورسایی دەکات.

هەروەها کەمینەیەکمان یان کەمئەندامن یان توشی نەخۆشی درێژخایەن هاتوون کە بە داخەوە توانای هیچ کارێکی رۆژانەیان نیە تەنانەت دابین کردنی دەواو دەرمان بۆ خۆی گرفتێکی گەورەیە کە لە بەردەمی نەخۆشەکانمان هەیە و دەبێ بڵێم کە هێند یێك لە نەخۆشەکانمان بە داخەوە بە پێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی حکومە تی هەرێم و وەزارتی تەندروستی ئیمکانی چاك بونەوەیان لێرە نییە، دەبێ لە دەرەوەی عێراق چارەسەریان بۆ بکرێت کە ئەم ئیمکانە هەر بە تەواوی لە توانای ئێمەی پەنابەر بەدەرە، مەگەر لە ری یوئێن یان حکومەتی هەرێمی کوردستنەوە بتوانرێ جێ بەجێ بکرێت.

**پرسیار/ جەمعیەتی پەنابەرانی سیاسی بەگشتی لە هەرێمی کوردستان چەندە و لە سلێمانی چەند دەبێ؟**

وڵام/ لە راستی دا بە گشتی خۆی لە چەند هەزار کەس دەدات لە هەرێمی کوردستان کە بە وردی ئامارم لانییە وە لە دوو بەشی پەنابەرانی سیاسی پێشتری ناو حیزبەکان، و ئەوانەی پێش پروسەی روخانی رژێمی بەعسی سەدامی لە ئۆردوگای رومادیە دەژیان، بە گوزەرانێکی پرلە چەرمەسەری و ناخوش. بەڵام وەك سلیمانیە کە

مـــن و هاورێانم تێـــدا ئەنجومەنین دەبێ بڵێـــم کە پتر لە ٦٠٠بۆ٦٥٠کەســـین بەپیاو، ژن و منداڵەوە کە بە هەر دوو کەیســـی پەنابەر وپەناخۆازەوە ســـەرجەم٢٠٠بۆ٢١٠کەیس دەبێن، و پتر لە ٩٠کیســـیش کە عائیلە و مجەرەد لە خۆی دەگرێـــت بە بریاری یوئێن لـــە لایەن ئێمەوە ناونوس کراون کە مقابیلە بکرێن بۆ پەناخۆازی بەڵام تائێســـتا چاوەروانن و مقابلە نەکراون.

**پرســیار/ لە روی ئەمنیەوە وەزعتان چۆنە و تا چەند حکومت و دەزتگا ئەمنێکان تۆانیویانە هاوکارتان بن لە پاراستنتان؟**

وڵام/ لـــە ناحییـــەی ئەمنیەوە ئێمە سووپاســـی دەزگا ئەمنێکانـــی حکومتی هە رێمی کوردســـتان دەکەین کەتا ئەو جێگایەی توانێویانە لە پاراســـتنی باری ئەمنی ئێمە تێکۆشـــاون و دەریغیـــان نەکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئێســـتاش هەر نیگەرانیـــن لە بەر ئەوەی کـــە پێمان وایە جمهوری ئیســـلامی هەردەم هەرەشەیە و لە کەمین دایە بۆ راوەدونان و تیا بردنی نەیارانی سیاسی خۆی و هەر ئەوەش وای لێکردویـــن کە بەردەوام بەو پەڕی ترس ودڵە راوکێ وە لە مەحدودیەت دا ژیان بە ســـەربەرین، بۆیە داوامان ئەوەیە کە بە جدی کاربکرێت بۆ بەرێکردنمان بۆ وڵاتی ســـێ یەم واتە شوێنێکی ئەمن بۆ خۆمان و داهاتووی منداڵەکانمان.

**پرســیار/ لــە گەل ئــەو هەمــو کەمتەرخەمــی یوئێن ئایـــا خۆتان و پەنابەران بە گشـــتی هەوڵتـــان نەداوە بەشیوازگەلی رێپێوان و ئیعتراز و مانگرتن یان وەکو لە رێـــی حکومەتی هەریمەوە زەختیان لـــێ بکەن بۆ ئەوەی باشتر بتوانن وڵام بە نیازەکانتان بدەنەوە؟**

وڵام/ لە راســـتی دا ئێمەچەندها جار مانگرتن و رێپێوان و نارەزایەتیمان لـــە دژی بە کەم زانینمان و کەمتەرخەمی یوئێـــن دەر بریـــوە بەڵام بە داخـــەوە تا ئێســـتا نەتوانراوە نتیجەیەکی باش و لە قازانجـــی پەنابەری لێ بکەوێتەوە، تەنانەت لە گەڵ حکومەت و پەرڵمان و زۆرێك لە لایەنەکان و وزارتی مافی مرۆ فیش دانێشتوین داوامان لێ کردون کە لە باری حەقوقیەوە داکۆکی کاری پەنابەر بەن و گوشـــار بخەنە ســـەر یوئێن و ئەوانێش هەرچەند قەولی هەمو جۆرە هاوکاریەکیان داوە بەڵام تا چەند عەمەلی بۆتەوە بەداخەوە دیار نێیە، هەر بۆ ئاگاداریتان ئەخیر رێپێوان و نارەزاێتیشمان لە رێکەوتی٢٠١٠/٨/١٨بووە بۆ بەردەم مەقەری ئەســـلی ســـازمانی ملەل لـــە هەولێر، و لە زۆریك لـــە کاناڵەکان و هەروەها کۆمەڵە تی فی دا بڵاو بۆتەوە.

**پرســیار/ ماوەیەکــی زۆرە ئەوانــەی پێیــان دەوترێت رەوتی بزوتنەوی ســەوز لە رێــی یوئێنەوە وەردگیرێن و رەوانەی وڵاتانــی ئوروپایی لە وانە ئاڵمان و بە زۆری فەرانسە دەکرین، ئەی چۆنە بۆ ئێوە وها کارێک ناکرێت؟**

وڵام/ ڕاستە ئەوە بۆ نێزیکەی ساڵێك دەچێت کە بە لێشاو وڵاتانـــی رۆژئاوایی بە زۆری ئاڵمان، بەتایبەتی فرانســـە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی جەماعتی بە ناو رەوتی سەوز و یوئێن کاری وەرگرتن و هاوکاری مادی و باقی ئاســـان کاریەکانیـــان تا کاتی روێشـــتنیان کە چەند مانگیك زێاتر ناخایەنێت بۆ دەکات، بەڵام بە بڕۆای خوم ئەمە مەبســـتی سیاســـی لە پشـــتە دەنا واقعیەت ئەوەیە کـــە ئەمانە قەت رۆژێك لە رۆژان نەبەقەت میلەتی کورد غەدریان لێ کراوە وکوشـــتار و تەحقیر کـــراون و نە قەت بە قـــەدەر خەڵکی کوردســـتان لە بزوتنەوە جەماوەری وحیزبیەکان، بە چەپ و راستیە وە مووبارزەیان هەبووە لە دژی کۆماری ئیسلامی، وە رەهبەرانـــی ئەم بەناو حەرەکەتە (موســـەوی وکەروبی) لە بیرمان نەچیتەوە هەرئەوانەن کە بەدرێژایی ســـاڵانێکی زۆری ڕابردو دەســـتیان بە خوێنـــی زۆرێك لە رۆڵەکانمان وخەڵکی ئازادیخۆازی ئێران وکوردســـتان سورە. مەگەر لە ســـەردەمی دەسەڵاتی موســـەوی و بەبریاری ئەو نەبو بە هـــەزاران زیندانی ئێعدام کران و لە گۆرِە بە کۆمەڵەکان دا بەشاراوەیی چاڵ کران.

**پرســیار/ ئــەی حکومەتی هەرێمی کوردســتان چی بۆ کــردون یان ئێــوە تائێســتا داواکاریتان پێشــکەش بە حکومەت کردووە؟**

وڵام/ ئیجازەم بدە لەبەشـــی دوهەمی پرسیارەکەتەوە وڵام بدەمـــەوە، دەبی بڵێـــم بەڵی ئێمە وەك نوینـــەری پەنابەران چەندین جار هەســـتاوین چ لە هەولێر و چ لە ســـلیمانیە لەگەڵ بەرێزان سەرۆکی پەرڵمان وپەرڵمانتاران و حکومەت، وەزارتەکان، تەنانەت حیزب و رێکخراوە کۆمەك بەخشەکانیش بە دانیشتن و بە نوسراوی کەتبی داواکارێکانی خۆمان پێ ڕاگەیاندون کە بریتی بوە لە دوو بەشی حەقوقی ومافەوانی، بەڵام ئـــەوەی کە تا چەند بە پیر داواکانمانەوە هاتون دەبێ بلێم بە داخەوە تائێستا نەیانتوانیوە وڵامێکی دلخۆشکەرمان بە شـــیوەی عەمەلی بدەنەوە. هەر چەنـــد لە گفتوگۆ و دانیشـــتنەکان دا لە هیچ داوایەکـــی ئێمە روگەردان نەبون و تەنانـــەت هێندێك جار گلەیی ئەوەیـــان لێدەکردین کە بۆ درەنگ هاتوین. وەلحاســـڵ ئێمە تەوەقعمان لە حکومەتی کوردســـتان ئەوەیە کە وڵامی موسبەت و کرداریمان بداتەوە وە و جیامان نەکاتەوە لە هاووڵاتیانی کوردی ئێرە وەك چون ئێمەش خۆمان جیا ناکەینەوە.......

**پرسیار/ ڕێکخراو و حیزبە کوردستانیە ئێرانیەکان تا چەند توانیویانە لە هەوڵ دابن بۆ حەلی کیشەکانتان؟**

وڵام/ بە گشـــتی ناتوانم بلێم کە هەر هەموویان نە قشیان هەبووە لە هەوڵ دان بۆ چارەســـەر و حەلی کێشـــەکانمان، ئێمەش ڕازی نابین بەوەی داوا لە هەر ڕێکخراویك بکەین بۆ چارەسەری کێشەکانمان، بەڵام تا ئەو جێگایەی بەو حیزبانە دەگەڕێتەوە کە پێشـــتر خۆمان تیایاندا هەڵســـوراو بووین و دانیشـــتنمان لە گەڵ کردوون بۆچارەســـەری کێشەکانمان درێغیان نە کردووە و بە پێی توانا هەولیان بۆ داوین چ لێرە چ لە دەرەوەی وڵات.

**پرسـیار/ لەگـەڵ ئەوەی بـاس لە ئەگـەری ڕۆخانی ڕژێمـی ئێسلامی دەکرێت ڕای ئێوە وەک هەڵسـوراوێکی سیاسـی چییە؟ و ئەگەر وەها وەزعێک بێتە کایەوە ئێوە پەنابەران هەر بەردوام دەبن لە ڕۆیشتن بۆ هەندران یا دەگەرنەوە بۆ وڵاتی خۆتـان؟**

وڵام/ لە بارەی نێشانەکان بۆ روخانی جمهوری ئێسلامی و خۆپێشـــاندانەکان ڕاستە کە چی تر خەڵك ئەم رژێمەیان ناوێت وە دەبی نەمێنێت، و ئەوەش شـــاراوە نییە ئەم رژێمە لە ماوەی پتر لە ســـێ دەهەی ڕابـــردوی تەمنی بە هەم شـــێوەیك خەڵکی ئەشـــکەنجە و ئازار داوە و ســـەرە تایی تریـــن مافەکانیانی لێ ســـەندونەتەوە، هەردەنگێکی حەق خۆازانـــە ودژی خـــۆی خەفە کـــردوە وەزعێکی خەراپی ئابوری بۆخەڵکی ڕەخســـاندووە بە شێوەیەك کە دەتوانم بلێم دوو لە ســـەر پێنجی خەڵك لە ژێـــر هیلی هەژاریدا دەژین و لـــە ئاکامی ئەم نارەزایەتیانـــە دایە کە ڕۆژانە خەڵکی ئێران دەرژێنە شـــەقامەکان و لە دژی رژێمی ئێســـلامی ئێعتراز و ڕێپێوان دەکەن. وە ئەوەش ڕاســـتە کە رژێم تووشی قەیرانی سیاسی و ئابوری گەورە هاتووە بەڵام ئەو بۆچونە ڕاستە ومنێش لەو باوەڕەدام جارێ زووە بڵێین رژێم لە سەرە مـــەرگ و ڕۆخان نیزیك بۆتەوە بۆیـــە کەی توانرا ئێعتراز وخۆپێشاندانەکان لە روی سیاسی و ئابوری یەوە سەراسەری و فەراگیرتر و لە ئاســـتی هەمو شـــارەکانی ئێران بێتەوە و کرێـــکاران وەك چینی ســـەرەکی و بزوێنەری واقعی بەم نارەزایێتیانە پەیوەســـت بوون و حکومەت توانای ســـەرکوت وداپلۆســـینی نەما ئەو کاتەیە کە ئالوگورێکی جەماوەری بەرین دێتە کایەوە. و لە وەها کاتێك دا ئێمەش شان بەشانی حیزب و ڕێکخراوەکانمان و هەمو جەماوەری ســـتم لێ کراو بشدار دەبین لە ئاڵوگۆرەکان بۆ روخاندنی رژێم.

**پرسـیار/ باشـە ئەی پێت وا نییە ئەمریکا بی هەوێت پلان بۆ روخاندنی رژێمی ئێران دابنێت وەک چۆن دیمان لە افغانستان و عێراق وای کرد؟**

وڵام/ نەخێر پێم وانێیە کە تائێســـتاش ئەمریکا پلانی بۆ روخانی جمهوری ئیســـلامی هەبێت و ئەو ئەگەرە لە ئێستا دا لاوازە، و ئـــەوی کـــە دەلێن گویا ئەمریـــکا و ولاتانی رۆژئاوایی لە پشـــت ئـــەو هەڵچونـــو ئیعترازاتەی دوای هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری احمدی نژاد بوون راست نییە و دیعایـــەی رژێـــم خۆی بوو، بۆ ئەوەی دەســـتی کراوەتر بێت بۆ ســـەرکوتی ئیعترازاتی خەلـــك، تەنانەت لە کاتی خۆپێشـــاندانەکاندا وهێرشی هێزەکانی رژێم بۆ سەرخەڵکی، سەرۆك کۆماری ئەمریکا ئەم وەزعەی بە کێشەی ناوخۆیی ناو لێ برد. بەکورتی ئەوە بلێم ئەمریکا کاتێك پشتگیری لە بەرەی ئوپوزسیونی بورژوازی ئێران ولیبرالەکان بە مەرجی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نەك خەڵکی دەکات کە دڵنیا بێ وسوور بزانێت رژێم لە لێواری روخان ونەمان دایە، بۆ نمونە (وەك ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە زانی مانەوەی شاە محاڵە و دەروخێت هات لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی پشتیوانیان لە رەوتی مەزهەبی خومیەنی کرد وهێنایانە ســـەر کار) بەڵام ئەو فشـــارانەی ئەمریکا ئێســـتا دەی هێنی بۆ رژێم زیاتر بۆ ئەوەیە پێی بلێت دەســـت لـــە دژایەتی کردنی ئەمریکا وبەرژەوەندیەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەڵگرێت و هەر وەها لە پرۆژە ئەتۆمیەکەی بۆ بە دەســـت هێنانی چەکی ئەتۆمی.

**پرسیار/ئەو داواکاریانەی هەتانە چین؟**

وەڵام / داواکاریەکان بریتین لە:

١- هەرچـــی زوتـــر کار بۆ بـــەرێ کردنـــی هەموو ئەو پەنابەرانەی بە ڕەســـمی وەرگیراون و کار بۆ بەرێکردنیان نەکـــراوە بکرێت (بۆیە داوامان لە هەموو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆســـتەکان، وەزارتی مافی مـــروڤ و ئێن جی ئۆکان و حکومەت ئەوەیە هاوکارمان بن و هەوڵی جدیمان بۆ بدەن چ لێرە و چ لەدەرەوە ژنیف).

٢- هـــاوکات لە گەڵ ئیش کردن بۆ بە ڕێکردنی پەنابەران بـــۆ وڵاتی ســـێیەم مقابەلەکردنی دووهەمـــی پەناخۆازان بکرێت بۆ ئەوەی وەك پەنابەر بە رەسمی وەربگیرێن وەکار بۆ بەرێکردنیان بکریت.

٣- هەروەك دەزانن ئێمە پەنابەرانی سیاســـی لە وەزعێکی نالەباری مادی دا ژیان بە ســـەر دەبەیـــن بۆیە داواکارین لە حکومەت یارمەتیەکی مانگانە کە بتوانێ بەشـــێك لە پێداویستیەکانی ژیانمان چارە سەر بکات بۆ دابین بکات.

٤- گەیاندنـــی ئەوکۆمـــەك و یارمەتیانەی کە لە ڕێگەی حکومەت و ریکخراە خێر خوازەکان و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە

دابین و دابەش دەکرێت بەسەر ئاوارە و پەنابەران و کەسانی لێ قەوماو، داوامان ئەوەیە ئێمەش بگرێتەوە و ئێمەیان بۆ پێناسە بکەن تا لەرێی ئەوانەوە یارمەتی بکرێن.

٥- هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا کەمینەیەکی نەخۆشمان هەیە کە پێویستیان بە چارەسەر و عەمەلیاتی بەپەلە هەیە وهێندێکیان بە پێ ی گوزارشی پزیشکی (لیژنە پزشکی ) حکومەتی هەرێم کە تەقریرەکانیان لای خۆیان هەیە، عیلاجیان لە دەرەوەی عێراق دەستەبەر دەبێت بۆیە داواکارین لە هەنگاونان بۆچارەسەرکردنیان و بۆ چاك بونەوەیان داوامان لە حکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکان ئەوەیە کە لە سەر ئەرکی خۆیان هەنگاو بۆچارەسەریان بنێن.

٦- داواکارین لە حکومەت و لەلایەنەپەیوەندی دارەکان ئیمکانی مەسکەنمان بۆ فەراهەم بکەن چون بەڕاستی توانای دانی کرێ ی مانگانەی ژیانی کرێ چێتیمان نییە.

**_ سپاس بۆ وەڵامەکانتان**

_سپاس بۆ ئێوەش



# مانڤێستی هەستان

نیا کامیل



بۆ شۆڕشێک کە بڕیارە ڕووبدات
مانڤێستی هەستان
هەستاین بەیانیە، خۆر لە پشتمانە
ڕوناکیە.
ڕقی تورەیی ئێمە، لە ئاوابوون و
تاریکیە.
تارمایی نین شۆڕشین، شۆڕشی
چارەنوسین، لێتان وەڕستین
بڕۆن.
گوێگرن دەنگی پێی ئێمەیە
لە گەروی خیابانەوە دەلەرزێنێت
عەرشتان.
هەستاین بەیانیە
نەسلی شەقام ڕوو لە زیادیە
هەستانی یەکجاریە، نۆبەتی
ڕزگاریە.
هاتین. دەستی زۆرداری
بکەینەوە لەگەروی خنکێنراوی
خۆمان، ئیتر ڕۆژگاری
بێداریە.
وەرن هاورێیان شۆڕش لەدژی
زۆرداری، برسی وبێکاریە.. کاتی
ڕەهاییە.
ئازادی وەرزی پێنجەمی ساڵە
پشکوتنی خەنچە و هەڵوەرینی درکی
نابەرابەریە.
هەستاین بەیانیە
گڕی ڕق، لە درک و داڵا بەردەبێت
خواستی ئێمە ئاوەدانیە
تورەین لێتان.
لە گەروی تینو و وشکهەڵهاتووی
ئێمەوە، سرودی ژیان دۆستیە
لە ڕێگادایین.
پێی ئێمە لەسەر زەویە ، ئەوەی
دەکەوێت ئێوەن ژێر پێتان
خاڵیە.
هەستاین بەیانیە
شەقام شەپۆلەدا لێناگەڕێین
فەسڵی شکاندنی بت و کۆتی
یەخسیریە.
وەرنە مەیدان هەڤاڵان
پڕبە گەور هاوارکەین
بڕۆن...بڕۆ...بڕۆن
بڕۆن.
ئاکام هەربە ئێمە دەبڕێت دنیایەک
کە پڕی نان و ئازادیە، خاڵی لە
کۆیلەیەتیە.
هەستاین بەیانیە، خۆر لە پشتمانە
ڕوناکیە.
ڕقی تورەیی ئێمە، لە ئاوابوون و
تاریکیە.



# من قاحبەم



ن: باران میلان

شەڕەفی "پیاو"ە کەم دە نێوگەڵمدا ئاویلکە دەدا.

هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژی بەرێ قاحبەترم،
هەموو ڕۆژێ ژنایەتییەک دەمندا دەمرێ،
هەموو ڕۆژێ ژنێک لە بەرەی من بە خەنجەری ناموس دەپێکرێ.

لەباتی هەموو ژنانی دنیا،
من بکووژن.
من هەرچییەک لەو دنیایەدا بێ
دەستی دەگەڵ تێکەڵ دەکەم.

دەست دەگەڵ خەمی نان تێکەڵ دەکەم،
دەست دەگەڵ بێوڵاتی تێکەڵ دەکەم،
دەگەڵ چەکت،
دەگەڵ سەنگەرت،
دەگەڵ ئاوارەییت،
ساڵانێکە دەست تێکەڵ دەکەم.

دەگەڵ زامەکانت،
دەگەڵ چڵکی جلەکانت،
دەگەڵ ئاشپەزخانە دەست تێکەڵ دەکەم.

من دەگەڵ قەلەم دەست تێکەڵ دەکەم،
دەگەڵ ئەو خەونانەی دەیاننووسمەوە،
دەگەڵ کتێبی شێعرم، دوور لە چاوی تۆ،
دەست تێکەڵ دەکەم.

دەگەڵ تۆ کە خۆشم ناوێی،
دەست تێکەڵ دەکەم.
لە من قەحبەترت لێ هەڵناکەوێ.

من دەگەڵ گوڵەیاسەکان،
دەگەڵ بۆنی باغ،
دەگەڵ تەنیایی،
دەگەڵ گەسک،
دەگەڵ ئاورگ،
دەگەڵ سەماوەر،
دەگەڵ ئیستیکانی چا،
دەست تێکەڵ دەکەم.

ئیمزای کەن!
تکایە ئیمزایەک لێرە،
نا، نا، ئیمزایەک لەوێ،
٢٥ی نۆوامبر

بە تیژتر لە ڕۆژان.
تۆ سەری چاک و پیران ئیمزای کەن!
تۆ سەری پێغەمبەران ئیمزای کەن!

من کە دین سەنگبارانی کردووم،
کە ئایین دە کیسەی ئاخنیوم،
هێشتا دەمکووژن،

پێش ئەوەی درەنگ بێ.

هەموو ڕۆژێ خەنجەرێکم لە سەر ئەوکە،
هەموو ڕۆژێ کوتکێک بەرەو سەرم دادەهێڵدرێ،
هەموو ڕۆژێ بەردێک وە کاژەلاکی سەرم
دەکەوێ،
هەموو ڕۆژێ شەرەف دەمکووژێ،
هەموو ڕۆژێ نامووس لێمدەدا.



لە هەموو ڕۆژێک قەحبەترم ئەمرۆ.

هێندە دەگەڵ تەنیایی دە نوێنێکدا بووم،
هیچ لە شەرافەتت نەماوەتەوە،
هێندە دەگەڵ بیری ئەوینێک
کە لێت زەوت کردووم دەستم تێکەڵ کردووە،
ئەگەر هەموو ڕۆژێ بمکووژی دیسان
بێشەرەفی.

هێندەم باری کۆڵم لە سەر سنووران
دە ئامێز گرتووە کە ئیتر
ئامێزم بۆ تۆ ناکرێتەوە.

هێندەم خۆ داپۆشیوە کە ئیتر
جوانیم دە خەوێش نایە.

من ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژێ قەحبەترم.
من هەموو ڕۆژێ قەحبەیەکم.

من دەگەڵ غەمی کۆرپە، دەگەڵ قۆنداغەکەی،
دەگەڵ قۆنداغەی تفەنگی تۆ،
دەگەڵ بێ داهاتووییمان،
دەگەڵ بێوڵاتیمان،
دەگەڵ کیفی بەتاڵی قوتابخانەی قوتابییەکەم،
دەگەڵ دەرد، دەگەڵ برین،
دەگەڵ ئاخ،
دەگەڵ خەونی خۆشییەکان،
دەستم تێکەڵ کردووە.

بمکووژە!
لە من قەحبەتر،
لە ژنی کورد قەحبەترت لێ هەڵناکەوێ.
بڕوانە چاوە ماندووەکانم!
نیگام ببینە!
بۆت دەردەکەوێ
شەکەتی زرەناموستم،
بێزارم لە شەرەفی خوازراوت،
بێزارم
بێزارم
بێزارم

# دەست لە نێو دەست

وریا نازری

لەژێر چەپۆکەی سەرمایە
لە گشت شوێنێ گژەبایە
بولبول لە باغ دەنگی نایە
هەڵۆ لە شاخ بێ پەنایە

هەور رەشە و تیشکی هەتاو
بۆ درینی لە هەوڵدایە
تەنیا لە کان و کارخانە
نوورێک هەیە و هی چرایە

لە دۆڵ و دەشت لە دێ و شار
دست لە نێو دەستم بنێ
رێگە ببرە بەرەو هەتاو
بێ ماندوو بوون بەگر، بەتاو
٢٠١١/١/١٤
زرگوێز




# منی ژن

سەرگوڵ بێتووشی

لە داوێنی ئازارێکا لە دایک بووم
لە بری مۆم
مەشخەڵی خەمیان بۆ داگیرساندم
هەر ئەو شەوەی چاوم پشکووت
لە بەرچاوان
بەڵێ لە بەر چاوانی نێرینەی خێڵەکەما
بووم بە ئاوێکی سەرەرۆ
بووم بە مەترسی بۆ ناموس
هەر لەو کاتەوە
یارێکیان بۆ دیاری کردم
هاتن و لە بن گوێم وتیان:
ئیتر تۆ لەمەودوا
یار و هاودەمی بێ بەختی!
لە گەڵ گەورەبوونما
هەستم دەکرد
ئەرێ خۆ وایە
تەنیام و هیوام کەمە
ئەوەی خەریکە ژیانم دەتەنێ
خۆ هەر بە راست، ناوی تەمە!
بەڵام منی تەنیا
بڕیارم دا
لەسەفەرێکا
بۆ ناو دەروونم و
دەروونی هاوڕەگەزەکانی وەک خۆمدا
لە کەناری
عەشق و هیوا لەنگەر بگرم
بڕیارمدا
هەرگیز
لە تاریکییە موتڵەقەکان نەسڵەمەمەوە
رۆیشتم و
بە کەندەڵانی گوناح و شێتیشدا هەڵکشام

لە رێگادا پەپوولە و
دایک و
تەمەن و
فرمێسک و
تاسانم دیت
ئەوانیش هەموو مێینە بوون
وتم
وەرن با ئێمە ببینە پێشەنگ
ئێمە ئیتر
چیتر سۆراغی دڕک و
کڵپە و
قەفەس و
دیلێتی نەگرین
وتم وەرن
با ئێمە مێژوو
لە رەش نەجات بدەین
وتم وەرن
با مۆمەکان داگیرسێنین
با لە رەهێڵەکان تێپەڕ بین
با دەرگا بۆ ئازارە خەماویەکان نەکەینەوە
وتم وەرن
با چیتر تەبا نەبین لە گەڵ
بکوژانی خۆمان و حەزەکانماندا
با ئاوێنە روشاوەکان بشکێنین
وتم با
هەتوانی زامە بێ هەتوانەکان بدۆزینەوە
با لەمەولا



هەمووومان
مەمک بخەینە دەم کۆرپەی هیوا
با لەبری فرمێسک بۆ لەمەودوا
دەمدەمانێ لە گەڵ
خۆر و ئەستێرەدا بکەین
با خۆمان لە کانیاوی نەترسان هەڵکێشین
وەرن با بە هەمووومان بە یەکدەنگ
بە مێشکی تەژی لە ژەهری رەشی
دواکەوتوویی و گوماناوی
نێرینەکانی خێڵەکانماندا
بچریکێنین و بڵێین:
ئێمە ئیتر
لە هەناوی لە چەشنی شەوی
سامناکی ئێوە گوزەرمان کرد
ئیتر ئێمە ئێستا
دەستنوێژ لە کانیاوی
عەشق و ژیان هەڵئەگرین و
چاوبڕکێ لەگەڵ
ژیان و گوڵی سوور و
تریفە و وردە بارانی
دەمەو بەیانیاندا دەکەین
ئێمە ئیتر
بەرەو وەرزی حەسانەوە
رێگە ئەبڕین و
دەمانەوێ
بەژنمان لە بەژنی هەست و خەیاڵی
مرۆڤایەتی راستەقینە بئاڵێنین و
پڕیشکە شەونمی سەحەریش
بەسەر هەموو خەیاڵە نیوە تەڕەکاندا
بپژێنین

٢٠١١/٤/١٦

# ژیان

دوو کۆتر بوین،
کەباڵی یەکترمان شکاند
دابەزاین،
لەبەرزی ئاسمان و،
لقی دارو،
تابلۆیی ئارمە سوورەکان.

بوین بە ئینسان،
گوڵمان-بەنان گۆڕیەوە
درۆ-بە عیشق
سکەخشکێ-بەفریین
قارەمانێتی-بە شوو
نەمری-بە مناڵ و
کفنێکیش-بەئارمەکان

چەندکۆترێکی ترمان
بریندارکرد
من دەبەر-کچێ
ئەویش د ەبەر-کورێ
تا دوونیای زەوی ،لە خۆیمان ،
بگرێ

ژیان، لە
بێزار بووین،
لەمناڵ
کفن
سکە خشکێ
درۆ
نان
لەبەخشینێکدا
دەمانەوێ ببینەوە کۆترو،
بەرزی ئاسمان-بەماڵ و
ئەستێرە-بە هاوەڵ و


پێشرەوی -هەڵگری ئاڵا سورەکان
وە ئەو کۆترەی،
کەباڵمان شکاند،
بە دەزگیران.

من سێ،
ئینسانی چوون خۆم دەگەڵ دایە،
ئەویش دووان،
تێ فکرین ،
ماڵ و مناڵ بە جێهێشتن، بۆ لەحزەیەک،
بچوکترە،
لە کوشتنی کۆترو،
فرۆشتنی
گوڵ - بە نان و
سەربەرزی- بەسکەخشکێ و
بستەزەمینێک - بە بەرینی ئاسمان.
بووینەوە،
بە کۆترو،
دوایەش جارناجارە،
بە ئینسان.

لە لەحزەیەکدا،
پێکەوە دەچینەوە،
سەر سەحرای ئاسمان و
بەرزی دارو
ئەولەحزەیەی کە دابەزین
ئێمە پێیدەڵێین، ژیان
دوایەش،
کە گەراینەوە،
بۆزەوی وەک ئێوە تێکەڵ دەبین
دەبینەوە،
بە مردووان

بەرزان کاوە

مانگی/١١-٢٠١٠



# شێعرێک بۆ تەنیایی خەڵکی دونیا

ن: مینا اسدی
و: پیمان

ب، وەک بۆمب
وەک برنج
وەک باڕوت

خەون و خولیای دەریای لەسەردا بوو ماسی
خەون و خوایلیای دەریام لەسەردا بوو
شانیدایە بەر کابووسی زۆنگاو
شانم دابە بەر کابووسی زۆنگاو
بە لەتە نانێک ڕازی بوو
منیش ڕازی
تۆ بووی کە خۆت بۆ ڕانەگیرا.

لەخەودا بووم
کابووس بوون خەونەکانم
لەخەودا وەبەر قامچیت دام
تۆ دەستت پێکرد
بە بۆمب و
برنج و
بارووت
برسی بووم من
برسی بووم
پێ پەتی
سەرگەردان
بە کۆڵانەکاندا دەگەڕام
دەگەڕام
ڕووخابووم من
ڕووخاو
لە وێرانی منداڵەکانم
لە وێرانی ژنەکانم.

پیاوەکانمت لەپێشتردا بردبوو
گەڕانەوەیەک لە ئارادا نەبوو

نا تەنانەت
کراسێکیش بۆ بۆن پێوە کردن
بۆچی ئاشتیم نەدەویست
دەمویست
شەڕ ئەنگێز نەبووم
ئاشتی خواز بووم و
گۆشەیەک لە خاکی دنیا
-بچووک-
بۆئەوەی تیا ئۆقرە بگرم و
ڕواڵەتەکانی تیادا بێنمەوە بەر زەین
تاریک و تێکەڵ بوون وێنەکان
-وێنەکان لەپێشدا سووتابوون
سوتاندبووتن-





بە کابووسەکان ڕازی بووم
بە کەمێک
بەکەم
بە تۆزێک
بە قەترە
تەنیا تا ببم
نەتهێشت.
...
لەخەودا بووم و
دێتەوە بیرم
ئەو دەشتە کاکی بە کاکیە خامۆشە
دێتەوە بیرم
دەستەکانی
چاوەکانی
ڕوانینەکانی
منالّی و
تازە لاوێتییەکەیشی
دەرس و دەور و کتێبەکانی
کارنامەکەی
ورد و خاش بوون
لەسەر مینە چێندراوەکانی تۆ بوو.

تۆ مینت چاند
تا من دروێنە بکەی
کردیشت
بێ دەست و پێ
بریندار و دڵ شکاو بووم،
بەڵام
نەموت.

نە وتم
"ئەرێ" و
نە وتم
"نا"
هیچم نەوت
شادمان نەبووم بەڵام
سادە و ساویلکە بووم
ڕازی بووم بە بوون
بە هەناسەدانێک
سینەم پڕدەکرد



لە بۆگەن و باروت
چەکمەکان
چەکمەکان
چەکمەکان
قاقای سەربازان و
باخەوێرانەکان.

ڕازی بووم
بە بوون
تۆ ڕەزایەتت نەدا
دەنگم دەرنەهات

گەرووم بەخۆی وت:
"بێدەنگ... وست"
داخرا.

دەستەکانم بەخۆیان وت:
"بیدەنگ... وست"
بێ جووڵە مانەوە.

پێیەکانم بەخۆیان وت:
"بێدەنگ... وست"
ڕاوەستان.

بەڵام تۆ
نەمایتەوە
ڕانەوێستای
وەشاندت
وەشاندت
وەشاندت
تەقەت لە تەنیایم کرد
تەقەت لە بێدەنگیم کرد
من
نە شەڕم دەویست و
نە نرکەی تۆپ و تانگەکانی تۆ
دەمویست
لە زەویە بچووکەکەمدا
گەشەی نەمامەکانم
ببینم
تۆ نەتهێشت.

...
پیاوێک کە ڕادەبرد
دەیتوانی
ئەریّ دەیتوانی
هەمان ڕێبواری ڕزگار کەر بێت
هەڵقوڵینی سەرچاوەیەکی ڕوون بوو پێکەنینەکانی
–نەک نەجات دەری هەموو زەوی
ڕزگارکەری تەنیایی من–
مەمکەکانم کوشت بەڵام
تا نەیانەویّ
مەمکەکانی کوشت
تا نەیانەویّ
لێوەکانم کوشت
تا نەبینن
وەس وەسەی ئەوچاو و لێوانە
خەواندمن
بە لای لایەی ترس
خەواندمن
دەمویست
دەیویست
دەیتوانی
خەونێک چێ بکات
لە کابووسەکانم
تا حزووری مەرگ ئاسان بکاتەوە
تا ئیتر دەمم
لەبەر ترس و خۆف
...
نەمتوانی
نەیتوانی.


...
لە مەیدانا نەبوو
ڕۆنیشتبوو
بەجامێک شەراب بەدەستەوە و
دارێکی باریکەڵە
لەتیرڕەسی ڕوانینیدا
لەمەیدانا نەبوو
نە جاسوس
نە قارەکان

بە بۆمب و
برنج و
بارووتەوە
دارژایتە سەری
بە باوەشی کورسیەکی گویّ شەقام
ڕازی بوو
دەست لەژێر سەردا
چاو لە ئاسمان
ئەستێرە ئەژمێریّ
لە چاوەڕوانی موعجیزەی
خەو دا
نەتهێشت



بەکەم
ڕازی بوو
بەڵام
تۆ
نەتهێشت
بێدەنگ بوو
لە کۆڵاندا
لە شەقامدا
لە مەیداندا
دەنگی دەرنەدەهات
بێدەنگ بوو
زمانی بوو
بەڵام زار داخراو
بێ شمشێر و تیغ
لە کالانیشدا
تۆ لە زمانی بەستراویش ترسای
دەرۆیشت
بێ ورتە
بێ سریوە و دەنگ
ڕام و لەسەر خۆ
بێ خەون و ڕۆئیا
لە پەیکەرەی تۆ بێ ڕۆح و گیانتر
بەڵام تۆ نەتهێشت
نەتهێشت
تۆ نەتهێشت
لێت دا

لێت دا
لێت دا
...
دەترسا
لە چراکان
کە ئیتر دانەگیرسابوون
لەو سێبەرانەی کە هەڵدەهاتن
لە دیوارەکان
کە دادەڕمان
دەترسا
تەنانەت
لە شانەکانی من
کە میوانداری گریانەکەی بوو.
ئاشتیم دەویست من
خوازیار بووم نەمرم
دەمویست تا بژیم
لەم دنیایەدا
لەم دنیایەی وا تۆ کردوتە
بە گۆڕستانێ بێ نوور و خامۆش
دەمویست هەناسە هەڵکێشم و
بەردەوام بم
دەیویست هەناسە بدات و
بەردەوام بێت
دەمویست لەسەر زەوی بم و
بڕوانم
تامەزرۆی مانەوە بووم من
تەنانەت
لە زۆنگاو و
بیابانیشدا
بەڵام تۆ نەتهێشت.
...
خولیای دەریای لەسەردا بوو ماسی
خولیای دەریام لەسەردا بوو
نەبەزی لە کابووسی زۆنگاو
نەبەزیم لە کابووسی زۆنگاو
ئەوە تۆ بووی
تاقەتت نەهێنا
چنگ ئاوشی کەسانی تر بوویت و
منت فیدا کرد
بەکەم ڕازی بووم



بەکەم ڕازی بوو
تۆ هەر ڕازی نەبووی.

کەسێکم نەکوشتبوو
کەسێکم نەکوشتبوو
تەنانەت هاوسایەکم
بە وتەی ناشرین
ئازار نەدابوو.

مناڵەکانم
بە چاوی بێ سۆماوە
لە داڵانە تاریکەکاندا
فەرشی ژێر پێی تۆیان چنی
ژنەکانم
لە چارداخە کورتە باڵاکاندا
کراسی هەوریشمینی جێژنە ڕەسمیەکانی
تۆیان دوری
پیاوەکانم
بۆ بێ عەداڵەتیەکانت
تاقی نوسرەتیان لێدا و
کچەکانم
چەکمە خوێناویەکانی تۆیان
لە پاکی کانیەکاندا
شۆرد.

بە ڕووتدا نەوێستامەوە
لە ئاپۆرەی جەماوەردا ون بوم
تا نەمبینی
تۆ گەڕای
گەڕای
گەڕای و
دۆزیتەوە و
دامتە بەر زللە
بلۆقەکانی بن پێم
مۆری قامچیەکانی تۆ بوون
لە ترسی پیلانەکانت
شێعرەکانم
لە ئەوین و
بەرابەری و
ئازادی داتەکاند.

خەوتبووم
خەوتبووم
کە بە بۆمب و
برنج و
بارووت
خەوت زڕاندم
بانگت کردمە مەیدان
قسەی من شەڕ نەبوو
نە شەڕ و
نە ئەڕتەش
تۆ قورقوشمی تواوەت کردە زارمەوە و
جەماوەری خەڵکەکەمت
لە شارەکان و
دێیەکان
بەرەو بیابانە بەڕەهووتەکان
تاراند.

من...
من تۆم لەو پەنجێرەی ڕوو بە جیهانەوە دیت
کە دەهاتی و
وێرانت دەکرد و
من و
منداڵەکنم و
وڵاتەکەمت
بە دەنگی بەرز نێو دەهێنا
لە خەودا بووم
کش و بێدەنگ
تۆ ڕاستت کردمەوە
بێزارت کردم
کەیلی بانگ و هاوارت کردم
ئێستا
من بە گەروم قسە دەکەم
تا هاوار بکات
ئێستا
من بە دەستەکانم قسە دەکەم
تا مستەکانی بوەشێنێتە بێشەرمی تۆ
ئێستا
من
بە پێ کانم قسە دەکەم
تا ڕێ پێوان بکات
بە چاوەکانم قسە دەکەم
تا بڕوانن
بە گوێچکە قسە دەکەم
تا ببیستن
ئێستا
من
سەرلەنوێ لە قۆزاغە و قەوزەی ترس ڕزگار بووم.

ئێستا
من
بە مەمکانم ئەدوێنم
تا کەیلی تەمەننا بن
بەلێوەکانم ئەدوێم
تا لە ئارەزووی ماچدا بسووتێن
بە دڵ ئەدوێم
تا لێوڕێژی هیوا بێت
ئێستا من
لەگەڵ گشت خۆما ئەدوێم
تا بێ شەرمی و ڕووداریت چارەسەر بکات
تا چارەسەری کەم
ئێستا من
بەپێوەم
بەپێوەم
بەپێوەم
ئەوە تۆیە
بە بۆمب و
برنج و
بارووتەوە و
ئەوە منم
بە بەرد و
دەست و
ئیرادەوە.

سەرچاوە: دەفتەری شێعری "دریا پشت تردیدهای توست"

ئۆکتۆبری ٢٠٠١ گوتێنبێرگ

# کاتی دێ !



سیروان پەرتەونووریی

هەر دێت
لەبەرەبەیانێکی بوومەلێڵدا
کە ئاسمان سووراوی کردووە
دێت
لەناخی تاریکایی شەودا دێت و
تاریکایی شەو ئەستێرەباران دەکات
دێت و دەبێتە هیوایەک بۆ خوازیاران
دەنگی دەبیستی ؟
بەڵێ
من دەنگی دەبیستم
خرۆش ئاسا لە زنجیرەچیاکانی ئەلبورزەوە و
بڵێسەکانی لە دەماوەندەوە
بەرەو بەرپاکردنی تەقینەوەیەک دەڕوات
بۆنی بلاوێنی باڕووتی تفەنگەکەی مەشامی
رێبوارانی هەقیقەت نەوازش دەکات
بەڵێ
مژدەی جوانترین و خوشئاوازترین سروودی رزگاریی
مرۆڤایەتیی دەدات
بەڵێ
مژدەی سروودی ئەنترناسیۆناڵ، سروودی
هاوپشتیی جیهانیی کرێکاران
دڵنیام کە دێت ؟
کرێکاران و زەحمەتکێشان باڕووت ساز دەکەن و
دەیچێنن
ژنانی زەحمەتکێش و جووتیار لەناخی ئەم عەرزە
ساردەدا
تۆوی هیوا بە داهاتوویەکی روون دەچێنن!
هەتا لەدوارۆژدا بەروبوومی شۆڕش بدورنەوە
کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کورەی داغی کارگە و
کارخانەکاندا چەکەکانیان زاخاو دەدەن

هەتا رۆژی هەستانەوە دەگات
هەتا کاتی تەقینەوەی زەوی دێ
چیاکان دەکەونە ڕێ و
جێگۆڕکێ دەکەن
هەتا زەریا و چەمەکان سەرەوژوور بنەوە و
مانگ لەناخی تاریکایی شەودا
خۆی ببێتە هەتاوێک و بکەوێتە ڕێ
هەتا تەقینەوە گەورەکەی زەوی کاتی دێ
هەتا شۆڕش بەرپا دەبێ

١٣٨٩/٠٩/٢٧


# ٢٦ی ڕێبەندان و دایکم



بەختیار یوسفی

لەبیرم دێ زۆر بەباشی
ئەوکاتەی من وەک نەونەمام
سەرم بۆ خۆر هەڵدەکێشا
ریشەم لەبۆ ئاو دەگەڕا
لەبیرم دێ لەوسەردەمە
لەزستانان لەزستانان
لەناخی مانگی ڕێبەندان
ئەو ڕۆژانە کە بەفرەکان
کلوو کلوو دەهاتنەخوار
پرچی شاخیان دادەپۆشی
ئاویەریان سپی دەکرد
لەسەر لوتکە تەماویەکی
گرێک دەچووە گژ سەرمادا
منیش سەرم لێ سووڕدەما
دەمگووت دایە
لەدڵ ئەو سۆز و بەفرەدا
لەسەر لوتکەی ئەوکێوەدا
ئەو کڵپەچۆن سەریهەڵدا
بۆ ئەو بڵێسە پڕنووره
ئێمشەو هەیە و سبەی دەڕوا
دەمگووت دایە
لەسەر لووتکەی ئەوئاڵایە
کەرەنگی وەک هەنار وایە
کێ هەڵیکرد لەوسەرمایە؟
لەپاڵ گڕ و بڵێسەدا
دایکم دەیگووت بەخێ کوڕم
ئەو ئاگرە و ئەو ئاڵایە
لەدڵ ئەو بەفر و سەرمایە
خەباتکاران هەڵیانکردووە
تا بۆ دوێنێ نیشانە بن
بۆ ئێمڕۆمان ڕێنیشاندەر
دەمگووت دایە چییە ئەمڕۆ؟
چی ڕوویداوە پێم بڵێ تۆ

دایکم دەیگوت بەخێ کوڕم
ئێمڕۆ ڕۆژی بێ باکانە
بیرهێنەری نەبەردانە
هیوای گەشی بێ بەشانە
٢٦ی ڕێبەندانە
ڕۆژی ڕێزە لە کۆمەڵەیە
هیوای ڕزگاریی ژنانە
ئەوکات کە من گوڵخونچە بووم
نەدەگەیم لەم وشانە
بەڵام لە ناخی مێشکمدا
ئەو ئیشارە و ئەو قسانە
لەگەڵ خۆمدا سەریانهەڵدا
تووویان چاند و بەهرەیاندا
ئەوکات کەخۆم بوومە گوڵ و
بوومە دارێک سەرهەڵکشاو
ئەوکات کەخۆم وەک کرێکار
شیرەی گیانم کەسێک دەیبرد
جاحاڵی بووم لەو وشانە
قسەی دایکم لەو زستانە
بوونە چرای شەوی ڕێگام
ئیتر گرتمی و بەرینەدام
ئێستا کاتێک لاوان دەڵێن
٢٦ ی ڕێبەندانە
بیرم دەفرێتە ئاویەر
لەسەر باڵی خۆشی خەیاڵ
لەسەر ئەو شاخ و کێوانە
دەڵێم دایە باش بزانە
قەت دایناخەم ئەو ئاڵایە
لەسەر دەستی منت دانا
بەرینادەم ئەورێگایە
بۆخۆت ئیشارەتت پێدا
*****



# مارکس شاعیر

وەرگێڕانی: جەلال حەسەن زادە

کارێل مارکس وەک بیرمەندێکی گەورە، شیکاری یاسامەندی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و مێژوو و بەتایبەت دۆزینەوەی بە یاسا بوونی زاڵی خاوەندارێتی تایبەتی بورژوایی، ناوبانگێکی جیهانی هەیە. هەر ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کە گەلێک توێژەرەوە سەرقاڵی نووسینی سەربردە، لێکدانەوەو شیکردنەوەی بەرهەمەکان و شێوازی کاری مارکس بن. بەڵام لەم نێوەندەدا تەنیا ئەوە هێندێک توێژەر بوون کە سەرنجیان دایە بەرهەمی شاعیری، ئەدەبی و شانۆیی مارکس و لێکدانەوەیان لەسەر کردووە. مارکس لە ساڵەکانی ١٨٣٧–١٨٣٦ واتە ئەو کاتەی تەمەنی ١٩– ١٨ ساڵان بوو دەیان شێعری خوڵقاند. بێجگە لە دوو بەرهەم، سەرجەم شێعرەکانی هەتا نێوەراستی دەیەی ٢٠ی زایینی بە شاراوەیی مابوونەوە. بەڵام لەو کاتەوە ٦٠ بەرهەمی دۆزرایەوە و لە ساڵی ١٩٢٩ چاپ و بڵاو کرانەوە. ئەم شێعرانە کە مارکس بۆ ئەویندارەکەی " ژێنی" و یان بۆ باوکی ڕەوانە کردبوون، سیمای شاعیرێکی لاو دەردەخەن کە خاوەن هزرێکی بە هێز، کەسایەتیەکی نەسرەوتوو و زانست خوازێکییەکانی ڕەوتێکی روولە گەشەن.

مارکس کاتێک خوێنکاری زانستگەی "بۆن" بوو، هاوکات لەگەڵ فێربوونی مێژوو، فەلسەفە و مافەکان، ئەدەبیاتی کلاسیکی رۆژاواشی دەخوێندەوە. مارکس بەشداری لە پۆلی وانەی مامۆستای نێوبەدەرەوەی سەردەمی خۆی کرد و هۆمێر شاعیری گەورەی یونان و میتۆلۆژییەکانی ئەوی ناسی و لە ڕێگای خوێندنەوەی بەردەوامی خۆی ئەم ناسینە سەرەتاییەی بەرینتر کردەوەو هەتا کۆتایی تەمەنیشی ئەمەگناسی ئەوان بوو.

مارکس لە نێو ئەدیب و هونەرمەندانی مەزنی بریتانیا، هۆگریەکی زۆری بە ویلیام شکسپێر Shakespeare هەبوو و زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکان و شاعیرانی جیهانی لەبەر کردبوو.

سەرچاوەی شێعرەکانی لە بەرهەمی فرێدریش شیللەر schiller شاعیری گەورەی ئاڵمانی و هاوڕێی شاعیری واتە هاینریش هاینە heine بوو و لەوان ئیلهامی وەرگرت. لە سەردەمی لاوی و بە سەرنجدان بە ئەوینی گڕگرتووی بەرانبەر بە " ژێنی"، پەیڕەوی لە مەکتەبی رۆمانتیزمی ئاڵمانی کرد کە کارێکی گونجاو و بۆ تێگەیشتن دەبێ و شێعرەکانی لەو کاتانەدا دەنووسی کە دەستی لە خوێندنەوەی قوڵی فەلسەفی، مێژووی و حقوقی هەڵدەگرت. لە شێعرەکانی ساڵی ١٨٣٨دا گەلێک هێما و ئاماژە لە بۆچوونی فەلسەفەی ماتریالیستی بەدی دەکرێ. مارکس بێجگە لە شاعیریش سەربردەیەکی تەنزئاسای نووسی بە ناوی " سکورپیون و فلیکس" و کە بەداخەوە تەواوی نەکرد و لەم بەرهەمە

**تەنیا چەند بەشێکی کەم ماوەتەوە. ئەو زەوقی لە بواری مۆسیقا، گۆرانی و شانۆش دا تاقی کردەوە، بەڵام بەســـەرنجدان بەو بەرهەمانەی کە لە بەردەست دان، دەکرێ بڵێین کـــە توانایی و زەوقی هونـــەری ئەو " بیرمەندەی هـــەزارە" زیاتر لە بواری شێعردا خۆی دەرخست.**

# جیهانی من

ئەندێشەم بێ جوڵە نیە هەرگیز
تەنانەت نیە بێ جووڵە خوای تەرکیز
ئیرادەی منە، لەبەرزی دایە
تریشقە ئاسا لە سینەم دایە
ورشەی هەسێرەکانم گرتە دەست
لەگەڵ ئەو تیشکانەی کە خۆر ئەیدا لە پێدەشت
هەمیسان زامەکانم تیماریان دەوێ و
خەیاڵم نەهاتۆتە دی و هەر دەئاژوێ
هەربۆیــە ســەرباری بەرەنــگاری بــێ کۆتایــی و تێکۆشانم
چەشــنی شــەیتانی بە هزر کە لــە تەمتوومان و رێگای بێ کۆتایی
بــەرەو ئامانجێک لە چەشــنی چرایەکی جادوویی
پەل ئەکوتێ کە نایگاتێ
چەتوونە نیزیک بم لە ئامانجم
سەرباری ئاواتی گڕگرتووم
لە تریفەی بەهەشتی تیشکا نوقم بووم
بــەڵام ئارەزووەکانم شــاراوەی ژێــر داروپەردووی داڕماون،
حەزیاکانم تەنیا ژووری تەنگ و ئەنگوستە چاون.
شەپۆل ئاسا دڵرفێنن، خرۆشاون
هەتا لەبەر چاوان نەماون.
گەردەلوولی نوح کە هەڵیکرد، ئازارەکان چڕتر بوون و
گێژاوی خەم هەڵیکرد و
منیش لە کۆمەڵی کڕنۆش بەر، تەریک کەوتووم
بۆ نێو ئەنگوستەچاوی تەم و مژ هەڵدێردراوم
سەرلە نوێ کە رابوومەوە
بەسەر ئازاری بێ مانا زاڵ بوومەوە
هەموو توێشووم لەدەست چوو
هەموو تریفەکانی دڵم ون بوون لەبەر چاوان
منیش ماوەی درێژخایەن رەنگ بزرکاو و دڵە کوتێ
بۆ هەگبەی بنار ئەنوارم

سترانێکی وزە بەخشی نەبوو
ئازارەکانیشم پیرۆز نەبوو
مەخابن سترانەکانم فڕین
بەتام و چێژترین هونەر، چەشنێک رەوی ببوونەوە
کە هیچ خوایەک و سۆزی کەسێکی نەمر
توانای گەڕاندنەوەی نەبوو.
پێگەیەک کە دلێرانە راوێستا بوو
ئێستاکە داڕما بوو
پووچی، جێگەی دەڤەری خونچەکانی گرتبوو
ئەی زوڵاڵ ترین تیشکی ناخ
ئێستاکە لە سەمادایی و دەگۆڕێی
لە گۆی زەوی سوڕدا و جەننەتی چراخان
گزینگی مەرزینگ دەربخە
ئێستاکە دیلێکی فڕیوم
سۆمای چاوم روونە
چونکە تێگەیشتووم کە
گرێ کوێرەی حەزیام لە کوێ بوونە
لە دەرەوەی سینەدا، لە قوڵایی دا دەئاژوێ
لە سەرکەوتنێکی ئاسمانیدا و
لە شادییەکی بێ خەوشدا
ناخ بەهێزتر و رەهاتر دەهەژێ
ناخم فڕی بەرەو لوتکە
گەشانەوەو شاگەشکە
چەشــنی مرۆڤێکی کە لە ناخیدا هەیە هێزی بێ کۆتایی
هەوراز و نشێوی ناخم بڕی
شەپۆلە سەرکەشەکانم بڕی و
تێپەڕ بووم لە زەریای نوح و بێ ئامان
بەرزی کەنارەکان ئەبڕێ
بەڵام پاراستوومە تیشکی ناخم
ئەوەی رۆحم بە حوکمی چارەنووس
هەرگیز نەیتوانی بۆی بفڕێ لەبەرزیدا
جێگەی کردەوە لە دڵمدا
ئەو کاتە نیگای تۆی پێشکەش کرد.



# لەم ژمارەیەی گۆڤاری پێشەنگدا
# فایلێکی تایبەت بە ژنان دەخوێننەوە

# ڕێگاکانی ستەم بە ژنان

ن: روشان بەخشی
و: پەروین عەلی مورادی

ئەگەر چاوێك بە دەوروبەری خۆماندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە تا ئێستا هیچ ژنێك نەبووە بە بۆنەی ژن بوونیەوە هەستی بە هەڵاواردن و ستەم و چەوساندنەوە نەکردبێت. سەردەمی منداڵی، هەرزەکاری، گەنجیەتی و گەورەساڵی ژنان پڕە لەو ساتانە. ساتگەلێك کە ناچارمان دەکات لە خۆمان بپرسین "بۆچی ئاوایە"؟ وە وڵامەمان پێ دەدرێتەوە کە هەروایە، چونکە ئێمە "ژن"ین. ئایا لە سەرەتاشدا هەر وا بووە؟ لە هەموو مێژوودا، ژنان بە جنسی دووهەم و لاواز لە قەڵەم دراون؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە نە لە وتە پیاوسالارانەکان و نە لە ڕەوایەتی کتێبە پیرۆزەکاندا بەرچاو ناکەون_ کە خۆیان پاشماوەی داب و نەریتەکان لە سەردەمێکی تایبەت لە پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتین_. ستەملێکراوی ژنان، مەسەلەیەکی مێژوویی و جیهانییە. ژنان سەردەمانێکە کە لە گشت کۆمەڵگاکان زوڵمیان لێدەکرێت، بەڵام بەهێزی و لاوازی چەوساندنەوەی ژنان بە دۆخی تایبەتی هەر کۆمەڵگا، ئاستی گەشەی ئابووری، کولتوور، برشتی مەزهەب، داب و نەریت، وە ئاستی یەکگرتوویی و خەبات و تێکۆشانی ژنانەوە گرێ دراوە.

بەڵام سەرەتا، هەندێك هۆکار سەبارەت بە چیرۆکی ژێردەستە بوونی ژنان، دەخەینە بەر باس:

هەندێك لە خەڵك پێیانوایە، بیولۆژی و پێکهاتەی جەستەیی ژن، چارەنووسی حەتمی و بێ ئەملاو ئەولای ئەوە و بە هۆی ئەم پێکهاتەیە کە ئەرکی دایکایەتی و ئاگادار بوون لە منداڵ خراوەتە سەرشانی. لە روانگەی "ئیولین رید"ەوە: "زەبوونی و زەلیلی ژن تەنیا و تەنیا بەرهەمی ناوەندە دەستکردنەکان لە لایەن مرۆڤەوە و سەرچاوەگرتووی یاساکانی کۆمەڵگا دابەش کراوەکان بەسەر چینەکان و پیاوسالارانەیە و بە هیچ جۆرێك لە کۆمەڵگا سەرەتاییە بێ چینەکان و لە دنیای کۆمۆنە هەرەوەزییەکاندا ئاوا نەبووە. لە ڕاستیدا ئەم هزرە، هەڵگەڕانەوەی مێژووییە تا لەم ڕێگایەوە بتوانێت بڵێت کە ژنان بە بۆنەی پێکهاتەی جەستەیانەوە ستەمیان لێدەکرێت و بەم شێوەیە، پاساوی بۆ بهێنێتەوە. بەم پێیە چیتر ژنان پێویستیان بە خەبات و تێکۆشان نییە و نابەرابەرییەکان تەنها بە بۆنەی پێکهاتەی جەستەیی ئەوەوەن. ئەگەر ژنان ئامرازێکن بۆ زاوزێ کردن، پیاوانیش جگە لە ئامرازێك بۆ زاوزێ کردنی شتێکی تر نین. ئەم بەرهەمهێنانەی "ئینسانی نوێ" کە بەهۆی سروشتی سکپڕ بوونی ژنانەوەیە، بووەتە هۆی ئەوەیکە ژنان ستەمیان لێبکرێت و بچەوسێندرێنەوە. بۆ نموونە، لە قۆناغی سەرەتایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا ئەرکی بەرهەمهێنانی بەرەی نوێ، تەنانەت بووە هۆی ئەوەیکە ژنان بانتر لە پیاوان بن. لە واقعیدا، ئەم وتە و ئیدیعایە کە دۆخی ژێردەستەیی ژنان هەمیشە لە ئارادا بووە و هەرواش دەمێنێتەوە، هاوشێوەی ئەم لێتێگەیشتنەیە کە شێوازی بنەماڵەش لە هەموو سەردەمەکاندا هەر بەم شێوەیە بووە... وە دەزانین کە ئەمە تەنانەت سەبارەت بە سەدەیەکی ڕابردووش ڕاست نییە. ئەم چەشنە باسانە، گەلێك جار ئەم دەرئەنجامەشی بەشوێنەوە دەبێت کە جێگای ژنان لە ماڵ و ئەرکی ئەوان ئاگادار بوون لە منداڵە، وە ئەمە چارەنووسی سروشتیی ژنانە.

یەکێك لە بیرۆکە گشتگیرەکان لەم بوارەدا، نەزەرییەی "مناڵدان"ە کە دەڵێت: زاوزێ چارەنووسی تواناییەکانی مرۆڤ، دیاری دەکات. گوایە ژن بە هۆی کارکردی "مناڵدان"یەوە زەینی کوێر بووەتەوە و نەیتوانیوە مێشك، لێهاتوویی و تواناییەکانی دیکە، لە خۆیدا گەشە پێبدات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕەگەزی مێینە هیچ چەشنە بێ توانایەکی سەرچاوەگرتوو بە هۆی پێکهاتەی جەستەیەوە نییە، بەڵام لە کۆمەڵگا مرۆییەکان دا، ئاوا باسی لەسەر کراوە کە ژن بە هۆی قۆناغی دانی شیر بە کۆرپەلەکەی و هەروەها لە قۆناغی سکپڕی دا کەمتر لە پیاوان لە بەرهەمهێنان دا ڕۆڵی هەیە، لە حاڵێکدا کە کاری بێ حەقدەستی ژنان لە ناوماڵ هەرزانترین ڕێگای "بەرهەمهێنانەوەی" هێزی کارە.



لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، چالاکییە سەرەکییە ئابوورییەکان (کۆکردنەوەی خۆراك، راوکردنی ئاژەڵە بچووکەکان و کشتوکاڵ) زۆرتر لە لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرا. وە بەم هۆیەوە ژنان لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی بانتر لە چاو پیاوانیان هەبوو. گۆڕانکاری چالاکییە ئابوورییەکان و پێشکەوتنی کەرەستەی بەرهەمهێنان و جێگیر بوونی پیاوان لە بەرهەمهێناندا وەك بوارێکی پر داهاتتر لە راو... بووە هۆی ئەوەیکە ژنان، بەرە بەرە لە چالاکییە سەرکییەکانی بەرهەمهێنان، دوور بخرێنەوە.

بە پێی وتەی "ئێنگێڵس"، راو کردن و کشتوکاڵی بەربڵاو، بووە هۆی ئەوەیکە پیاوان زۆرتر سەرقاڵ ببن و ئامرازی کار کەوتە دەست ئەوان و بە گەشە کردنی ئەم مەسەلەیە و پێشکەوتنی و هەروەها پێشکەوتنی بنەماڵە کە بووە هۆی ئەوەیکە پیاوان ببنە خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنان و دروست بوونی یەکەم قۆناغێك کە چینەکانی پێکهێنا، ژن بووە رەگەزی دووهەم و کرایە کۆیلە. بەم شێوە، کاری کۆمەڵایەتی ئاوا دابەش کرا کە ژن بەرپرسایەتی ئاگاداربوون لە منداڵ، ئەنجامدانی کاری ناوماڵ و لانیکەم هەندێك لە چالاکییە بەرهەمهێنانەکانی ناوماڵ لە ئەستۆ بگرێت و بەم پێیە ژن پێگەی بانتری کۆمەڵگایەتی خۆی لەدەست دا.

لە لایەکی دیکەوە، بە کۆکردنەوەی کەرەستە و زێدەبەرهەم کە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکەوە قورخ کرابوو، پێکهاتنی چینەکان، رەوتی مێژوویی خۆی دەست پێکرد. بە پێکهاتنی چینەکان، چەوساندنەوەی ژن بە شێوازێکی تایبەتی تر خۆی نیشان دا. سەرنجی خاوەنانی سەروەت و سامان و کەرەستەی بەرهەمهێنان بە مەبەستی پاراستن و گواستنەوەی میراتی سەروەت، پێویستی تاکە هاوسەری بۆ ژنان مەترەح کرد و بەم شێوە، خانەوادە بە شێوازی ئەمرۆیی پێکهات و بە شێوەی ناوەندێکی کۆمەڵایەتی، لە ناو جەرگەی کۆمەڵگا چینایەتییەکان دەرکەوت.

هەندێك لە شێوازەکانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کە ئێستا لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان پرژ و بڵاون، هێشتا هەڵسوکەوتی دایك مەزنی باوە و کەم تا زۆر داب و نەریتەکانی درێژەی پێدەدەن. ئەم کۆمەڵگایانە دایك مەزنن و بنەچە لە رێگای دایکەوە دیاری دەکرێت. ئەم خێڵانە کە لە واقعیدا پاشماوەکانی سەردەمی دایك مەزنین، بیرۆکەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی پێشوو کە ژێر دەستە بوونی هەتاهەتایی ژنانە، رەت دەکاتەوە.

لە رەوانگەی مێژووییەوە، پێش لە زاڵ بوونی سیستمی پیاومەزنی، شتێك بە ناوی چەوساندنەوەی ژن لە لایەن پیاوەوە، بوونی نەبوو. لە کۆمەڵگا دایك مەزنەکاندا، بناغەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، بەرابەری لە هەموو بوارەکان دا بوو. چەوساندنەوەی ژنان وەك بەشێکی لێك دانەبڕاو لە کۆمەڵگایەکی چەوسێنەردا پێکهات و کۆمۆنی دایك مەزنی رووخاند و خۆی جێگاکەی گرتەوە.

یەکێکی تر لەو چیرۆکانەی کە هەوڵ دەدات ژنان بە جنسی دووهەم لەقەڵەم بدات، بیرۆکەی دابەش کردنی کۆمەڵایەتیی کارە. بە پێی گەلێك پروپاگەندە، دابەش کردنی کار لە نێوان ژن و پیاودا هەبووە و کاری ژن تەنیا بە کاری ناوماڵەوە بەستراوەتەوە. ئەڵێی لە دەستپێکی مێژووەوە کار لە نێو ژن و پیاودا

دابەش کــراوە. ئەمرۆکە ژنان لــە کاری کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی ســەربەخۆیی ئابووری ئــەوان، مەنع کراون. پێکهێنانی ژیانی ژن و مێردایەتی پەرەی پێدراوە و یاســا کۆنەپەرەســتانەکانی پێوەندیدار بە پێشــگرتن لە سکپڕی و لەبــار بردنی کۆرپەلە، پەســەند دەکرێن. لە حاڵێکدا کە راســتیەکەی ئەوەیە کە یەکەم کار لــە نێوان ژن و پیاو لە سەرەتادا دابەش کردنی کاری ژن و پیاو، بە شێوازی ئەمرۆ نەبووە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، ژن و پیاو هەر دووکیان کاری هاوبەشــیان ئەنجام دەدا. سیســتمی بەرهەمهێنانی هاوبەشی ئەوان، هاوڕێ بوو لەگەڵ ئاگاداری و فێربوونی کۆمەڵایەتــی. هەم زاوزێ و هەم گەورە کردنی منداڵەکان لە زومرەی کاری هاوبەشــیان بوون و ژنان و پیاوان پێکەوە بە یارمەتی یەکتر ئەنجامیان دەدا.

مێژوونووســان ئیدیعا دەکەن کە هاوکات لەگەڵسەرهەڵدانی "ئابووری نوێ" کە بناغەکەی لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دانرابــوو و بە دابەش کردنــی کارە تازەکان، چوونە ناو ئەو عەرسەوە نوێیەوە. هاوکات لەگەڵ گەشەکردن و زیادبوونی بەرچاوی دابــەش کردنی کار و پێرەوەکانی، پیاوان رۆژ لە دوای رۆژ کارەکانیــان بۆ خۆیــان قۆرخ کرد. بەم پێیە، نە تەنیا جێگای پێشــووی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی خرایە لاوە، بەڵکوو سیســتمی پێشوو کە بە شێوەی کۆمەڵایەتی ئــاگاداری لە منداڵان دەکــرد، بەرە بــەرە لەناوچوو. بە وتــەی "ئیولین ریــد"، دابەش کردنی کار لــە نێوان ژن و پیاو، هەمیشە یەکسان نەبووە. دابەش کردنی کار، بناغەی زاڵ بوونی پیاوانی دانا، کە هاوکات لەگەڵ ســەرهەڵدانی کۆمەڵگا چینایەتییەکان، خاوەنداریەتی تایبەت و بنەماڵە، بنەمای پیاوەمەزنی پێکهێنا و دەرخەری چەوســاندنەوەی هەرچی زیاتری ژنان بوو.




گۆڕانکاری لە ژیانی ژنان، لە راســتیدا ریشــەکەی لە بۆنەگەلێکی تازەدا هەبووە کە بە زێدە بەرهەم لە نێو خەڵکدا، پەرەی سەند. شــێوازە کشتوکاڵییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەگەلێکی وەك: "بێڵ، کێڵانی زەوی و ئاژەڵداریی و بەخێوکردنی ئەسپ، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی پێکهێنا.

لــەو کۆمەڵگایانەی کە ژنان ئــەم کارانەیان ئەنجام دەدا، رێــژەی زاوزێ لە خوارەوە بوو و گەشــەی جەمعیەت زۆر خاو بوو، ئــەم کۆمەڵگایانە کەم کەم جێگاکەی خۆیان بەو کۆمەڵگایانە دا کە ژنان کەمتر ئەم رۆڵانەیان لەئەستۆ بوو. چەوساندنەوەی ژنان لە گشــت چین و کۆمەڵگاکان، بێ گۆڕانکاری و یەکپارچە و یەکگرتوو نەبوو. چەوساندنەوەی ژنان لە نێــوان جوتیاران و خانەدانەکان، یەکســان نەبوو و هەروەها تەنانەت لە نێو کۆیلە ژن و پیاوەکانیشــدا. زۆیەك لــە کۆمەڵگاکان لە هەرچەشــنە مافێك بێبــەش کرابوون و لــە هەندێك ناوچەشــدا، بەشــە میراتیــان هەبوو. ئەو شێوازانەی کە خاوەنانی سەروەت بۆ بەهێز کردنی پایەکانی فەرمانڕەوایــی خۆی بەکاری دەهێنان، بەرە بەرە بەشــی هەرگەورەی سەرچاوەکانی کۆمەڵگای هەڵلووشی. هەزینە خزمەتگوزارییەکان و پۆلیسی حرفەیی، هێزی ئینتزامی و ژێربەنای مەعبەد و کۆشــکەکان، یان ئارامگا گەورەکان، چەوساندنەوە و زوڵم و ستەمی وەك تاکە رێگایەك بۆ درێژەدان بــەو کۆمەڵگایە، پاســاو دەکــرد و ئەنگێزەیەکی دیکەی بە مەبەســتی شــەڕ لەگەڵ ناوچەکان دیکە بە مەبەستی هەرچی زیاتر سروەت کۆکردنەوە، پێکهێنا. دۆخی ژێردەستە بوونی ژنان لەبــاری مافی نایەکســانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، سەربەخۆ نەبوونی تاکەسی و هەروەها تەگەرە بنەماڵەیی و جنســیەتییەکان، سەرچاوەگرتووی سروشت و خــوی ژنانە نییە کە لــە بنەڕەت دا بوویێــت و تاهەتایە درێژە بکێشێشت. وابەســتە بوونی ژن و ژێردەستەیی ئەو، بە ناوەڕۆکی تایبەتــی کار و دابەش کردنی کۆمەڵایەتی و رۆڵێــك کە کۆمەڵگا خســتوویەتییە سەرشــانی، گرێ دراوە. تەنیا بە وەها تێگەیشــتنێك لە مێژوو و پێشکەوتنی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانە کە ئێمە ژنان دەتوانین هۆکاری گوێڕایەڵی و سەرســپێردراوی و ژێردەستی بوونی خۆمان بدۆزینەوە. تا ئەو کاتەی کە قەبوڵمان کردبێت کە هۆکاری سەرسپێردراوی و گوێڕایەڵی ئێمە سروشتییە و پێوەندی بە کۆمەڵگاوە نییە، هیچ خەبات و تێکۆشانێکمان بۆ ئازادی خۆمان ئەنجام نەداوە. رزگاری ژنان پێوەندی راستەوخۆی بــە دابونەریتگەلێکی زاڵ بەســەر کۆمەڵگا و دەوڵەت دا هەیــە و بە بێ خەبات و تێکۆشــان لــە دژی ئەم هەموو نەهامەتیانە، ئازادی ژنان نامومکینە و وەدی نایەت.

***

# وتووێژی گۆڤاری پێشەنگ لەگەڵ سەلاح مازوجی



**پێشـــەنگ: بەدەســـەڵات گەیشـــتنی کۆماری ئیسلامی چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ژنان و بزوتنەوەی ژنانی ئێران دانا؟**

سەلاح مازوجی: ئاشکرایە کە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی ڕژێمی کۆماری ئیســلامی پەیوەندی و ڕۆڵی مەزهەب لەســەقامگیرکردنی بێ مافی و هەڵاواردن لەدژی ژنان ئاڵوگۆڕی بەســەرداهات. ئەگەر هەتا بەرلە بەدەســەڵات گەیشــتنی کۆماری ئیســلامی، مەزهەب بەردەوام وەك ســەرچاوەیەکی نۆژەنکردنــەوەو پەرەپێدانــی نەزانــی و خورافــەو کۆڵەکەیەکی بەهێزی سیاســی وفەرهەنگی لە ســەقامگیرکردنی نەریتی پیاو مەزنی و سەقامگیرکردنی بارودۆخی ڕەگەزی دووهەم بەســەر ژناندا ڕۆڵی دەگێڕاو بەردەوام وەك کۆسپێکی ســەرەکی سەر ڕێگای شکڵگرتن و پێشــڕەوی بزوتنــەوەی ژنــان دەژمێــردرا، ئەمجارەیان لەگــەڵ بەدەســەڵات گەیشــتنی کۆماری ئیســلامی، شەریعەتی ئیسلام بوو بە ســەرچاوەی سەرەکی نووسینی یاسای بنەڕەتی و ســەرجەم یاساکانی حکومەتی لەدژی ژنــان، وە خورافەی مەزهەبی و ڕۆڵــی ئەو لەپەرەپێدان و ســەقامگیرکردنی ئاپارتایدی ڕەگەزی، لایەنی یاســایی بەخۆیەوە گرت. ئەحکامی مەزهەبی لەگەڵ دەســەڵاتی سەرمایەداری کەسەرچاوەی سەرەکی ستەمی سەر ژنانە، ئاوێتە بوون. بیروڕای کۆنەپەرستانەی مەزهەبی لەڕێگای یاســاوە پەلوپۆی دەسەڵاتی خۆی لەســەرجەم بوارەکان و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی داکوتاو ژنان کەپێشــتریش لەزۆربــەی مافە ســەرەکیەکانی خۆیان بــێ بەش بوون، زیاتر تووشی چەرمەسەری کردن. بەبەدەسەڵات گەیشتنی ڕژێمی ئیســلامی، حکومی مەزهەبی بۆ سەقامگیرکردن و جێخســتنی بێ مافیەکانی سەر ژنان نەك تەنیا لایەنی یاســایی بەڵکو پشتیوانی ئیجرایشــی پەیداکرد. پاسدارە چەکدارەکان، هێزەکانی بەســیج وتاقمــی حیزبوڵا، زیندان و ئەشــکەنجە، چاپەمەنی و پــەروەردەو فێرکردن، بوون بە میکانیزمەکانی ئیجرایی وبەڕێوەبردنی یاساو سیاسەتەکانی دژبە ژنان و سەقامگیرکردنی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی.

بــەڵام پێبەپێی بەرینتر بوونەوەی یاســایی دژە ژن بوونی کۆماری ئیســلامی و کردەوەی توندوتیــژی دژی ژنان، خۆڕاگری ژنانیش لەشــکڵ وشێوەی جۆراو جۆردا بەرینتر بۆوە.

لەمانگی ڕەشــەمەی ساڵی ١٣٥٧و لەیەکەم ٨ی مارسی دوای هاتنــە ســەرکاری کۆماری ئیســلامی، ژنان بۆ ناڕەزایەتی دژ بەحیجابی زۆرەملێ، لەئاخێزێکی جەماوەری دا، هێزی بزوتنەوەی سەربەخۆی ژنانیان نیشان دا. ڕژێمی کۆماری ئیســلامی بەکەڵك وەرگرتن لەئامرازی سەرکوت و توندوتیژی دژی ژنان، نەتەنیا نەیتوانی هێزی گەورەی بزوتنەوەی ژنان ملکەچ بــکات، بەڵکو ناڕەزایەتی ژنانی لەپانتایی کۆمەڵایەتی دا لێکەوتەوە. بەجۆرێك کە لە هیچ سەردەمێك لەمێژووی تازەی ئێراندا، مەسەلەی ژنان بەڕادەی ئەمڕۆ لەئاستی کۆمەڵگادا لەئارادا نەبووە. هەڵبەت بێجگە لە دەســەڵاتی ڕژێمی مەزهەبی و دژبــە ژنان، هەبوونی بزوتنــەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك بزوتنــەوەی کرێکاریی، بزوتنــەوەی خوێنــدکاری و بزوتنەوەی شۆڕشــگێڕانەی کوردســتان و ناڕەزایەتی جەماوەری لەئاستی کۆمەڵگاداو بەشداری ژنان لەسەرجەمی ئەو بزوتنەوانە، ڕۆڵێکی زۆری لەگەشەی وشــیاری ژنان ســەبارەت بەداخوازیەکانیان و ڕۆڵێك کە ڕاگەیاندنەکان لە پێکەوە بەســتنەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەئاستی جیهاندا هەیانبووە و ئاگاداربوون لەدواییــن ئەزموون و دەســکەوتەکانی بزوتنــەوەی ژنان، ســەرجەمی ئەوانە ڕۆڵیان لەگەشــەی بزووتنەوەی ژنانی ئێراندا هەبووە.

**پێشــەنگ: کۆمــاری ئیســلامی هەمیشــە بەجۆرێــک لەبەدیلســازی بــۆ بارودۆخی ئێستا، هەوڵی داوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەلاڕێــک بەرێــت، کاردانەوەکانی بەرانبەر بەبزووتنــەوەی ژنان کامانــە بووەو بۆچی نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت؟**

سەلاح مازوجی: هەبوونی بۆچوونی جۆراوجۆر لەنێو بزوتنەوەی ژنان لەئاکامی هەوڵی ڕاستەوخۆی ڕژێمی ئیسلامی بۆ بەدیلسازی و بەلاڕێدا بردنی بزووتنەوەی ژنان نەبووە، لەسەر نوێنگەی خەباتێکی گشتی لەدژی نابەرابەری وبێ مافی ژنان، بۆ چوون و نەریتە سیاسیە جۆراوجۆرەکان هەرکامەیان هەوڵ دەدەن ئالترناتیو و ڕێگاچارەسەرەکانی خۆیان بخەنە بەردەم بزووتنەوەی ژنان. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کەشاهیدی بەشداری بەرچاوی بۆچوونی سۆسیالیستی، فیمینیزمی لیبراڵ و فیمینیزمی ئیسلامی بووین، تەنیا تایبەت بە بزوتنەوەی ژنان لەئێران نەبووە. هەرکام لە بۆچوونی سۆسیالیستی و فیمنیزمی لیبراڵ، سوننەتی سیاسی ناسراوی بزوتنەوەی جیهانی ژنان بوون و مێژوویەکی درێژ و پڕ لە گۆڕانکارییان تێپەڕ کردووە. لێکدانەوەی مێژوویی بزووتنەوەی ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی ئەم بۆچوونە سیاسیانە لەسەر بزوتنەوەی ژنان، مسۆگەر نیە. لەزۆربەی وڵاتانی موسڵمانشین کە بیروڕای مەزهەبی لەدرێژەدان بەبێ مافیەکانی ژناندا ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری هەیەو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەچوارچێوەی حیزبایەتی دا چالاکیەکانی خۆی بەرەو پێش دەبات، بۆچوونی فیمینیزمی ئیسلامی لەسەر نوێنگەی ناڕەزایەتی ژنان دژبە نابەرابەرییەکان شکڵی گرتووە. پەرەگرتن و گەشەی جەریاناتی وەك ئیخوانوولموسلمین لەمیسر، موسلیملەیگ لە پاکستان، حیزبی جەماعەتی ئیسلامی لەبەنگلادیش و دژایەتی ئەوان لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی ژنان، بواری بۆ پەرەگرتنی بۆچوونی فیمینزمی ئیسلامی لەنێو بزووتنەوەی ژنان لەم وڵاتانە ڕەخساندووە.

فیمینیزمی ئیسلامی لەئێرانیش لەسەر زەمینەی پەرەگرتنی خەباتی ژنان لەدژی هەڵاواردن و بێمافی و لەژێر کاریگەری شکڵ گرتنی بۆچوونی چاکسازیخوازانەی حکومەتی لەسەردەمی ڕەفسەنجانی سەری هەڵداوە..

ئەم بۆچوونە لەسەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنی دووی خوردادیەکان و خاتەمی و پەرەگرتنی (n.g.o) هەڵسوڕانەکانی بەرینتر بۆوە.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پێش گرتن لەڕەوتی ڕادیکاڵ بوونەوەی بزووتنەوەی ژنان لەسەردەمی دەسەڵاتی دووی خوردادیەکان و لەهێندێك قۆناغی تردا، بواری فیمینیزی ئیسلامی داوە و بەرانبەر بە چالاکی جەریاناتی لیبراڵ لەنێو بزووتنەوەی ژنان هەتا ڕادەیەك چاوپۆشی کردووە.

**پێشەنگ: لەم ساڵانەی دواییدا شاهیدی ڕادیکاڵ بوونەوە و گەشەی بەرچاوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە ئێرانین، بەڵام بۆچی تا ئێستاش بزووتنەوەی ژنان لە ئاستێکی بەریندا دروشمکانی ڕادیکاڵ نەکردوەتەوە و بەجۆرێ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕەوتی لیبراڵ فمنیستەکان؟**

سەلاح مازوجی: بەم هۆکارە ساکارە کە بزووتنەوەی رزگاری ژن ئێستاکەش، هێزی سەرەکی خۆی نەهێناوەتە مەیدانەوە. بە پێ سەرژمێری جۆراوجۆر لە حەشیمەتی ٧٥ ملیۆنی خەڵکی ئێران، زیاتر لە ٤٠ میلۆنیان لە بنەماڵەی کرێکارین. ئەگەر نێونجی حەشیمەتی بنەماڵە کرێکارییەکان ٤ کەس حیساب بکەین، واتە زیاتر لە ١٠ میلیۆن لەو حەشیمەتی ئێران ژنان لە خۆ دەگرێ. لەم ژنە کرێکارانە کەمتر لە سەدا ١٥ی چوونەتە بازاری کارەوە و بەشێك لەم ژنانە سەرقاڵی کاری کاتی و وەرزیی لە شالیزارەکان، میوە چنینیەوە لە باغەکان و کاری کورەخانەکانن. زیاتر لە سەدا ٥١ی ژنانی کرێکار کە ڕەوانەی بازاری کار بوون لە کارگا بچوکەکانی خەیاتی، فەرش چنین و هتد کار دەکەن کە لە دەرەوەی بازنەی یاسای کاردا قەرایان گرتووە.

ئەم کرێکارانە هیچ ئیمتیازێکیان نییە، تەنانەت لانیکەمی حەقدەستی چەند بەرابەر خوارتر لە هێڵی هەژاریش وەرناگرن. بەشێکی بەرینی ئەم ژنانە، بە کاری پەروەردە کردنی مناڵ و کاری نێو ماڵەوە خەریکن، بەمجۆرە دەبینین کە ژنانی کرێکار لە ئێران لە هەل و مەرجێکی تەواو کۆیلەتی دا ڕەنج دەکێشن و بژیوی ژیانیان بۆ دابین نابێ.

ئەم جەماوەرە بەرینەی ژنانی کرێکار هێزی ئاڵ و گۆڕ پێکهێنەری بزوتنەوەی ژنانی ئێرانن.

بە هاتنە مەیدانی جەماوەری میلیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و بە نیشاندانی ئاسۆی رزگاری ئەوانە کە بزوتنەوەی ژنانی ئێران ناوەرۆکێکی رزگاری دەرانە پەیدا دەکات.

ڕاستە کە ئەم هێزە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی خۆیدا یاسا و سیاسەتی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی دەباتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام هەنووکە بە داخوازیی سەر بە خۆی خۆیان نەهاتوونەتە مەیدان و لە ئاکامدا خەبەرێك لە ڕۆڵی ڕێبەرایەتی ئەوان نییە.

ڕەوتی فیمینیزمی ئیسلامی و فیمینیزمی لیبراڵ بە پێداگری لە سەر باشتر بوونی بارودۆخی مافەکانی ژنان لە چوار چێوەی یاساکانی ئیسلامی و یان بە تەوەرە

کردنی داخوازی هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری و یاساکانی دیکەی ئیسلامی و خستنە پەراوێزی داخوازی ئاسایشی و ئابووری، ناتوانن ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بێننە مەیدان. لە نەبوونی بەشداری کۆمەڵایەتی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، ژنانی چینی نێوەراست وچینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگان کە رۆڵی چالاکی لە بزوتنەوەی ژناندا هەیە و رەوتی فیمینزمی لیبراڵ بە پاڵپشتی هەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە کە لە بزوتنەوەی ژنان دا رۆڵی رێبەری هەیە. ئەو راستیە کە لە کۆمەڵگای ئێران بە سەرنج دان بە ئاوێتە بوونی حاکمیەتی سەرمایەداری لە گەڵ حاکمیەتی مەزهەبی و یاساکانی سەرچاوەگرتوو لەو، ژنانی بورژواکانیش لە ژێر کاریگەری هەڵاواردنی حقوقی و کۆمەڵایەتی قەراریان گرتووە. بێگۆمان داخوازی کورت کردنەوەی دەستی مەزهەب لە نووسینی یاسایەك کە موناسباتی ژن و مێرد لە بواری جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، داخوازی ژنانی چینی ناوەراست و خاوەن داراشە.

فیمینیزمی لیبراڵی بەرژەوەندی ئەو ژنانەی چینی ناوەراست و خۆش گوزەرانی کۆمەڵگا نوێنەرایەتی دەکات.

**پێشەنگ: لیبراڵەکان، یان هێزە ناسیونالیستەکان لە کوردستان هەتا چەند دەتوانن وەڵامدەرەوەی ویست وداخوازییەکانی ژنان بن؟**

لیبراڵەکانی ئێران بەرەیەکی هەتا ڕادەیەك بڵاو و ناڕێکوپێکن. ڕادیکاڵترین لیبراڵەکان پێ لەسەر بەرابەری ماف بۆ ژنان و پیاوان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەگرن و داخوازیەکانی بزووتنەوەی ژنان لەم بوارەدا لەبەرنامە و پلاتفۆرمی خۆیاندا گونجاندوویانە.

پێداگری لەسەر یەکسانی مافی ژنان و پیاوان بەتایبەت لەئێران کە پانتایی بێ مافی و ستەمی سەر ژنان هیچ سنورێك ناناسێ، زۆر سەرنج راکێشە و هەرپێشکەوتنێك لەم بوارەدا دەسکەوتی گرینگ بۆ بزووتنەوەی ژنان دەژمێردرێ. بەسەرنج دان بەو گرینگیەی کە گەیشتن بە یەکسانی ژنان لەڕەوتی خەبات بۆ دابین بوونی بەرابەری ڕاستەقینە هەیەتی، داخوازیەکانی ژنان لەبواری بەرابەری حقوقی بەشێوەیەکی گشتیتر و پڕاوپڕتر لەبەشی لانیکەمی بەرنامەی کۆمۆنیستەکاندا گونجێندراوە.

هەربۆیە قسە لەسەر گرنیگی نەدان بەداخوازی ژنان لەبواری بەرابەری حقوقی نیە، بەڵام پێداگری لەسەر یەکسانی حقوقی ژنان لەگەڵ پیاوان و گونجاندنی لە پلاتفۆرمی لیبراڵەکان، ناکۆکیەکی ڕاشکاوانەی لەگەڵ ئامانجی ئیستراتیژیکی ئەوان هەیە و هەر ئەو ناکۆکیە ئاشکرایە تەبلیخیەی بەرابەری ماف و بەرنامەدانان بۆ ژنان لەلایەن لیبراڵەکانەوە وەك فریودانێکی ریاکارانەی لێهاتووە. لیبراڵەکان بەپێی ئامانجی ئیستراتیژیکی ئاڵترنایتوەکەیان کە بۆ ئابوری ئێران هەیانە، هەرئەو



گەلاڵەی گەشەپێدانی ئابوریە بەپێی ئۆلگوی نیئۆلیبراڵی لەئاستی جیهاندایە. واتە ئەوانە نەتەنیا نایانهەوێ لەتمە لەخاوەندارێتی تایبەتی بدەن، بەڵکو بەپشت بەستن بەچڕتربونەوەی چەوساندنەوەی چینی کرێکار دەیانهەوێ بواری قازانج و گەشەی سەرمایەداری برەخسێنن. ئەم مۆدێلە لەگەشەی ئابوری لەولاتانی ناسراو بەجیهانی سێهەم و لەولاتانی لەحاڵی گەشەکردندا،هەرلەبنەڕەتدا بەپشتبەستن بەچەوساندنەوەی لەڕادەبەدەر و هێرش بۆ سەر ئاستی ژیانی کرێکاران و توێژەبندەستەکانی کۆمەڵگا بەرەوپێش چووە. گەلاڵەی گەشەی ئابوری جێگای پەسەندی لیبراڵەکان لە هەرشوێنێك کەجێبەجێ کراوە هیچ ئاکامێکی نەبووە، بێجگە لەڕۆژڕەشی و فەلاکەتی زیاتر بۆ زۆربەی کۆمەڵگا و چڕتر کردنەوەی هەژاری و بێمافی ژنان نەبێ. بەڕێوەبردنی هەر ئەم گەلاڵە ئابوریانە بوو کە لە میسر و تونس ژنانی بەرەو شۆرش هێنا. ئەوانە لەکاتێکدایە کەهەموو دەزانن بەرابەری حقوقی ژنان لەگەڵ پیاوان بەبێ هیچ دەرەجەیەك لەبەرابەری ئابووری دابین نابێ. بۆوێنە ئێمە بەهەر ڕادەیەك باس لەیەکسانی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لەبواری جیابونەوە و یەکسانی لەمافی سەرپەرستی منالان بکەین، بەلام هەتا کاتێك ژنان نتوانن بەجیا لەپیاوان لەبواری ئابوری لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و ژیان و گوزەرانی خۆیان دابین بکەن، ناتوانن لەمافی یەکسان بەهرەمەندبن. ژنێك کە لەبواری ئابووری بەپیاوەوە بەستراوەتەوە و سەربەخۆیی ئابوری نیە، بەخواستی خۆی چاوپۆشی لەمافی یەکسانی تەلاق و سەرپەرستی جگەر گۆشەکانی دەکات. هەر بۆیە پێش هەرشتێك دەبێ سەربەخۆی ئابوری ژنان دابین بکرێ. سەرجەم ژنان دەبێ لەمافی بیمەی بێکاری گونجاو لەگەڵ دابین بوونی ژیانێکی ئینسانی بەرخورداربن. بۆ ئەوەی کە ژنان لەکار و دامەزراندن لەگەڵ پیاوان یەکسان بن، دەبێ ژنان لەگۆشەی ماڵ بێنە دەرەوە و ئیمکانی گەشەو پەروەردە بوونی لێهاتووییەکان و تواناییەکانیان بۆ برەخسێ. ئەم هەنگاوانەو سەرجەم داخوازی ئاسایشی ژنان بەبێ هێرشکردنە سەر نیزامی سەرمایەداری، بەبێ هێرشکردنە سەر قازانجی سەرمایەدارەکان و دامەزراندنی سیستمێکی ئاسایشی کۆمەلایەتی و جێگیر کردنی یاسایەکی کاری دیمۆکراتیك مسۆگەر نابێ. سەرچاوە ماڵیەکان و هەزینەی دابین بوونی سەربەخۆیی ئابووری ژنان، هاتنەدی داخوازی یەکان و بوار ڕەخساندنی زەمینە مادییەکانی یەکسانی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان دەبێ لەقازانجی سەرمایەداران کەم بکرێتەوە و بۆی تەرخان بکرێ. لیبراڵەکان کە خۆیان بە پارێزەری موناسەباتی سەرمایەداری دەزانن و خوازیاری گەشەکردنی ئەو بەپێی هێماکانی نێئۆلیبرالیستین،بەپێی ناوەڕۆکی ئامانجیان ناتوانن داخوازی بزوتنەوەی ژنان لەبواری یەکسانی مافەکانیان دابین ببێ.

تێگەیشتن لەم ناکۆکیەیە کەبیرمەندانی لیبرالیستەکانی ناچارکردوە بزوتنەوەی ژنان بەبزوتنەوەیەك لەدەرەوەی مەسەلە چینایەتیەکان بناسێنن. ئەم ناکۆکیە کە لە پلاتفۆرمی داخوازی لیبراڵەکان بەئامانجی ئیستراتیژیك و بەرنامەی ئابوری ئەوان لەبواری داخوازی بزوتنەوەی ژنان ئاماژەمان پێکرد، حیزب وجەریاناتی ناسیونالیست لە کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەوانیش لە چوارچێوەی هەر ئەو موناسەباتی سەرمایەداریە بەشوێن بەشی خۆی لەدەسەلاتی سیاسیدا دەگەڕێ. ئەوانیش دەیانهەوێ موناسەباتی زاڵمانەی سەرمایەداری هەروا بمێنێتەوە و بەردەوام بێ. بەلام گرفتی لیبراڵەکان و جەریاناتی ناسیۆنالیست تەنیا لەناکۆکی پلاتفۆرمی داخوازیەکانیان لەگەڵ ئالترنایتو و بەرنامەی ئابووریان نیە، بەڵکو ئیستراتیژی سیاسی ئەوانیش بێجگە لە بەلارێدابردنی بزوتنەوەی ژنان هیچ ئاکامێکی نەبووە. ئەوان دەیانهەوێ بزوتنەوەی ژنان بکەنە پاشکۆی ئیسلاح خوازانی حکومەتی لەپێناو ئیسلاحی ڕژیم لەچوار چێوەی یاسای بنەڕەتیدا.

حیزب و جەریاناتی ناسیۆنالیست لەکوردستان لەهەمان کات دا کەخۆیان بەهاوپەیمانی شەپۆلی سەوزی موسەوی و کەروبی دەزانن، لەهەوڵدان بزوتنەوەی ژنانی کوردستان کە ڕازی پێشکەوتنەکەی لەهاوپشتی ویەکێتی لەگەڵ بزوتنەوەی سەرتاسەری ژناندایە، لەم بزوتنەوەیە جیابکاتەوە.

**پێشەنگ: بەسەرنجدان بەبەیانیەکان و بەڕێوەبردنی مەراسیمەکانی ٨ی مارسی ئەو ساڵ کەدڵخۆشکەربوون، ڕەوتی چەپ و سوسیالیستی نێو بزوتنەوەی ژنان تاچەند توانیویەتی سەرکەوتووبێت؟**

سەلاح مازوجی: بێگومان بەڕێوەچوونی مەراسیم و ئاکسیۆنەکانی ٨ی مارس کە لەواندا داخوازی ژنان بەشێوەیەکی چڕوپڕتر باس دەکرێن و بۆتە بوارێك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەدژی هەلاواردن و بێ مافی ژنان، ڕۆڵی گرینگی لەپێشڕەوی بزوتنەوەی ژنان و پەرەپێدانی وشیاری جینسی لەنێو ژنانی ئێراندا گێراوە. ڕۆڵی بۆچوونی سۆسیالیستی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم مەراسیمانەو پەرەگرتنی ڕەخنەکانی بیری ڕادیکاڵ لەسەرچاوە چینایەتیەکانی ستەمی سەر ژنان و بردنە ژێر

پرسیاری بیروڕاو باوەڕی لیبراڵەکان لەم بوارەدا، نیشانەی ئەوەیە بۆچوونی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لەبزوتنەوەی ژنان ڕاستیەکی بەرچاوە. بەڵام ئاڵقەی سەرەکی لەپێشڕەوی بۆچوونی سۆسیالیستی و تەزمینی پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاری ژنان لەهێنانە مەیدانی جەماوەری میلیۆنی ژنانی کرێکارو زەحمەتکێش و ڕێکخراوبوونی ئەواندایە. پێداگری هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست لەسەر داخوازی ئابووری وئاسایشی ژنان دەبێ لەخزمەت بەهاندانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە بەرینە بێ.

لەم پێناوەدا شێوازو شێوەکاری کۆمۆنیستی گرینگی چارەنووسسازی هەیە.

بۆچوونی سۆسیالیستی لەنێو بزوتنەوەی ژنان تەنیا بە ڕێکخستنی بناخەی ماددی خۆی و هێنانە مەیدانی جەماوەری بەرینی ژنانی کرێکارو زەحمەتکێشە کەئیمکانی وەدەست هێنانی ڕێبەریی بزوتنەوەی ژنان مسۆگەر دەکات. هەتا کاتێك کەبزوتنەوەی ژنان لەئاستی بزوتنەوەی ژنانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگادا بمێنێتەوە، نوخبەکانی ئەو بەشە لەژنان کەرێبەرایەتی ئەو بەدەستەوە دەگرن و ئەوانە لەڕاستیدا بناغەی ماددی فیمینیزمی لیبراڵی پێك دێنن.

**پێشەنگ: ئەوبزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کەدەتوانن هاوپەیمانانی بزوتنەوەی ژنانی ئێران بن، کامانەن و لەمپەرەکانی سەر ڕێگایان چین وخاڵە هاوبەشەکانیان کامانەن؟**

سەلاح مازوجی: هەروەك خۆتان ئەزانن ئێستا لە ئێران شاهیدی بوونی چەند بزوتنەوەی زیندووی کۆمەڵایەتین. بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی خوێندکاری و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەوانەن. سەرەڕای ئەم بزوتنەوە پێشڕەوانەی کۆمەڵایەتی ئێمە شاهیدن بزوتنەوەیەکی گشتی ئازادیخوازانەین کەسەرەڕای هەوڕازو نشێوەکانی، فەزای سیاسی ئێرانی بەتەواوی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و یان درێژەی حەرەکەتی ناڕەزایەتی دایکانی لالەو... . ژنان بناغەی سەقامگیریی سەرجەم ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازانەن. بەشداری ژنان لەبزوتنەوەی کرێکاری، ئەگەرچی ئێستاکەش لەگەڵ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی ئەوان گونجاونیە بەڵام حاشاهەڵنەگرە.

بزوتنەوەی خوێندکاری و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەبێ بەشداری ژنان مسۆگەر نابێ. ژنان لەدوو ساڵی ڕابردوودا لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندان و ململانێکانی سەرشەقامەکان بوون. خەبات لەپێناو وەدەست هێنانی ئازادی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاشەکشە کردن بە کۆماری ئیسلامی لەدەخالەت لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بواری عەینی پەیوەندی ئەم بزوتنەوانەی خۆش کردووە. لەکاتێکدا جەریانی سۆسیالیستی بتوانێ ئاسۆ و ڕێگا چارەسەکانی خۆی بخاتە بەردەم ئەم بزوتنەوانە، ئەم بزوتنەوانە سەرەڕای هەر هەوراژونشێوێك کە لەگەڵی بەرەوڕووبوون لە یەکێتی و یەکگرتویی بەیەکەوە ڕێگای پێشڕەوی خۆیان هەتا گەیشتن بەئامانجەکانیان دەپێون. ئەگەر ئاوا نەبێ، ئەزموون دەری خستووە ئەگەر جەریانی لیبرالی لەنێو بزوتنەوەی ژنان قسەی یەکەم بکات، ئەم بزوتنەوەیە لەمەسیری پێشڕەوی خۆی واتە یەکگرتوویی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر دەباتە دەرەوەو ئەو دەکات بەپاشکۆی ئیسلاح خوازانی حکومەتی. یان لەکوردستان ئەگەر جەریانی سۆسیالیستی بەهێزو تواناوە خۆی دەرنەئەخست، حیزب وجەریاناتی ناسیۆنالیست، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکیان بەشوێن شەپۆلی سەوزی موسەوی و کەڕوبی دا پەلکێش دەکرد.



سەبارەت بە بزووتنەوەی ژنان دەبێ پێداگری بکرێ کە بە سەرنجدان بەوەی کە سەرچاوەی ستەمی سەر ژنان لە دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداریدایە و بەسەرنجدان بەوەیکە نە تەنیا رزگاری یەکجاری ژنان لە کۆت و بەندی ستەم و هاتنەدی یەکسانی ڕاستەقینە بەڵکوو تەنانەت دەست ڕاگەیشتن بە بەرابەری مافەکانیان لە چوارچێوەی موناسباتی ئێستادا بە هێرشکردنە سەر خاوەنداریتی تایبەتی و سەرمایەوە گرێی خواردووە. لەم ڕووەوە بزووتنەوەی کرێکاری هاوپەیمانی ئیستراتیژیکی بزووتنەوەی ژنان دەبێ و هەوڵدان بۆ یەکێتی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی ئیستراتیژی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ژنان دایە.







# لەمیا حسێن و تابلۆکانی

ئا: ن_ح

لـــە مابەینی رۆژانی ٤\١٣ بۆ ٤\١٦ لە هۆڵی نمایشـــگای مۆزەخانەی ســـلێمانی پیشانگایەکی هاوبەش بە بەشداری ١٠ ژنە هونەرمەندی شـــێوەکار کرایەوە. ئەم پیشـــانگەیە بەشـــێك بوو لە فســـتیوالی (لە یادی ٨ مارسدا دیدارێك لەگەڵ یەکەمین گوڵە مێخەك). تابلۆکانی ئەم پیشانگەیە لە قەبارە و رەنگ و سەبك دا گەلێك لێك جیاواز بوون. تەنیا شتێك کە بە هاوبەش کاریان بۆ کردبوو، بەرجەستەکردنەوەی ژن بوو. فەزای هۆڵی پیشـــانگا بـــە جۆرێك چندرا بوو، کاریگەری بەســـەر بینەرەوە دابنێت. جیـــا لەو تابلۆیانەی بە دیوارەکانەوە هەڵاوەســـرابوون، لە ســـەر زەوی هۆڵەکەش تابلۆیەکی ٢ متر لە ٣ متر راخرابوو کە تێیدا پارەچەیەکی سپی لەسەر پارچەیەکی گەورەتری رەش راخرابوو و کەمێك رەنگی سوور پرژێنرابووە ناوەراستەکەی. ئەوە کاری ساکار عبدوڵلا بوو کە ئەم چەند دێرەشی لە خوارەوەی نوسیبوو:




ئەو خەیاڵە چیە کە پارچەیەك لە جەستەی مێینەی کرد بە شەرەفی کۆمەڵگا وپیرۆزی پێ بەخشی ولە هەمانکاتیشدا هۆکاری قەدەرێکی کوشندەیەتی !

ساکار عەبدوڵا

لەو کەســـانەی کە بەشـــداریان کردبوو، لە ناویاندا پێشتر لەگەڵ کارەکانی لەمیا حســـێن ئاشـــنا بووم و ســـەردانی پیشـــانگەکانیم کردبوو. بۆیە هاوکات لەگەڵ ئامادەکردنی راپۆرتێك لەو پیشانگەیە، هەوڵمدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا سازدەم.

لەمیا خەڵکی شاری بەغدایە و ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کە خەڵکی شـــاری سلێمانیە لە ســـلیمانی دادەنیشن. هەر لێرەشەوە دەستخۆشـــی لە هاوسەرە بەرێزەکەیان دەکەم کە بە حەوسەلەوە پرسیار و وەڵامەکانی بۆ تەرجمە دەکردینەوە.

لەمیا لایوایە کە لەم ناوچەیەدا ژن ئازارێکی زیاتر دەبینێت و لەگەڵ دژواری زیاتردا رووبەرووە، بۆیەش هەوڵدەدات ئەم مەسەلەیە لەکارەکانیدا دەرخات.

لە وەڵام بەو پرسیارەدا کە بۆچی هەمیشە لە تابلۆکانیدا ژن بەجۆرێك ئاوێتەیە لەگەڵ دار و گەڵا و با و تەمدا؟

لەمیا حســـێن دەڵێ: بەلای ئەوەوە ژن هێمایەکە بۆ خاك و دەرخت کە دایمەن لە هەوڵـــی خۆراگری و جێگیربووندان. ئـــەو با و گەڵاو هەڵوەرینانەش کە بە تابلۆکانەوە دیارە باس لەو ململانیە هەمیشـــەییە دەکات کە ژن بۆ جێگیر کردنی خۆی لەگەڵیدا دەرگیرە و دەیهەوێ ریشەی خۆی لە خاکدا قایمتر کات.

لەمیا بەسەرجەم تابلۆکانیەوە جۆرێك لە رووشان و تاشین دیارە



کە کارەکانی ئەوی جیاوازتر کردووە. چونکە سەرەرای باس کردن لە ناسـکترین شتەکان هەست دەکەی توندوتیژیەکیان لە پشتە.

لەمیا لەمبارەیـەوە باس لەوەدەکات ئەو بۆ کارەکانی خۆی لە تیخ کەڵك وەردەگرێ و ئەوەشی دوای تەمرینی زۆر بۆ دەرکەوتووە.

دوو تابلۆ لە کارەکانی لەمیا حسێن





# "ناتالی لۆمێل"
# ژنە شۆڕشگێڕەکەی کۆمۆنی پاریس




**"کلۆدین ره"**

**له فارسیەوە/ ئاکام بەسیم**

"ناتالی لۆمێل"، ئەو ژنە شۆڕشگێڕەیە کە مێژووی کۆمۆنی پاریسی نەنووسیوە بەڵکوو بە دەستی خۆی پێکی هێناوە. بیرەوەری یەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە، نامێلکەیەکی لێ بەجێ نەماوە، هیچ شتێك. تەنیا واژۆکەی لەگەڵ کەسانی دیکە لە خوارەوەی ڕاگەیاندنە دیواریەکەی کۆمۆندا بە دروشمگەلی وەك: "ئێمە کارمان دەوێت و قازانجەکەشی بۆخۆمان، نە چەوسێنەرمان دەوێت و نە ئەرباب" دەبینرێت. هەربەم هۆیەوە بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری ئەو سیما ناسراوە، ساڵی ٢٠١٠مان بۆ ئەو تەرخان کرد. ئەوە باشترین مەجالە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسایەتییە گەورەیە کە هەموو ژیانی لە پێناوی دیفاع لە دنیای کار تەرخان کردووە،لە لەبیرچوونەوە ڕزگار بکەین.

ناتالی، لە ساڵی ١٨٢٦ لە شاری "برێست"(١) چاوی بەژین پشکوت. دایك و باوکی نەهایەتی فیداکاری و لە خۆبردوویی یان نواند هەتا منداڵەکەیان لە ئاموزش و فێرکاریەکی باش بەرخوردار بێت. لە ساڵی ١٣٤٥دا ئێزدواجی کرد و بوو بە خاوەنی ٣ منداڵ. دواتر ناتالی و هاوسەرەکەی لە شای "کێمپێر"(٢) دەستیان کرد کتێبفرۆشی. دە ساڵ بەر لە ڕووداوەکانی کۆمۆن، بەرەو پاریس وەڕێ کەوتن و ناتالی لە "شەقامی برۆتێنەکان"(٣) لە بەرانبەر وێستگەی ڕێگای ئاسنی "مۆن پەرناس"(٤) لە کارگەیەکی سەحافی دا سەرقاڵی کارکردن بوون. بە پێی ڕاپۆرتی پۆلیس، ناتالی بە هۆی: سیاسی، خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی "گومرا" بە دەنگی بەرز، و هات و چۆی بەردەوام بۆ کلوبەکان، سەرنجی هەمووانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو.

"ناتالی لۆمێل" ئەندامی کۆمەڵی نێونەتەوەیی کرێکاران (واتە ئەنترناسیۆناڵی یەکەم) بوو. لە ساڵی ١٨٦٥، سەندیکای کرێکارانی سەحاف کاری، لە لایەن "ئۆژێن وەرلێن"(٥) و ناتالی لۆمێلەوە دامەزرا، کە خوازیاری یەکسانی حەقدەستی ژن و پیاو بوو و بەدەستیشی هێنا.

ئۆژێن وەرلێن، دامەزراندنی ڕێستورانتێکی جەماوەری و گشتی بە ناوی "لامەرمێت"(٦) پێشنیار کرد و ناتالی وەك بەڕێوەبەری هەڵبژارد. دواتر ئەو ئیدیە سەرکەوت.

ناتالی لۆمێل لە سەردەمی "کۆمۆنی پاریس"دا هەم و خەمی خۆی سەرفی ڕێکخستنی ژنان کرد. ئەو لە ١١ی ئاوریلی ١٨٧١، هاوڕێ لەگەڵ "ئێلیزابێت دیمێتی یێف"(٧) یەکێتی ژنانی بۆ دیفاع لە پاریس و پەرەستاری کردن لە بریندارەکان دامەزراند. بەرنامەی "یەکێتی ژنان ... "داخوازیگەلێکی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو کە لەوانە: یەکسانی حەقدەستی ژن و پیاو، مافی کار کردن(ڕێکخستنی ئەو کارگایانەی کە داگیر کرابوو)، بە ڕەسمیەت ناسینی پەیوەندی هاوسەریەتی ئیختیاری، مافی جیابوونەوە و هیتر.

لە جەریانی "هەفتەی خوێناوی"دا(٨)، ناتالی لۆمێل بە یارمەتی ژنانی تر لە باریکادی مەیدانی بلانش(٩) درێژەی بە موقاومەت دا. ئەو لە ٢١ ژوئەنی ١٨٧١ دەستبەسەر کرا و بە تەبعید لە یەکێك لە قەڵا نیزامیەکان مەحکوم کرا. سەرئەنجام ناتالی لە ڕێکەوتی ٢٨ ژۆئەنی ١٨٧٩ (٨ساڵ دواتر)، لە تاراوگە گەڕایەوە. لە ٨ی نۆڤێمبری ١٨٧٩، سەرپەرشتی جەژنی بوژاننەوەی ژووری سەندیکایی کرێکارانی سەحافی بەئەستۆ گرت و لە ڕۆژنامەی "لە سازش نەهاتوو"(١٠) بە بەڕێوەبەری هانری ڕۆشفۆر (١١) دەستی دایە پیشەی ڕێك کردنی ڕۆژنامەکان.

کاتێك کە بە هۆی "پەککەوتوویی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی خەباتکارانەی"، ناچار بە دەست هەڵگرتن لە پیشەکەی بوو، هانری رۆشـــفور موچەیەکی کەمی بۆ دیاری کرد. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەو کاتەدا هانری رۆشـــفور پەیوەســـت ببوو بە بزوتنەوەی "بولانژیـــزم"ەوە(١٢)، ناتالی لۆمێل لە وەرگرتنی یارمەتـــی ماڵی ئەو خۆی بوارد و بەمجۆرە لە هەژاری و بێ دەرەتانێکی قووڵ دا نوقم بوو. ناتالی لۆمێل لە تەمەنی ٩٠ ســـاڵی دا و لـــە حاڵێکدا کە بینایی خۆی لەدەست دابوو، گواســـترایەوە بۆ ژووری بەساڵاچووان و ٥ ســـاڵ دواتر لە رێکەوتی ٨ی مانگی مەی ١٩٢١ گیانی لەدەســـتدا.لە پەنجاهەمین ساڵوەگەڕی کۆمۆنی پاریس لە مانگی مەی.

شەممە ٢١ خاکەلێوەی ١٣٨٨

وەرگیراو لە فەســـڵنامەی ژمارە ١ی لێژنەی دوستدارانی کۆمۆنی پاریس، بە ڕێکەوتی ٢٠١٠

ژێرنوسەکان:

**١– Brest شارێک لە باکوری ڕۆژئاوای فەرەنسە**

**٢– Quimper شارێک لە باکوری ڕۆژئاوای فەرەنسە**

٣– Les Bretons

٤ – Montparnasse

**٥ – Eugène VARLIN _"ئۆژێن وەرلێن" لەدایک بووی ١٨٣٩، شۆڕشـــگێڕی فەرەنســـەیی و کرێکاری ســـەحافی چاپخانە و ســـکرتێری لقی فەرەنســـەی کۆمەڵی نێونەتەوەیی کرێکاران (ئەنترناســـیۆناڵی یەکەم). ئەندامـــی کومیتەی ناوەنـــدی گاردی میلی کۆمۆنی پاریس و ئەندامی کۆمیسیۆنی ماڵی کۆمۆنی پاریـــس بوو. وە لە رۆژی ١٨ مانگی مەی ١٨٧١دا، بە شێوەیەکی وەحشـــیانە بە دەستی ئەرتەشی ورسای کوژرا.**

**٦ – La Marmite_ڕێســـتورانی گشتی بە نرخێکی هەرزان، بۆ یارمەتی دان بە کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو وە هەروەها مەجالێکـــی تەرخان دەکرد کە لەو شوێنەدا دەست بدەنە ئاموزشی سیاسی کرێکاران**

**٧ – Elisabeth DMITRIEFF– "ئێلیزابێت دیمێتری یێـــف" لەدایک بـــووی ١٨٥١ لە شـــاری "وۆلۆک"ی روسیە، فێمێنیست و ئەندامی ئەنترناسیۆناڵی یەکەم بوو کە لە لایەن مارکســـەوە لە تەمەنی ٢٠ ساڵی دا نێردرایە پاریس، هەتا لە جەریانی کۆمۆنی پاریس دا بەشـــداری بکات. دوای هەفتەی خوێناوی هەڵهات بۆ روسیە.**

**٨_ پاریـــس، لـــە رۆژی ١٨ مـــارس دا لـــە لایـــەن کۆمۆنارەکانـــەوە داگیرکـــرا و یەکەمیـــن حکومەتی کرێکاری جیهان کە بە "کۆمۆنی پاریس" ناســـراوە، دامەزرا. ئـــەم حکومەتە زیاتر لـــە ٧٢ رۆژ درێژەی نەکێشـــا و لە جەریانی هەفتەی خوێناوی لە ٢١ەوە هەتا ٢٨ی مانگی مەی لە لایەن "ئادۆلف تییر" رێبەری حکومەتی وێرســـای و ئەرتەش لـــە خاک و خوێندا گەوزا. لە هەفتەی خوێناوی دا، بیست و پێنج هەتا سی هەزار کەس لە کۆمۆنارەکان و خەڵکی پاریس لە کوچە و شـــەقامەکانی ئەو شارە، کۆمەڵکوژ کران و چل و پێنج هەزار کەسیش دەستبەسەر و ژمارەیەکی زۆریان تەبعید وە یان ئێعدام کرا.**

٩ – La place Blanche

١٠ – L Intransigent

**١١– Henri ROCHEFORT _ هونەرمەنـــد، رۆژنامـــەوان، سیاســـەت وان و نوســـەری کۆماری خواز و دژی ئێمپراتوری فەرەنســـە و لە هاوڕێیانی کۆمۆنارەکان و لە دۆســـتانی ویکتۆر هۆگۆ و ژووڵ والێـــس و ... هیتر بوو. ئەو بەڕێوەبەری رۆژنامەی "لە ســـازش نەهاتوو"ی لە ئەســـتۆ بـــوو، کە لە ژووەیـــەی ١٨٨٠دا بڵاوکرایەوە و لە راســـتیدا دەنگی کۆمۆنارەکان بوو. "هانری رۆشفۆر" وردە وردە بەرە و راستی توندڕەو و بەتایبەت "دۆکترینی بولانژنیسم" وەرچەرخا و سەرئەنجام لە گەڵ هاوڕێیانی پێشووی پەیوەنـــدی پچڕاند. ئەو لـــە تەنیایی رەها و لە بێ ئێعتێنایی خەڵکدا بە خاک سپێردرا، ئەگەرچی هەتا کۆتایی تەمەنـــی هەروا دژە مەلا و کشـــیش (ئانتی کلۆریکاڵ) مایەوە.**

**١٢ – Boulangisme دۆکترینـــی بزوتنـــەوەی ناسیۆنالیســـتی و راســـتی توندڕە ســـەر بە ژێنراڵ "ژۆرژ بولانژە" وەزیری شەڕی کۆماری فەرانسە بوو.**

١٣ – Bicêtre

***

# کاری ناو ماڵ

ن: ئازادە ئەرفەع
و: کەریم راد




کاری نــاو ماڵ یەکێك لەو بابەتانەیە کە ســاڵانی رابردوو لە ئاڵمان لە ئاســتی ڕای گشتییدا قسە و باسی لە سەر کراوە. جێگای سەرنجە کە تەنانەت ئەحزابی وەکوو حیزبی سوســیال مەسیحی و سوســیال دێمۆکراتەکانیش داوایان کردووە کە حەقدەست بدرێت بەو دایکانە کە ئاگاداری لە منداڵەکانیان دەکەن تا تەمەنیان دەگاتە سێ ساڵ.
هەڵبەت قەرارە کە ئەم یاســایە لە ســاڵی ٢٠١٣ دا بەکردەوە دەربێت. جێگای سەرنجە کە ئەم پێشــنیارە پێتشر لە لایەن حیزبی چەپەوە مەترەح کرا، بەڵام ئێستا ئەحزابی بۆرژوایی خۆیان بە خاوەنی ئەم دروشــمە دەزانن. بەم جۆرە کاری ناو ماڵ لە ناو سوسیالیســتەکان و فمینیســتەکان دا لە چوار چێوەی قســە و باســی تێئۆریك هاتۆتە دەر و ڕواڵەتێکی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە گرتووە. بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە کاری ناو ماڵ و داخوازییەکانی ژنانی فمینیست، چاوخشاندنێك دەکەین بە سەر مێژووی کاری ناو ماڵ بە پێی وتارێکی "موومیایی کردنی ژنانی ناو ماڵ"ی (کریستینا فیش).
لــە دەیەی حەفتادا "ماریا رۆزا دالاکۆســتایی" ئیتالیایی لە ســاڵی ١٩٧٢دا یەکەمین رێکخراوەی فمینیســتی وەك نەیاری بان پارلمانی "لوتافمینیســتا" لە ژێر ناوی "ژنان و دارمانی کۆمەڵگا" دامەزراند و قســە و باسی لە ســەر کاری ناو ماڵی هێنایە گۆڕێ و دایەبــەر لێکۆلێنــەوە. رۆزا هەوڵی دا بیســەلمێنێ کە کاری ناو ماڵ وەك بەشــێکی بنەرەتی و بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییە کە سەرچاوەی خولقاندنی زێدەباییە، بۆیە دەبێت حەقدەســتیان پێ بدرێت. دالاکۆستا هەوڵی دا کە لەم رێگەوە ژنانی ناو ماڵ بە چینی کرێکار و خەباتی شۆرشــگێرانەوە گرێ بدات. رۆزا شۆرش و مانگرتنی ژنانی ناو ماڵی وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ ژێر و ژور کردنی نیزامی سەرمایەداری چاولێکرد.
بیروباوەرێکــی خەیالاوی کە لە ناو بزووتنەوەی ژناندا رەخنەی لێگیرا. کریســتینا دلفی کۆمەڵ ناسی فەرانسەوی دامەرزێنەری رێکخراوی "بزووتنەوەی رزگاری ژنان" و هەروەها گۆڤاری "مەســائێلی نوێی فمینیســتی" لە ســاڵی ١٩٧٠دا لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی "دووژمنی ســەرەکی" هەڵوێســت و بۆچوونی خۆی ســەبارەت بە فمنیسم دەربڕی. لە ڕوانگەی ئەوەوە لە شی کردنەوەی ئابووریی سەرمایەداریدا کاری ناو ماڵی ژنان سەرنجی پێویســتی پێ نەدراوە. لە ســاڵی ٢٠٠٤ لە لوموند دیپلۆماتیکدا مەقالەیەك سەبارەت بە نابەرابەری ژنان و پیاوان لە ئاســتی بازاری کاردا نووســی و لەودا هۆکاری ســەرەکی ئەم نابەرابەرییەی لە چاوســاندنەوەی ژنان لە کاری ناو ماڵدا دەزانێت کە لەســەدا ٩٠ی قوورســایی دەکاتە ســەر شــانی ژنان. دلفی دەڵێت کە ئەم چەوســاندنەوەیە بەشێکە لە پێکهاتەی نیزامی کۆمەڵایەتی هەر وەك دابەش بوونی کۆمەڵگا بە سەر چینەکاندا. ئەو لە مقالەکەی خوێدا نووســی وا دەنوێنن کە بەڕواڵەت کاری ناو ماڵ بە پێی رێکەوتنی نێوان هاوســەرەکانەوەیە بۆ دابەش کردنی کار، بەڵام لە پاڵ کاری ناو ماڵدا، رێکخراوەی باوك سالاری کۆمەڵگا حەشار دراوە.
لە ئاڵمان پرۆفسۆریی کۆمەڵناس بە ناوی "ماریا میش" کە ئەمرۆکە ئەندامی "ئاتاك"ی ئالمانییە، لە کۆتایی دەیەی حەفتادا خســتنە کۆنجی ماڵی ژنان مانا دەکاتەوە و قسەی لە سەر دەکات. بە بڕوای ئەو بێ بایەخ کردن و لە بەرچاو نەگرتنی کاری ژنان لە نیزامی

سەرمایەداریدا و هەروەها سیاسەتی ئیستعماری و ئیستیعماری نوێ لە ولاتانی جیهانی سیەمدا بە یەکەوە پێوەندیان هەیە.

"فریـــگا هاگ" لە بەرهەمەکـــەی خوێدا باس لە مانـــا و مەفەومی کاری ناو ماڵ، ژنی ناو ماڵ و ژنان دەکات.




لە کۆتایی دەیەی حەفتادا لە ئاڵمان پرۆفسۆرێکی کۆمەڵنـــاس بە ناوی ماریا میـــس کە ئەمرۆکە ئەندامی ئاتاکـــی ئاڵمانە مانای کاری ناوماڵ و هۆکارەکانی کەوتنە کونجی ماڵەوەی ژنان دێنێتە

بەر لێکۆڵینەوە و قســـە و باس و ئەو پێیوایە کە بایەخنەدان بە کاری ژنان پێوەندی بە ســـەرمایە و ســـەرمایەداری و هەروەها سیاسەتی ئێستعماری و ئێستعماری ولاتانی جیهانی سیەمە وە هەیە.

ئەمانەیکـــە فریگا هاگ لە بەرهەمەکانی لـــە کتێبی فەرهەنگی مێژوویی- رەخنەی فمنیستی دا نوسیویەتی لە تێئوریەکانی مارکس وەرگیراوە. هاگ لە بەرهەمێکی خۆیدا باس لە کاری ناو ماڵ ژنی ناومـــاڵ و ئەو هوکارانەی کە ژن دەخاتە کونجی مالەوە دەکات. ئەو چەمکانەی کە بەشێکی بەرین لە فەرهەنگی بلاوکراوە بۆ ئەو بەشە تەرخـــان کراوە، هاگ ســـەرچاوەی تێئۆرییەکانی خۆی لە تێئۆری نۆژەنکراوەکانی مارکسەوە وەرگرتووە.

ئەو لە ســـەر ئەو باوەڕەیە کە پێوەندی رەگەزیی نێوان ئینسانەکان لە روی بەرهەم و بەرهەمەێنانە وە دیاری دەکرێت.

ئانجلا دیویس هەڵســـوڕاوی چالاکی مافی مەدەنی لە ئەمریکا لەو بوارەدا هەڵویستیکی تر نوێنەرایەتی دەکات. ئەو لە سالی ١٩٨١ لە بەرهەمێکی خۆیدا کە بە ناوی ژن، رەگەز و چین، بلاوی کردۆتەوە لە کۆتایی لاپەرەی کتێبەکەیدا بەشی ١٣ی تەرخان کردووە بۆ کاری ناومال. دیویس لە ســـەر ئەو باوەڕەیە کـــە کاری ناوماڵ قازانج پێك ناهێنێ، زۆربەی بە شـــێوازێکی زۆر ســـەرەتایی ئەنجام دەدرێت، لە نیزامی ســـەرمایەداریدا کارێکی کەم بایخ بە حیساب دێت کە ژناز ئەنجامـــی دەدەن. دیویس دژیاتری دەکات لە گەل ئەم پێشـــنیارە کە دڵێ دەبێ حق دەســـت بدریت بە ژنانێك کە لە ناو ماڵ دا کار دەکەن ئـــەو وا بیر دەکاتەوە کە ســـەرقاڵ بوونی ژن لـــە ماڵەوە پێوندی بە ســـەرمایەداریە وە نییە و لە لایکی تریشـــە وە، بە دانی حەقدەست، ناکرێ رواڵەتی دەست بە سەری ژنان قەرەبوو بکرێتەوە.

دەبێ کاری ناو مال لە ئابوریە کی سەنعەتی دا بکرێت کە پێکهاتبێت لەچەندین کۆمەڵ ئینســـانی کە پێشتر فێرگەیان بینی بێ و ماڵ بە ماڵ بگۆڕێن و کار بکەن و حەقدەستی گونجاویش وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستە بودجەی دەولەتی زۆر بەرچاوی پێویستە. ئەو پێیوایە تەنیا لە رێگای گەیشـــتن بە سوسیالیزمە کە کاری ناو مال کومەڵایەتی دەبێتەوە.

هانگاوی بەرچاو بۆ کۆتایـــی هینان بە کویلەیەتی ناومال تەنیا لە ولاتانی سوسیالیستی دا دەتوانێ مسوگەر بێت.

مارکسیستە فمینیستەکان هەمیشـــە باسیان لە گواستنەوەی کاری ناوماڵ بۆ خەدەماتی گشـــتی جامعە کردوە رێك ئەوەیکە اگوســـت ببل لە کتێبی ژن و سوسیالیســـم دا باسی لێکردوە و دواتریش لنین و ئەلکساندر کولنتای درێژەکە ی دەنوسن.

***

# روانینێك بۆ مەسەلەی ژنان لەبەردەم

**سۆهەیلا قادری _ ١٥ ژوئیەی ٢٠١٠**

**کۆنفرانسی ناوەندی توێژینەوەکانی ژنانی ئێرانی**

**لە پاریس**

**و:پێشەنگ**

قســـەکانم بەر رێز گرتن لە یاد و خاترەی ئازیزان فەرزادی کەمانگەر، شـــیرین عەلەمهولی چالاکی سیاسی کورد و ســێ هاوبەندی تریان دەســـت پێدەکەم: ئەو کەسانەی کە لە بەرەبەیانی ١٩ گولاندا بە تاوانی چالاکی سیاســـی و هۆشیاری دەرانەیان و خەبات لە پێناو کۆمەڵگایەکەی بەری لە ســـتەمی نەتەوەیی و بێ عەداڵەتییە کۆمەڵایەتییەکان، مەزلومانە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیســـلامییەوە لە سێدارە دران.



بابەتی بەرباس مەســـەلەی ژنانی کوردە لەبەردەم تیشکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا. لەم وتارەدا سەرەتا هەوڵدەدەم وێنەیەکی گشـــتی و کۆنکرێت لـــە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە روانگەی مێژووییەوە بەدەســـتەوە بدەم و لەســـەر نوێنگەی ئەو وێنا گشـــتییە، بچمە ســـەر رۆڵ و پێگەی ژنـــان، هاوتا لەگـــەڵ ئالوگۆڕەکانی ئـــەو بزووتنەوەیە تا ئەو دەورەیە. لەم رووەوە دەچمە ســـەر پێوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیـــی و بزووتنـــەوەی ژنـــان و دووری و نیزیکیان بە نیســـبەت یەکتری. هەر لێرەشدا وەبیری دێنمەوە کە ژنانی کـــورد چەندین زەنجیرە کێوی ســـتەم کۆڵکێش دەکەن، ئەو ســـتەمانەی کە لێك هەڵپێکراو و جیانەبووەوەن. ژنانی کورد لە یەك کاتدا ســـتەمی نەتەوەیی، چینایەتی، جینسییەتی و ئایینـــی پێکەوە تەجربە دەکەن، بەڵام قســـەکانی من بە لێکدانـــەوەی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنـــەوەی نەتەوەییەوە بەرتەســـك دەبێتەوە. بۆ پێش بردنی باسەکەی خۆم زیاتر لە کوردســـتانی عێراق و ئێـــران ورد بوومەتەوە و هێندێك جار کەڵکم لە نموونەی تورکیاش وەرگرتووە.

بەڵام بەر لە هەر شـــتێك رێگـــەم بدەن با لەگەڵ خۆمدا لە سەفەرێکی مێژوویدا بتانبەم بۆ کوردستان

بێداری نەتەوەیی، بێداری ژنان

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە شـــێوەی بنەمایی نیسبەت دەدرێت بە خەباتی کوردەکان لە رووبەری (ســـەرزەمینی) کوردستان، سەرزەوییەك کە لە ساڵ ١٩٢٣ لە شاری لۆزان لە لایەن دەسەڵاتە زلهێزە ئەمپریالیستییەکانی وەك بریتانیا لە نێوان وڵاتانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا دا بەسەر چوار بەشدا دابەش کرا.١ بەڵام ئەو دابەشکردنە هەرگیز نەیتوانی هاوخەباتی، یەکێتی و داخوازی رزگاری نەتەوایەتی لاواز بکات. هەر لەو رووەوە لێکدانەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردســـتانی ئێران بە بێ ئاگادار بوون لە چەندوچۆنی ئەو مەسەلەیە لە بەشەکانی تری کوردستان مویەسەر نابێت. هـــەر بەو پێیەش بە بێ لێکدانـــەوەی رۆڵ و پێگەی ژنان لەسەر نوێنگەی مێژوویی خەباتی رزگاری نەتەوەیی، دەرك و لێکدانەوەیەکی درووست لە جوڵەکان و پێگەی هەنووکەیی بزووتنەوەی ژنان لە سەرزەوی کوردستاندا دەستەبەر ناکرێت. بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنەدا لە رۆژهەڵاتی ناوین لە کۆتاییەکانی ســـەدەی ١٩ و ســـەرەتاکانی سەدەی ٢٠ زایینی واتە شکڵ گرتنی دەوڵەتـــە مەرکەزییەکان، ئاڵوگۆڕگەلێکی پشتســـەر ناوە. نەتـــەوە گەرایـــی وەك بیرکردنەوەیەکی مۆدێـــرن هەر لەو سەردەمەدا گەشەی کرد و ماناو واتاکەی هەوڵدان و خەبات بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردەکان.

دەرکەوتنـــی مۆدێرنە لە ناو نەتەوەی کورد، بە چەشـــنی جۆراوجۆر بەیان دەکرا. لە ساڵی ١٨٩٨ یەکەمین رۆژنامەی کـــوردی بە ناوی ( کوردســـتان) لە قاهیـــرە و لە هەمان ساڵیشدا رۆژنامەیەکی تر بە دوو زمانی کوردی و تورکی لە ئێستانبوڵ دەرکرا. لە ساڵی ١٩٠٨ چەند کۆڕو کۆمەڵی سیاســـی لەوانە " کۆمەڵەی گەشـــەپێدانی کوردستان"، بە دوای ئەویشـــدا کـــۆڕ و کۆمەڵگەلێکی تری جۆراوجۆری

# تیشکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد



کوردی لە سەراسەری کوردستانی عوسمانیدا لە دایك بوون. لە ساڵەکانی ١٩١٢ و ١٩١٣ بڵاو کراوەگەلێکی کورد زمانی وەك "رۆژی کورد" و " هەتاوی کورد" بڵاو کرایەوە. لە ساڵی ١٩١٣ حەوتوونامەی "دونیای ژن" بە سەرنووسەری "ئولیویە رەفعەت" و هاوکاری و هاندانی هاوسەرەکەی، مەولانا ئازاد رەفعەت، رۆژنامە نووسی کورد بڵاو کرایەوە.٢ ئەو حەوتوونامەیە کە چەندین جار راگیرا، جیا لە هەر نسبییەتێکی قەومی و ئایینی لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا ببووە دەنگی ژنان و دواهەمین ژمارەی (ژمارە ٢٠٠) لە ساڵی ١٩٢١ بڵاو کرایەوە. بەر لەو لە ساڵی ١٩٠٨، قاسم ئەمین مافزان و قازی کورد، دانیشتووی میسر کتێبێکی بە زمانی عەرەبی لە بابەت ئازادی ژنانەوە نووسی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە وڵاتی میسردا قەدەغە بوو. لە پاش دەرکەوتنی بڵاوکراوە کورد زمانەکان، دەستەبەر بوونی توخمەکانی مۆدێرنە لە کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی بە مۆدێرنە بوون لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا گەڵاڵە دەکرا. بەڵام ئەوجار ئەو بڵاوکراوانە وێرای گەڵاڵە کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی وەك هەبوونی مافی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەستیان دایە تەوەرەکانی بەهێزتر کردنی ئەو مەسەلەیە. لێرەدایە کە پێگەی ژن وەك یەکێك لە چەمکە گرنگەکانی مۆدیرنە گەڵاڵە کرا.

پەروەردە و پەرەپێدانی راهێنان بە زمانی کوردی بەو مەبەستەی کە کوردەکانیش نیشان بدەن خاوەن زمان و ئەدەبیاتی نوسرا و مێژووی رەسەنی خۆیانن، هۆکارێکی گرنگ بە هەژمار دەهات. هەر لەو سەردەمەدایە کە رۆڵی ژنان وەك مامۆستا و دایك بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو لە ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستیدا گەڵاڵە کرا. ژانت کلاین دەڵێت: زمان ئامرازی پەروەردەو راهێنانە، بەڵام توخمێکی سەرەکی پێناسەی نەتەوەیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە و لەو بوارەدا ژنان رۆڵێکی دیاریکراویان لە وەدیهاتنی پرۆژەی نەتەوەیی کوردەکاندا هەیە.)٣

لە کەش و هەوای وەها دیالۆگێکدا (کۆمەڵەی پێشخستنی ژنان) لە ساڵی ١٩١٩ لە ئێستانبوڵ لە پاڵ (کۆمەڵەی پیشخستنی کوردستان) دامەزرا. ئەو کۆمەڵەیە بڵاوکراوەی ( ژن)ی دەردەکرد کە یەکێك لە باسەکانی، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و پێگەی ئەوان و بردنە سەرێی ئاستی هۆشیاریان لە ئاستی بنەماڵەو کۆمەڵدا بوو.٤

لە پاش ساڵی ١٩٢٠ گەلێ لە رێبەرانی بزووتنەوەی کوردستان لە عوسمانی لە ئێستانبوڵەوە بەرەوە کوردستانی باشوور لە عێراق کۆچیان کرد. ئەو بیرۆکەگەلێی مۆدێرنیان بە تایبەت لە بابەت ژنانەوە بۆ ئەو ناوچەیە هێنا. فاتمە محێدین هەر لەو ساڵەدا قوتابخانەیەکی بە ناوی (ئەلزەهرا) لە شاری سلێمانی، بۆ کچان دامەزراند.٥ ( هەروەها لە شاری "کۆیە"، بنەماڵەگەلێی جۆراوجۆر، کچە ١٢ تا ١٣ ساڵانەکانی خۆیان دەنارده مەدرەسەی کورانە تا لەپاڵ یەکتریدا دەرس بخوێنن).٦

عەبدوڵا جەودەت رۆژنامە نووس و سیاسەتمەدار کورد کە بەرگری لە مافی ژنان لە بابەت خاوەندارییەتی تایبەتەوە دەکرد، هاورێ لەگەڵ یەکێك لە هاورێکانی خۆی بە ناوی "ئیسحاق سکوتی" قوتابخانەیەکی تێکەڵی کچانە و کورانەی لە شاری "خارپووت" لە کوردستانی تورکیا دامەزراند.٧ سەرەرای گرنگی راهێنان و بارهێنانی ژنان وەك پەروەردەکەرانی نەوەی نوێ و کەسانێك کە زمان دەگوازنەوە و پاراستنی پێناسەی نەتەوەیی، ئێمە لەو دەورەیەدا لەگەڵ

دامەزراندنی ناوەند، رێکخــراوەکان و پارتگەلێکی ژنانەدا رووبەرووین کــە هاوتا لە گەڵ ئەو راهێنانانەدا، لە هەوڵی پشــتیوانی کردنی بزووتنەوە نەتەوەییەکانــدان. یەکەمین پارتی ژنان لە کوردستانی عێراقی ژێر فەرمانی بریتانیادا پێکهات، دامەزرێنەری ئەو پارتە "حەفسە خان"، خوشکەزای شــێخ مەحمود رێبەری بزووتنەوەی ســەربەخۆیخوازانەی کوردســتانی عێراق لە ســاڵەکانی ١٩١٩ تا١٩٢٣ بوو. ئامانجی ئەو حیزبە راکێشانی پشتیوانی ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بوو.

تاوتوێکردنــی ئەو دەورەیەی بزووتنــەوەی نەتەوەیی کورد نیشــان دەدات کە کوردەکانیش وەك مەشــروتە خوازەکانی ئێران لە ســەرەتای ســەدەی ٢٠ یا " تورکە گەنجەکان" لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا مەســەلەی فێرکردن و پەروەردەی ژنانیان لە چوارچێوەی باشتر بوونی پێوەندییەکانی بنەماڵە، بارهێنانی منــداڵان و هەروەها گواســتنەوەی کولتووری نەتەوەییدا بەدی دەکرد. وەك دەورەی مەشروتە، ژنان بەشێك بوون لە پرۆســەی بەهێزکردنــی نەتەوەگەریی و بزووتنەوە نەتەوەییەکان و ســەرەنجامیش دەوڵەتی نەتەوەیی. گەرچی لەو کاتیشــدا هاوشــێوەی دەورەی مەشــروتە لێرەولەوێ (مەسەلەی یەکسانی مافەکانی ژنان و پیاوان گەلێك جار لە بڵاوکراوەکاندا گەڵاڵە دەکرا).٨

هەڵبــەت ئیــدەی خوێندەوارکردنی ژنــان، تایبەتمەندی رۆژهەڵاتی ناوەراســت یا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نییە. ئەوە یەکێك لە ئیدە ســەرەکییەکانی بیرمەندانی مۆدێرنە لە ئەورووپا بوو کــە خوازیاری بەرانبەرکێ لەگەڵ قەیدوبەندە سوننەتیەکانی کۆمەڵگای بەر لە سەرمایەداری بوون، ئەو قەیدوبەندانەی بەری بە بەشداری ژنان لە ژیانی ئابووری_ کۆمەڵایەتــی کۆمەڵدا دەگــرت. ئەگەرچی وەدیهاتنی دروشــمی فێرکردن و بارهێنانی ژنان یارمەتی هۆشــیار بوونەوەیانــی دەدا، بەڵام ئەو هۆشــیاریە هەنوکەش دەربری هۆشیاری و وەخۆهاتنەوەی ژنان نەبوو.

یەکێك لە مانا ســەرەکییەکانی مۆدێرنە، شــکڵ گرتنی دەوڵەتی مەرکەزی بوو کە لە کۆمەڵگا پیشەســازییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا، تایبەتن ئەورووپایی کە رەوتی گەشــەی سەرمایەداری و پێکهێنانی دەوڵەت بەشی زۆری لە رێگەی ئاڵوگۆری دیموکراتیك و لە خوارەوە بەرێوەچوو. لە حاڵێکدا کە شکڵ گرتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆربەیان لە سەرەوە لە لایەن وڵاتانی داگیرکەری ئەوکاتەوە و بە پێی پێویســتییە ئابووری، سیاســی و نیزامییەکانی ئەوان بەکردەوە دەرهات. شــکڵ گرتنی دەوڵەتی رەزاشا لە ئێران ســەقەت و لە ســەرەوە دیاری کرا کە بە زەوتکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە ژێردەســتەکان شکڵی گرت. بۆ وێنە عێراق و سووریا بە باشی ئەو رەوەندانە دەداتە بەرچاو. هەڵبەت روونە کە ستەمی نەتەوایەتی هەروا لەو ناوچانەش کە دەوڵەتی مۆدێرن لە خوارەوە شــکڵی گرت بوونی هەیە، بەڵام هۆکارەکانی ئێستا مەسەلەی بەرباسی من نییە.

پێکهێنانــی کۆماریی تورکیــا بــە دوای پەیماننامەی لۆزان لە ســاڵی ١٩٢٣ ، بە دەســەڵات گەیشتنی زەنجیرە پاشــایەتی پەهلەوی ئێران لە ســاڵی ١٩٢٥، پێکهێنانی پاشــایەتی عێراقی ژێر فەرمانی بریتانیا و سووریای ژێر فەرمانی فەرانسا لە ساڵی ١٩٢٠، خاڵی دەستپێکی حاشا کردنی بەرەســمی لە مافەکانی کــوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو. بەشێوەی رەســمی نەتەوەی کورد لە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشــکرا و بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەوجار لە ژێر کاریگەری رووداوەکان و سیاســەتەکانی هەرکام لەو وڵاتانە رێگەی خۆی بە تایبەتمەندیگەلی جیاوازی خۆیەوە پشتسەر دەنێت.

لەمــەو بەدوا ژنــان، دەکەونە بەر کێشمەکێشــی هەر دوو بەرە. لە لایەکەوە دەوڵەتە نەتەوەییە تازە شــکڵ گرتووەکان دەیانهەویێت وێنەیەکی گونجاویان لە "دەوڵەتی مۆدێرن"دا لێ نیشان بدەن، لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کورد خوازیاری وەدیهاتنی مافەکانی ژنانن وەك بەشێك لە بەرنامەکان و ئارەزووەکانی پرۆژەی نەتەوەیی.

پرۆژەی "مۆدێرنیسم"ی مستەفا کەماڵ لە تورکیا نەیدەتوانی بە بێ ســەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد وەدی بێت. هاوکات لەگەڵ درووســتبوونی کۆماریی تورکیا، زمانی تورکی بوو بە زمانی رەســمی, زمانی کوردی تەنانەت بۆ قسە پێکردنیش لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا قەدەغە کرا و پێناسەی کوردەکان وەها نەفی کرا کە لە جیاتی کورد، بە "تورکی شاخستانی" ناویان دەبردن. بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردســتانی تورکیا لە ســاڵەکانی ١٩٢٥ (شێخ سەعید)، ١٩٢٧ (ئارارات)، ١٩٣٠ (حکاری) و ١٩٣٧(درســیم) بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کران. لە بیرەوەرییەکانی ئەو دەورەیەدا دەبینین کە بەســەدان ژن لە ترســی دەستدرێژی سەربازانی کەمالیست دەستیان داوەتە خۆکوژی. بۆ وێنە لە پاش شکەســتی شۆرشی درسیم بە سەدان ژن و کچ خۆیان هاویشتە رووباری "موزور" و خنکان.٩

هەڵبەت لەپاڵ ئەو ســەرکوتە خوێناویانەدا بەشــی ژنانی تورك لــە پرۆژەی "بە مۆدێرنە کردنی" مســتەفا کەمال، بە وێنەگەلێکی بێ حیجاب لە وێنە رەسمییە دەوڵەتییەکان

بەرتەســـك دەبووەوە. مســـتەفا کەماڵ هەوڵیدا سەرکوتی بزووتنەوەی کـــوردەکان بە ئەو ئیدعایە کە ئەوان دواکەوتوو و لەمپەری ســـەر رێی رەوتی "مۆدێرنە"ی تورکیان، پاساو بکات و بە رەوای بزانێت. ئەو لە داسەپاندنی ئەو ئیدەیە لە ئاستی بیرورای گشـــتی تورك و تاقمە دیبلۆماسییەکانی رۆژئاوادا سەرکەوتوو بوو.١٠

بە هەمان شێوە لە ئێران، رەزاشـــا دامەزرێنەری زەنجیرەی پەهلەوی ، "مۆدێرنەی" لە چوراچێوەی داسەپاندنی زمانی تاکی فارســـی و هۆوییەتی تاکی نەتەوەی فارسدا پێناسە دەکرد. لە بەرامبەر رەسمی بوونەوەی زمانی فارسیدا زمانی نەتەوەکانی تر سەرکوت و پەراوێز دەخرا. لە کوردستان زمان، جلوبەرگی کوردی، دابونەریتی خۆجێیی قەدەغە کراو و بە جێگەی ئەو زمانی فارسی و جلی فەرەنگی کرا زۆرەملێ. وەبیر دێنمەوە کە قەدەغە کردنی جلی خۆجێیی لە کوردستان پێوەندییەکی بە لادانی حیجابی رەزاشا لە ناوچەکانی تر بە تایبەت تاران نییە، ئەو قەدەغە کردنە لە کوردســـتان بەشێك بوو لە بەرنامەی گشتی زەوت کردن و حاشا کردن لە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی کوردەکان. رەزاشا لە کوردستان توندتر لە ناوچەکانی تر دەســـتی دایە یەکجێنشین کردنی عەشـــیرەکان. ئەو پرۆژەیە کە ئێتیکی بە "مۆدێرن"ە کردنی بەسەرەوە بوو لە راستیدا لەناوبردنی  سامانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەشێکی بەرچاوی نەتەوەی کورد بوو و ئامانجی سەرەکیشی کۆنترۆڵی سنوورەکان بوو بە مەبەستی پێشگرتن لە پێوەندییەکانی کوردەکانی ئێران لەگەڵ تورکیا و عێراق. لە پاش کۆتایی شـــەری دووهەمی جیهانی و لاوازبوونی دەوڵەتـــی ناوەندی ئێـــران، لاپەرەیەکی نـــوێ لە مێژووی بزووتنـــەوەی نەتەوەیی کورد هەڵدرایەوە. لە ســـاڵی ١٩٤٦ کۆماری کوردســـتان لە مهابات لە دایك بوو. بۆ یەکەمین جـــار کۆماریی رێگەی بە ژنان دا کە ماڵەوە جێ بهێڵن و بچنە نا شۆێنی گشتییەوە. ژنان پێگەیەکیان لە گۆرەپانی سیاســـەتدا دەستەبەر کرد. هاوســـەر و کچەکەی سەرۆکی کۆمـــار "قازی محمەد" ، لە گشـــت کۆبوونەوە و رێپێوانە گشـــتییەکاندا بەشداریان دەکرد. نوسراوەی هێندەێك لە ژنە مامۆســـتاکان چوونە ناو بڵاوکراوەکانـــەوە، لانی کەم ئێمە لەگەڵ بەرهەمەکانی شـــەش کەس لەو مامۆســـتایانە لەو سەردەمدا بەرەوروویین. بەشـــێك لە ژنانی  فێرکار چالاکانە لـــە هەوڵـــی هاندانـــی بنەماڵـــکان بۆ بەشـــداری دانی کچەکانیان لە خوێندندا بوون و دەچوونە ناو باســـە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە.١١

لە ساڵی ١٩٤٦، رۆژی جیهانی ژنان بە هەوڵی مینا خانم، هاوســـەری قازی محەمەد و بەشێك لە ژنانی رووناکبیری مامۆستا لە هۆڵێکی گشتی لە شاری مهاباد بەرێوەچوو. هەڵبەت لەو چەشنە کۆروکۆبوونەوانەدا باسێك لە یەکسانی مافەکانـــی ژنان و پیاوان نەدەهاتە گۆرێ و زیاتر لە ژنان داوادەکرا کە گوێ بە فەرمان بن و رەزامەندی هاوسەرەکانیان وەرگرن. باسەکان زۆربەیان لە بابەت رۆڵی ژنان لە درێژی کۆمارییـــدا بوو. هەر لەو ســـاڵەدا "پارتی ژنانی کورد" لە مهاباد پێکهات کە ئامانجەکەی کردنەوەی فەزای سیاسی بۆ ژنـــان لە بواری بەهێزتر کردنـــی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا بوو.

ئەگەرچـــی واتاکانـــی ئازادی و یەکســـانی مافەکان و پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتی بەشـــێك بوو لـــە بەرنامەکانی کۆماری کوردســـتان، بەڵام ئـــەو کۆمارییە بە پێچەوانەی کۆمـــاری ئازەربایجانەوە مافی دەنگدانـــی بە ژنان نەدا. قـــازی محەمەد هۆکاری ئەمەی گێرایەوە بۆ ســـوننەتی بوونی کۆمەڵی کوردەواری. ئەگەرچی خودی شەخســـی قازی محەمەد لە ژێر کاریگەری پێشکەوتنەکانی یەکێتی ســـۆڤیەت بە تایبەت لـــە بابەت مافەکانـــی ژناندا بوو و مینا خانمی هاوســـەری لە وتارێکـــدا وەك نموونە باس لە پێشـــکەوتنی ئەو ژنانە دەکات. کۆماریی کوردســـتان لە پێوەنـــد بە مافەکانی ژنانەوە لە گەڵ بەرتەســـکیگەلێکی سیاسی و کولتووریدا بەرەوروو بوو. روانینی کۆمارییش بۆ ژنان روانینێکی "شەرافەتمەندانە" بوو. بەهەر حاڵ پێگەی ژنان لە کۆمارییدا هیچکات لە "دایکی نیشـــتمان" واوەتر نەچوو، بەڵام گەڵاڵە کردنی ســـەرەتایی مافەکانی ژنان لە کۆماریی مهابادا لە چوارچێـــوەی ئەو کاتدا هەنگاوێك بـــەرەو پێش بوو. ئەو کۆمارییە کەمتر لە ســـاڵێکی تەمەن کرد و دەرفەتی بەدیهێنانـــی هیچ کام لە بەرنامەکانی بۆ نەرەخسا و بە شێوەیەکی توندوتیژ لە لایەن دەوڵەتی ناوەندەوە ســـەرکوت کرا. قازی محەمەد هـــاورێ لەگەڵ براکەی ســـەدری قازی، و ئامۆزاکەی حەمە حیسێن خان سەیفی قازی، لە بەرچاوی خەڵك لە سێدارەدران تا بەمشێوەیە نەك هەر لە ســـێدارەدانی کۆماریی راگەێندرێت، بەڵکوو ببێتە دەرســـی عیبرەتێکیش  بۆ نەتەوەیەك کە یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی تەجربە کردبوو.



شەهرزادی موجاب لە لێکدانەوەی خۆیدا لە بابەت کۆماریی مهابادەوە دڵێ: ( لە حاڵێکدا کە بەشداری ژنان لە بوارەکانی فێرکردن و سیاســـەتی کۆماریی کوردستاندا خێرا ئەوی لە گشت شـــکڵەکانی بەرلە مۆدێرنەی دەسەڵاتە کوردییەکان جیا دەکردەوە ... ئەزموونی دەســـەڵاتی دەوڵەتی لە هەردوو

حاڵەتەکەدا خاوەن تایبەتمەندی پیاوانەیە).
تەجربـــەی کۆماریـــی کوردســـتان، لە ژێـــر کاریگەری فاکتۆرگەلێکـــی جۆراوجـــۆر لەوانە هەبوونـــی یەکێتی سۆڤیەتی سۆشیالیستی و هەروەها هەبوونی هێزە سەربەخۆ و پێشکەوتنخوازەکان لە رێبەرایەتی بزووتنەوەی کورددا بوو. هەروەها پێویست بە باسکردنە کە کۆماریی لە بابەت ژنانەوە نەیدەتوانی لە بەرتەسکییە کولتووری و سوننەتییەکان واوەتر بچێـــت. بەڵام ســـەرەرای ئەوانەش لە بابـــەت ژنانەوە لەو دەوڵەتانە پێشرەوتر بوو لە سەرەوە درووست دەکران.
لە بابەت پێگە و رۆڵی ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق لە دەورەی رێبەری مستەفا بارزانی لە ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٥ بەڵگەگەلێکـــی باوەرپێکراو لەبەردەســـتدا نییە. تەنیا شـــتێ کە لـــەو دەورەیە بەجێ ماوە وێنەی ژنە پێشمەرگەیەکی ئاســـووریە بەناوی مارگارێت کە لە جلی پێشـــمەرگەی چەکداردا، بوو بە ســـەمبولی ژنی کورد لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەدا، (ئەگەرچی باوکان، کورەکان و هاوســـەرەکان ئامادە نەبوون بـــە ژن و کچەکانی خۆیان ئیجازە بدەن کە مارگارێت بکەن بە سەرمەشقی خۆیان).١٣
بێجگە لە مارگارێت، لەیلا قاســـم خوێندکاری خەباتکار و چالاکی سیاسی کورد کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن رژیمی عێراق لە ســـێدارە درا، لە ژنە هەڵکەوتووەکانی ئەو دەورەیە بووە. شاعیری نەتەوەیی کورد "هێمن" لە شێعرێکدا "لەیلای کوردی " لەگەڵ "لەیلای مەجنوون" دا بەراوەرد دەکات و لە باسی ناوداری ئەو لە نێوان کوردەکاندا دەکات.
ســـەرەرای ئەو دوو ژنـــە هەڵکەوتووە، بە هـــەزاران ژنی گومناو لە بێدەنگیدا پشـــتیوانیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کـــردووە ئازارگەلێکی بێ هەژماریـــان لە بەرامبەر ســـەرکوتەکانی رژیمی بەعســـی عێراقدا چەشتووە. ئەوان ئەرکی سەرپەرەشـــتی منداڵەکانیان لـــە ئەگەری نەبوونی باوکی پێشـــمەرگە یا لە زینداندا کوژرا و ونیان، بە ئەستۆ دەگرت. بزووتنەوەی کوردســـتانی عێراق تاڵترین ساتەکانی خۆی لەپاش پەیماننامەی ئەلجەزاییر لە نێوان عێراق و ئێران لە ســـاڵی ١٩٧٥ تەجربە کرد. شای ئێران پشتیوانی خۆی لە بارزانی ئەســـتاندەوە و ئەویش ناچار بە خۆبەدەستەوەدان بوو. بەسەدان پێشمەرگە کە نەیاندەتوانی خۆبەدەستەوەدانی رابەرایەتـــی تەحەمول بکەن دەســـتیان دایە خۆکوژی و بە هەزارانی تریشیان لەگەڵ بنەماڵەکانیان ئاوارەی ئێران بوون. باری قورسی ئەو دەربەدەرییە وەك هەمیشە کەوتە ئەستۆی ژنان. بزووتنـــەوەی نەتەوەیی کورد چووە نـــاو رکودەوە تا جارێکی تر سەرهەڵبرێتەوە.

لە هەلومەرجی کوردســـتانی عێراقدا توندی ســـەرکوت و سیاســـەتە دەرندانەکانی ســـەدام دژ بە کوردەکان لە لایەك و سیاســـەتەکانی رێبەری زاڵ بەســـەر ئەو بزووتنەوەیەش کە بە توندی ســـوننەتی، عەشـــیرەتی و موحافزەکارانە و پیاوســـالارانە بوو، لەمپەرگەلێکی جیددیان لە سەر رێگای گەشـــەی هەلومەرجی عەینی و زەینـــی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانەی ژنان پێکهێنا.

## پێگـــەی ژنان لە بزووتنەوەی کوردســـتانی ئێراندا

لەگەڵ شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ ە (٧٩_ ١٩٧٨) و رووخانی رژیمی پاشایەتی، بارودۆخەکە لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانـــدا بە بارێکی تردا کەوت. ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری لەسەر گشت کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت کوردستان دانا. هێزگەلێکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردســـتاندا سەریانهەڵدا. ژنان لە زومرەی ئەو هێزانە بوون کە بە هۆی ئاڵوگۆرەکانی ســـەرچاوەگرتوو لە رفۆرمـــی زەوی و زار لە دەیەی ٤٠ ە لە کوردســـتان، چووبوونە ناو بوارگەلێکی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەدا. شکڵ گرتنی ناوەند و رێکخراوەکانی ژنان لە ساڵەکانی ٥٧_٥٨ ە لە زومرەی نیشانەکانی ئەو بەشدارییە بوون. شـــاری سنە لەو شارانە بوو کە پشـــتیوانی کرد لە نارەزایەتـــی پێنج رۆژە دژ بە فەرمانی خومەینی لە بابەت حیجابی زۆرەملێ. ئەم جوڵانەوە پێشرەوە لە دەستی توێژێك لـــە ژنانی مۆدێرن و خوێندەواری کورد دا بوو. بەشـــدرای ژنانی شـــارەکانی سەقز، ســـنە و بانە لە کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریواندا و لە رێپێوانە نارەزاییەکانی سنە_ مەریوان، سەقز_ مەریوان و بانە_مەریوان هێمای هۆشیاری و هاتنە گۆرێی نەوەیەکی نوێ لە ژنانی شۆرشـــگێری کورد بوو کە خوازیاری ئاڵوگۆری بنەرەتی لە کۆمەڵدا بوون و کەس نەیدەتونی رۆڵی ئەوان لەبەر چاو نەگرێت.
یەکێـــك لە بەرزییەکانی بەشـــداری ژنان لـــە بزووتنەوەی کوردستاندا پەیوەست بوونیان بە ریزی خەباتی چەکدارانەوە بـــوو. ئەو مەســـەلە لە رێکخـــراوی کۆمەڵـــە، یەکێك لە پارتە نوێیەکانی کوردســـتاندا شـــکڵی گرت. بۆ یەکەمین جار ژنان لە ئاســـتێکی تارادیـــەك بەربڵاودا ژنان بە ریزی پێشمەرگایەتییەوە پەیوەست بوون. ئەو مەسەلە، دیاردەیەکی توند و قاییم بوو لـــە دژی پێوەندییە پیاومەزنانەکانی زاڵ بەســـەر کۆمەڵی کوردستاندا و لە مێژووی بزووتنەوەی ئەو ناوچەیەدا بـــێ هاوتا بوو. پێشـــووتر بنەماڵەکان رێگەیان

نەدەدا کە کچەکانیان بچنە ناو پارتە سیاسییەکانەوە، جا چ بگا بەوەیکە ببنە پێشمەرگە. چەکدار بوونی کچان و پەیوەست بوونیان بە ریزی پارتەکانەوە، سوننەت شکێنێکی گەورە بوو.

بە دڵنیایی بەشداری چەکدارانەی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا نیشانەی کۆتایی هاتنی بیری پیاوەمەزنانە لە ناو پارتەکاندا نەبوو. ئەو بیرکردنەوانە لە چوارچێوە گەلێکی تردا بەری بە گەشەی هەمەلایەنەی ژنان دەگرت و لە هێندێك بابەتدا لەتمەی لە هەستی شۆڕشگێرانە و پێشکەوتنخوازنەی ئەوان دەدا. گرفت لەوەدا بوو کە بزووتنەوەی ژنان و مافەکانیان هەنوکەش لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا پێناسە دەکرایەوە و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ئەوان بە رەسمی نەدەناسرا. سەرەرای ئەو مەسەلەیە بەشداری ژنان لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەسکەوتێکی دیاریکەر لە بزووتنەوەی کوردستاندا بوو.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لوتکەی شکۆمەندی خۆی لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ زایینیدا پشتسەر ناو کاریگەری گەلێکی قوڵی لەسەر خەباتی سەراسەری لە ئێراندا دانا. ژنانی کورد بە بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوەی دیموکراتیك و هەروەها لە ریزی پێشمەرگە و فەرماندە نیزامییەکان، غروور و بروابەخۆبوونی بە ژنان لە ناوچەکانی تر بەخشی. بەتایبەت بەو ژنانەی کە لە ژێر گوشاری پیاوەمەزنانەی کۆمەڵگا و پارتە سیاسییەکاندا بە شوێن سەلماندنی خۆیانەوە بوون وەك مرۆڤێکی تەواو و کەماڵ. بێ هۆ نەبوو کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هەموو هێزو توانای خۆی، خستە گەر تا ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێرانەیە سەرکوت بکات و هەر لە یەکەمین ڕۆژی بەدەسەڵات گەیشتنییەوە، سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستانی خستە دەستووری کاری خۆیەوە. دەستی دایە بۆردومانی شار و دێهاتەکانی کوردستان و لەسێدارەدانی ئاشکرا لەوانە ژمارێکی بەرچاو لە کچانی خوێنکاری لەسێدارەدا. ژمارەی ئێعدامی ژنانی کورد بە هۆی بەشداری گەلێك بەرینیان لە خەباتی ئەو ناوچەیەدا گەلێك بەرچاوە.١٤

بەشداری ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لەم دەورەیەدا حاشاهەڵنەگرە. بەشداری ئەوان تەنیا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی نەبوو، بەڵکوو بە هەموو هێز و ئیرادەیانەوە بەرگریان لە چەمکی ئازادی، دیموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کرد وەك ئامانجە گرنگەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لەو بەشە لە زەماندا.

سەرانی کۆماری ئیسلامی کە لە هەوڵی شکڵ پێدانی ئومەتی ئیسلامیدا بوون، نەیاندەتوانی بەنیسبەت کوردستانەوە کە ببووە مەڵبەندی پەرەپێدانی پێشکەوتنخوازی و بیری دیموکراتی و ئازادیخوازانە و چەپ، بێدەنگ بن. لە حاڵێکدا کە ئێمە بۆ یەکەمین جار شاهیدی هاوپشتییەکی هاندەرانەی خەڵکی ناوچەکانی تر بۆ خەباتی خەڵکی کوردستانین، کۆماری ئیسلامی هەراوهوریایەکی سیاسی ئایدۆلۆژیکی گڵاوی لە چەشنی ئەویکە (کوردەکان سەر دەبرن) بۆ ماوەیەك وەرێ خست، تا بتوانێ بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان پاساو بێنێتەوە.

لەپاش ١٠ساڵ خۆراگری چەکدارانە لەئاکامدا لەو دەورەیە، بزووتنەوەی کوردستان چووە ناو پرۆسەی پاشەکشەوە و ئەو ناوچەیە کرا بە ناوچەیەکی ئەمنییەتی ـ نیزامی. کۆماری ئیسلامی بۆ تێکشکاندنی خۆراگری چەکدارانە، لەپاڵ هێزە سەرکوتگەرەکانیدا دەستی دایە بڵاو کردنەوەی تەکیە و خانەقا و بیروباوەری ئایینی و کلاسەکانی قورئان و تا بەمجۆرە لەگەڵ ئەو بیر و هزرە پێشکەوتوانەیەی کە لە ناو خەڵکی کوردستاندا ریشەی داکوتابوو، بەرانبەرکێ بکات و لەلایەکی تریش فەحشا و توشبوون بە ماددە هۆشبەرەکانی لە ناو لاوانی کورددا پەرە پێدا.

## پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستانی تورکیا

لە بزووتنەوەی ژنانی تورکیاشدا لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ زایینییەوە، شاهیدی بەشداری چالاکانەی ژنان لە خەباتی نیزامی و سیاسی داین. پێویست بی وەبیرهێنانەوەیە کە لە هێندێك بابەتدا، تایبەتمەندیگەلێکی پاساوهەڵگر ئەو بەشدارییە لە هی کوردستانی ئێران جیا دەکاتەوە. پارتی کرێکارانی کوردستان ـپ کا کاـ جوڵانێکی گەلێك باشی لە بواری هەنگاو نانی ژنان بۆ ناو گۆڕەپانی خەباتی نەتەوایەتی لە خۆی نیشانداوە. ئێمە لەو دەورەیەدا شاهیدی پەیوەست بوونی شەپۆلێکی بەرینی ژنان بە ریزی گریلاکانی ئەو پارتەین. ژنان ئازادانە لە خەباتی سیاسی و ئەرکە چریکییەکاندا بەشداری دەکەن. ئەوان تەنانەت لە ئاستی ڕێبەرایەتی ئەو پارتەدا حزووریان بووە و هەیە.

بەشداری بەرچاوی ژنان لە ریزەکانی ـ پ کا کاـ ئەگەرچی رواڵەتێکی فێمێنیستی هەیە بەڵام بە توندی لە ژێر کاریگەری ئیدە و فیکری بەرلە مۆدێرنە دایە. پێوەندییەکانی ژن و پیا و بەتوندی کۆنترۆڵ دەکرێت. ژنان و پیاوان لە کەمپگەلێکی جیاوازدا دەژین و هەرچەشنە

پێوەندییەکی خۆشەویستی و سۆزداریانە لە نێوانیاندا قەدەغەیە. گشت ئەوانە لە ژێر ناونیشانی پیرەوەی بێ ئەملاوئەولا لە ڕێبەرایەتی، بەڕێوە دەچن. هەر ژنێك دەبێ لە پلەی یەکەمدا خۆی بۆ خەباتی نەتەوەیی و ڕێبەری ئەو تەرخان بکات. ١٥

لە ڕاستیدا بیروباوەرە پیاوەمەزنانەکان لە کۆنترۆڵی جەستەیان تا چارەنووسیان بەجوانی دیارە، تاکایەتی و هۆوییەتی پێشێل کراوی ژنان کە دەبێتە هۆی هەڵاتنی گەلێك لە کچانی لاو و گەنج، ئەمجارەیان بە ناوی ئەخلاقی شۆرشگێرانە، لە پێناو خەباتی نەتەوایەتیدا پێشێل دەکرێت و ڕوو مۆدێرن بەخۆیەوە دەگرێت. ژنان ئازادن شەر بکەن، ئازادن چالاکی سیاسی و سینفیان هەبێت، بەڵام مافی ئەوین و هاوسەرگیریان نییە.

هەڵبەت ئەو لێکدانەوەیە گەلێك سەقەت دەردەچێ، ئەگەر ئاماژە بە هەڵسوکەوتی شێۆنیستیانەی کەمالیستەکان نەکرێت. ژنان و کچانی تاوانبار بە هاوکاری _پ کا کا_ ئەگەر دەستبەسەر کرێن ئەشکەنجەیەکی سەخت چاوەرێیان دەکات. ( دەوڵەتی تورکیا ناتوانێ ژنان وەك جیاییخواز یا ڕێگر موحاکمە و موجازات بکات، لە ئاکامدا ژنانی هەڵسوراوی کورد بە تاوانی فاحیشە مەحکوم دەکات).١٦ کچانی لاوی تاوانبارکراو بە هاوکرای _پ کا کا_ تێستی کچێنیان لێ وەردەگیرێت. زۆربەی ئەو کەسانەی کە باکرە نین، دەکەونە بەر دەستدرێژی و ئازاری جینسی. لە مانگی مارسی ٢٠٠٩، دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا، تورکیای مەحکوم کرد بەوەیکە کچانی تاوانبار کراو بە هاوکاری لەگەڵ _پ کاکا_ی داوەتە بەر ئەزیەت و ئازاری جنسی. ١٨ لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو ژنانە خەباتکارانە، هەر بە هۆی ئەو دەستدرێژیانەوە لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵەوە تەریك دەخرێنەوە. بە واتایەکی تر ئەو ژنانە هەم لە ناو زینداندا سزا دەدرێن و هەمیش لە پاش "ئازاد"ی لە لایەن کۆمەڵ و بنەماڵەوە سزا دەدرێن.

لێرەدا جێگای خۆیەتی باسی یەکێك لە کەسایەتییە ژنەکانی کورد بکەم بە ناو لەیلا زانا. ئەو یەکەمین نوێنەری ژنی کورد لە پەرلەمانی تورکیا بوو کە توانی ستەمی نەتەوایەتی سەر کوردەکانی تورکیا لە ئاستێکی بێ وێنە دا بە بیروڕای گشتی جیهان بناسێنێت. ئەو لە کاتی سوێندی وەفاداری بە کۆماریی تورکیا لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا لە ساڵی ١٩٩١، بە پارچەیەکی سێ ڕەنگی کوردستانەوە کە بە سەریەوە بەستبوو، باسی لە یەکێتی نێوان کوردەکان و تورکەکان کرد. لە ساڵی ١٩٩٤، لەیلا زانا بە هۆی چالاکی سیاسی لە پێناو وەدیهێنانی مافەکانی کوردەکان لە تورکیادا، بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکوم کرا. هەر لەو ساڵەدا پەرلەمانی ئەورووپا خەڵاتی "ساخارۆف بۆ ئازادی بیرورا"ی بەو بەخشی. بەڵام لەیلا زاناش مەسەلەی نەتەوایەتی خستە ئەولەوییەتی کاری خۆی و کەمتر باسی لە ستەمی جنسییەتی کرد. ئەو دواتر لە ناو زینداندا باسی لە هۆگری خۆی بۆ پێکهێنانی جیهانێك کرد کە لەودا، ژنان بە شێوەیەکی چالاکانە بۆ ئاشتی و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە گشت ئازادییەکان هەوڵ دەدەن. ئەو وتانە تا ئاستێك ئاوێنەی باڵانوێنی پێگەی ژنانە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی تورکیادا. لەو ڕوانگەیەدا، ڕزگاری ژنان بەکردەوە بووتە پاشکۆی خەبات و ڕزگاری نەتەوەیی. ئامانج لە ڕزگاری نەتەوەیی، بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی کوردەکانە لە چوارچێوەی یاسا بنەڕەتییەکانی تورکیا و لەوانەیە پێکهێنانی ناوچەیەکی فیدراڵی کورد. بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە کە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی بەها و باوەرە دواکەوتوانەکانی کوردەکان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا و بەتایبەت سازان لەسەر مافەکان و بەرژەوەندییەکانی ژنان، نەبێتە یەکێك لە ڕوکنەکانی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا، وەك ئەوەیکە ئەمرۆکە لە کوردستانی عێراق شاهیدین.

## پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستانی عێراقدا

کەمتر نەتەوەیەك بە ڕادەی کوردەکانی عێراق لەگەڵ وەها ئاستێك لە ئازار و ستەمدا ڕووبەڕوو بووەتەوە و وەها مێژوویەکی ماتەمباری لە سەرکوتگەرییە دەرەندانەکان پشتسەر ناوە، هەڵبەت کەمتر نەتەوەیەك هەیە، ژنەکانی لەدوای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی، بەمچەشنە دووچاری مەرارەتیگەلێکی بێ وێنە بووبێتن. کوشتنی دزێوی دوعا لە بەردەباران کردنێکی دەرەندانەدا لە کوردستانی عێراق، تەنیا سەری کێوێکی ستەمە کە ئەمرۆکە بەسەر شانی ژنانی کوردستانی عێراقەوەیە.

هەلومەرجی "ژنانی ئەنفال" یش وەك بەشێك لەو کێوە سەهۆڵە، شیاوی تاوتوێ کردنە. ئەو ژنانە قوربانیانی کردەوەی نیزامی سەدام لە دژی کوردەکانن کە لە ٢٣ فێوریە تا ٦ سێپتامبر ١٩٨٨ بەڕێوەچوو. ناوی ئەو کردەوە نیزامییە لە ئایەی ژمارە ٨ سوورەی "ئەنفال" وەرگیراوە و بە پێی ئەو (بۆ موسوڵمانان ڕەوایە کە کافرەکان بکوژن و سامان و ژن و منداڵیان بە غەنیمەت بەرن). قوربانیانی ئەو

رووداوە نزیکەی ١٨٠ هەزار کەس بەراوەرد کراوە. ئەرتەشی سەدام لە پاش کوشـــتنی پیاوەکان، ژن و منداڵەکانیانی لە ئوردوگاگەلێکی دیاریکراودا جێگیر کرد. ژمارەیەکی زۆر لــە ژنانی گەنج لە پێگە نیزامییەکاندا ناچار بە کاری ناو ماڵ کران، بەشێکیان کەوتنە بەر ئەزییەت و ئازاری جنسی و ژمارەیەکیـــان منداڵیان بوو. ئەو ژنانە لە پاش پێکهێنانی ناوچەی پارێزراو بە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، گەڕانەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان. ١٩

ئەو ژن و کچانەی کە منداڵیان ببوو، لە لایەن کۆمەڵگای ســـوننەتی کوردســـتانەوە تەریك خرانەوە و بەو هۆیەی کە هیچ ســـەرچاوەی داهاتێکیان نەبوو، بەناچاری بۆ بژیوی خۆیان روویان کردە گەدایی، کلفەتی و دەستفرۆشی. تەنیا بە هۆی هەوڵ و پەیگیری رێکخراوە ناحوکمیەکانی ژنانی ئەو ناوچەیە بوو کە لەئاکامدا دەوڵەتی فیدراڵ ســـەرپەناو بژێوی بۆ ئەو ژنانە بریەوە. بەڵام ئەو ژنانە هەروا قوربانی بەردەوام لە کۆمەلگای کوردستانی ئێراقن.

هەوڵە نەپساوەکانی هەڵســـووراوانی بزووتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان، ئەنجومەنەکان و رێکخراوە ناحوکمییەکانی ژنان لە پێناو بەرگری لە مافی یەکســـان بۆ ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاســـی، ئابـــووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی لە کوردســـتانی عێراق، کـــە هێندێك جار لەگـــەڵ کاری تێکدەرانە، دەخاڵەتـــی وێرانگەرانەی پارتە دەسەڵاتدارەکان و دەرگیر بوون لەگەڵ رەوتە بونیادگەراکاندا رووبەروو بوونەتەوە، دەســـکەوتگەلێی جێگای ســـەرنجیان بەدەست هێناوە. ٢٠

هەروەها هەوڵی ســـەرانی ئەو ناوچەیە بۆ دەستەبەر کردنی رووخســـاری نێونەتەوەیی بۆتە هـــۆی ئەوەیکە حکومەتی کوردســـتانی عێراق، کۆمەڵێك یاسا و رێسا لە بەرژەوەندی مافەکانی ژنان و پشتگیری لە بنەماڵە دارێژێت، تەنانەت ئەگەر بەکردەوەش دەرنەیەن. بۆ وێنە لە یاســـای کەیفەری حکومەتی هەرێم، قەتڵی ناموســـی وەك قەتڵی بەئەنقەست بە هەژمار دێت لە حاڵێکدا کە لە یاســـای سەراســـەری عێراقدا قەتڵی ناموســـی هەروا بێ ســـزادانە. ئەوە خۆی هەنگاوێکە لە بواری پێشـــرەوی بەرەو ئەگەری پەســـەند کردنی یاســـاگەلێکی تری لەو بابەتە، چونکە رووناکبیران، زانکۆییەکان و کۆمەڵـــی مەدەنی کورد لەو بوارەدا چالاك و پەیگیرن.

سەرەڕای هەوڵەکانی هەڵسوراوانی ژنان لە ناوەوەی کوردستان و لە نێوان دیاســـپۆرای کۆردی لە وڵاتانی رۆژئاوا بۆ بە رەسمی ناسینی مافەکانی یەکسانی رەگەزی، ئێمە هەروا شاهیدی درێژەی چەندهاوســـەری، جەنایەتی ناموسی، زەواجی زۆرەملێ، سەقەت کردنی جینسی، خۆکوژی و خۆ سووتاندنی ژنان لە کوردستانین. بە دڵنیاییەوە ئەو بارودۆخە چاوی گەلێك لە ژنانی هۆشـــیار کردووەتەوە تا هەوڵبدەن پەی بەرن بە حەقیقەتی پێوەندی نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ژنان.

## چەند ئاکامێک

یەکەمیـــن ئاکام کە لـــە لێکدانەوەکانی ســـەرەوە دەتوانین پێی بگەیـــن، ئەوەیە کە بزووتنـــەوەی نەتەوەیی کورد، بە پلەگەلێکی جیاواز، رۆڵێکی گرنگی لە هۆشیاری سیاسی ژنانی کورددا بینیوە. هەڵبەت ئەو هۆشـــیارییە سیاســـیە تەواوەن بە مانای گەشە و هۆشیاری رەگەزی نییە، بەڵام رێگەی دەستەبەر بوونی ئاواڵە کردووە. ئەو ئاکامە دەچێتە ناکۆکی ئـــەو بۆچوونانەی کە رۆڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە مەســـەلەی بزووتنەوەی ژناندا بە شێوەیەکی بنەمایی بە نێگەتیڤ هەڵدەســـەنگێنن و لەو بـــوارەدا رۆڵێکی لەمپەر ئاســـایان بۆ لەبەرچاو دەگرن. بە بڕوای من ئەو بۆچوونە، روانگەیەکی یەکلایەنەیە و تا ئاستێك دەکرێ بڵێن ئاوێتە بە روانگەگەلێکی سەرەوەتر خوازانەیە. چونکە لە لایەك لایەنە جۆراوجۆرەکانی ســـتەمی سەر ژنان لەبەرچاو ناگرێت و لە لایەکی تریش کەم بایەخ بە خەبات بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی دەدات.



دووهەمیـــن ئاکام، ئەوەیـــە کە هێندێك لـــە هێزەکانی ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، رۆڵێکی دووئالیزەیان بە نیسبەت مەسەلەی ژنان و هەروەها مەسەلەی چینایەتییەوە بووە. لە هێندێك بواردا توانیویانە یارمەتی بردنەســـەری شـــعووری کۆمەڵایەتـــی ژنان بدەن و لە لایەکی تریش بەمەبەســـتی پاراســـتنی یەکێتی نەتەوەیی_ واتە یەکێتی گشت توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکانی کورد و هەروەها رەزایەتی پیاوانی ناو کۆمەڵ لە هەر توێـــژ و چینێکی کۆمەڵایەتی_ کەم بایەخیان بە ســـتەمی چینایەتـــی و رەگەزی داوە، یا هەر بە تەواوی پشـــت گوێیان خســـتووە. بە بۆچوونی ئەوان، قامك دانان لەســـەر مەسەلەی ژنان، دەتوانێ یەکپارچەیی ئەو وێنەیە بروشـــێنێت. ئەوە ناکۆکییەکی عەینی لە پێوەند بە تایبەتمەندی پارادۆکســـاڵی بزووتنەوە نەتەوەییەکانەوەیە کە وەك شمشـــێرێکی دووســـەرە کار دەکـــەن و ناکرێ بە وەڵامگەلێکی ساکار، روون بکرێتەوە و وەڵام بدرێتەوە.

لە کوردستانی ئێران چوونەسەرێی هۆشیاری و پێشکەوتنی سیاسی ژنان، بووە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەیەك شکڵ بگرێت

که هەر لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشەوە بە گرتنەبەری شێوەگەلێکی پێشکەوتنخوازانە، نەك هەر لەتمەی لە فکر و هەستی پیاوسالارانە دا بەڵکوو هەوڵیدا هۆشیاری رەگەزیی ژنانە لە ناوچە کوردنشینەکان لە ناو ژناندا پەرە پێبدات. ئەمرۆکە بزووتنەوەی ژنانی کورد خاوەنی کۆڵێك ئەزموونی خەباتکارانە لە بواری خەباتی دژ بە ستەمی سەر ژنانە و جێگای خۆیەتی کە لەو ئەوزموونە بۆ قووڵترکردنەوەی خەباتی یەکسانی خوازانە و پێشبردنی هەمەلایەنەی ئەو لە کوردستان و گشت بزووتنەوەی ژنان لە ئێران کەڵك وەربگیردرێت. پێویست بە تەئکید کردنەوەیە کە بزووتنەوەی ژنان سەرەرای پێشڕەویگەلێکی زۆر لە بورای کردەوەدا، بزووتنەوەی ژنانی کورد لە بواری بیردۆزی و تیۆرییەوە لەگەڵ کەموکووری جیدی بەرەورووە.

ئاکامی سێهەم ئەوەیکە، بەرتەسکردنەوەی ئاسۆی خەبات بە رزگاری نەتەوەیی تا ئێستا، نەیتوانیوە ببێتە بزوێنەرێکی بەهێز بۆ وەکار کەوتنی هەمەلایەنەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵك و ودیهێنەری گشت ئارەزووەکانیان بێت. زیاتر لە سەدەیەکە کە کوردەکان ئازاری ستەمی نەتەوایەتی دەچێژن. مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد نیشانی داوە کە ئەو هێزانەی ئەو خەباتە بە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی بەرتەسك دەکەنەوە، زۆربەیان لە پاش گەیشتن بە دەسەلات یا ئیمتیازاتێك، دەبنەوە پاسەوانانی هەر ئەو نەزمە کۆنەی پێشوو. خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، تەنیا دەتوانێت هەنگاوێکی بزوێنەر بێت بۆ بونیاد نانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیك، کۆمەڵگایەك کە لەودا زاڵبوونی دین لە هەموو بوارەکانی ژیان و ئیداری خەڵکدا کورت کرێت، یەکسانی واقعی نێوان ژن و پیاو دامەزرێت و عەدالەتی کۆمەلایەتی و ئابووری ببێتە بەشێکی جیانەکراوەی گەشەی کۆمەڵگا. نموونەی عێراق رەنگە تاڵترین ئەزموون بۆ خەڵکانێك بێت کە خەباتی زیاتر لە نیو سەدەی ئەوان، لە کۆتاییدا بوو بە پلەیەکی تەرەقی بۆ توێژێکی تەسك لە چینەکانی سەرەوە کە نەتەنیا بە خەمی رزگاری نەتەوەیی و گەشەی کۆمەڵگاوە نین، بەڵکو بۆ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی چینایەتی خۆیان ئامادەن بەرەو نابوودی بەرن.

سەرەنجام ئەوەیکە، پێگە و کاریگەرییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، پێوەندی بەو شکڵە دیاریکراوەوە هەیە کە ئەو خەباتە بە چ ئاسۆیەك، ئامانجێك، سیاسەت و تاکتیکێکەوە بەرێوە دەچێت. بە واتایەکی تر ئەو بزووتنەوە خوازیاری چ کۆمەڵگایەك بە چ تایبەتمەندیگەلێکەوەیە. ئایا دەیهەوێت هەر ببێت بە بەشێك لەو نیزامە چەوسێنەرانە و زاڵمانەیەی زاڵ بەسەر جیهاندا، یا بە شێك لە داهاتوییەك بە چۆنایەتیگەلێکی جیاوازەوە؟ بە دڵنیاییەوە ناوەرۆکی ئەو ئاسۆ و ئامانجانەیە کە درەفەتی گەشە بە بەشەکان و هیزەکانی تری کۆمەڵ دەدات، تا بەری پێ دەگرێت. نەتەوەی ژێر ستەم کە بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکا، ئەگەر هاوکات بۆ رزگاری لە شکڵەکانی تری ستەم، ستەمی چینایەتی، جینسیەتی و ئایینی خەبات نەکات، هیچ کات بە مانای واقعی ئازاد و رزگار نابێت. ئەزموونە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی گشت شۆڕشەکان و بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییەکان لە سەدەی ٢٠ ئەو مەسەلەیەی سەلماندووە.

کێشەکە لێرەدایە کە خاڵی هاوبەشی نێوان خەبات دژ بە ستەمی جینسی و ستەمی نەتەوەیی، گەلێك لاوازە. لە روانگەی نەتەوەگەرییەوە، بەردەوام بنەماڵە کە ناوەندێکە بنەرەتەن پشتی بە ستەمی پیاو بەسەر ژندا بەستووە، شوێنێکی گرنگی هەبووە و وەك ناوکی سەرەکی نەتەوە و مەرجی جیانەبووەوەی مانەوەی ئەو گەلاڵە کراوە. وێڕای ئەمانەش زۆربەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان، لە هەوڵی ئەوەدان وێنەیەکی یەکپارچە لە میللەت بەدەستەوە بدەن و کەلەبەرەکانی ناوی لەبەرچاو نەگرن. بە بروای ئەوان، قامك دانان لەسەر مەسەلەی ژنان، دەتوانێ ئەو وێنە یەکپارچەیە بروشێنێت. ئەوە ناکۆکییەکی عەینییە کە تەنیا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ناگرێتەوە. لە ویلایەتی کێلب لە وڵاتی کەنەداش "رزگاری ژنانیان بە بێ رزگاری کێلب(رزگاری نەتەوەیی) بەلاوە ناموکین بوو" .٢١ هەروەها گەلاڵەکردنی پرسیارگەلێکی وەك" لە پێشدا کوردی یا ژنی"، ژنانی رووبەرووی هەڵبژاردنێکی ناواقعی کردووەتەوە. بەگشتی، وەدرەنگ خستن یا پێشخستنی ستەمێکی تایبەت نییە، بەڵکو ئاسۆیەکە کە هەر کەسێك لە خەبات دژ بە هەر ستەمێك وێنای دەکات.

بۆ بەئەنجام گەیشتن لەم بەشەدا پێویستە پێداگری لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە لە هەزارەی سێهەمدا، هەروا لەگەڵ ئاریشەگەلێکی چارەسەر نەکراوی وەك ستەمی نەتەوایەتیدا رووبەرووین. ئیتر ناکرێك بە شێواز و هەڵسوکەوتی کۆن و رابردوو وەلام بەم ئاریشە کۆنانە بدرێتەوە. تەنانەت بەرێوەبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەییش هەر ئەو هەڵسوراوانەی پێشوو نین. ئەمرۆکە یەکێك لە گرنگترین مۆرەکانی ئەو، واتە ژنان ئیتر ئامادە نین کە خەبات بۆ یەکسانی و رزگاری خۆیان، بکەنە پاشکۆ و قوربانی خەباتی دژ بە

ستەمی نەتەوایەتی. چونکە لە ماوەی پرۆسەی مێژوویدا بۆیان دەرکەوتووە کە رزگاری نەتەوەیی بە بێ لابردنی ستەم لەسەر بەشەکانی تری کۆمەڵگا، دتوانێ بە لایەنگەلێکی توندوتیژترەوە ستەم بەرهەم بێنێتەوە. ژنانی کورد هاوکات کەوتوونەتە بەر ستەمی نەتەوایەتی، چینایەتی، جنسییەتی و ئایینی، شێوازگەلێکی چەند لایەنە کە بە توندی لێك تەنراوە. ناکرێت و ناموومکینە کە ژنان بانگهێشت بە خەباتی بە نۆبە دژ بە هەرکام لە ئەوانە بکەیت. کەواتە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێویستی بە ئاسۆ و رێگاچارەی نوێ هەیە.

بەشی دووهەم و کۆتایی ئەو باسە تایبەتە بە بزووتنەوەی ژنانی کورد و لەمپەرەکانی پێوەند بوونی ئەو بە بزووتنەوەی سەراسەری ژنان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران. بۆ بەرگرتن لە درێژی باسەکە بەکورتی چەند خاڵێك گەلاڵە دەکرێت.
"نەتەوەیك کە ستەم لە نەتەوەیەکی تر دەکات، خۆی ئازاد نییە"
ئەمرۆکە گرنگترین لەمپەری سەر رێی گرێ خواردنی ژنانی کورد بە ژنانی نەتەوەکانی تری ئێران و بەتایبەت ژنانی فارس، مەسەلەی روانگەیەکی بانخوازانەی بەشگەلێك لە هەڵسوراوانی بزووتنەوەی ژنانە کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت. هەروەك پێشووتریش ئاماژەی پێکرا سەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەمان سەرەتاوە، ئایدیۆلۆژیای ئۆمەتی ئیسلامیان لەگەڵ شێۆنیسمی عەزەمەتخوازانەی نەتەوەی فارسدا گرێدا. لەو ماوەیەدا ئەوە تەنیا لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان نەبووە بەڵکوو وەرێخستنی گەلاڵەی ئایدۆلۆژی_ سیاسی دژ بە نەتەوەی کوردیان لە کۆمەڵگای ئێراندا پەرە پێدا. ئاساییە کە توێژگەلێکی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگا بە سەرنجدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی و روانگەی سیاسیان، بە پلەگەلێکی جیاوازەوە، کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو خرۆقاتانە. ئێمە ناتوانین ئەو خرۆقاتانەی کۆماری ئیسلامی، تەنیا بەو هۆیەیکە چەند کەسێك لە کۆمەڵی رووناکبیرانی ئێرانی رەتیان کردەوە لەبەرچاو نەگرین.٢٢
ئاساییە کە ژنانی تازە " بە فێمێنیست بووی حکومەتی " و یا ژنانی سێکۆلار و موسوڵمانانی نزیك لەوان، زیاتر لە ژێر کاریگەری سیاسەتە ستەمکارانەکانی نەتەوەیی لە لایەن سیستەمی کۆماری ئیسلامییەوەن. هەر بەو هۆیە ژنانی کورد ناتوانن، تەنیا بە هاوبەشبوون لە ستەمی جینسییەتیدا لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە بەتوندی ئاڵودەی روانگەی شێۆنیستی نەتەوەی دەسەڵاتدارن، پێوەندی خەباتکارانە لە دژی ستەمی نەتەوەیی دامەزرێنن. ئایا ژنی کورد دەتوانێ لەگەڵ ژنێکدا کە ئەگەرچی خۆی لەژێر ستەمی جینسییەتیدایە، بەڵام بەردەوام تۆمەتی جیایی خوازی لە دژی لە چەنتە دایە، یەکگرتوو بێت؟ وەها ژنێك لەراستیدا هاورایی لەگەڵ ستەمکارانی دەسەڵاتداری دژ بە ژنان هەیە. رێگەم بدەن هەر لێرەدا نموونەیەك بێنمەوە، رەوتی ریفۆرمخواز یا هەر ئەو دووی خوردادیانە لەئاکامدا پاش ماوەیەکی زۆر، مەرحەمەتیان فەرمووە و لەم دوایانەدا نەتەوەی کوردیان وەك یەکێك لە قەومەکانی ئێران بە رەسمی ناسیوە و دیالۆگی ئۆمەتی ئیسلامیان بۆ قەومەکانی ئێران گوازتووەتەوە. رەنگە بۆ ئەو گروپە ئەوە هەنگاوێك بۆ پێشەوە بێت، بەڵام لەو دیالۆگەدا هەروا هەبوونی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ژن و پیاوی کورد نەفی کراوەتەوە.
ژنانی ریفۆرمخوازیش هەر ئەو هەڵوێستەیان هەیە، وە بەداخەوە هەر ئەو روانگەیە لە نێوان هێندێك لە هەڵسووراوانی بزووتنەوەی ژناندا کە شوێنکەوتووی ژنانی ریفۆرمخوازی حکومەتین، بەرچاو دەکەوێت. چۆن دەکرێت لەگەڵ کەسانێکدا کە بەشێوەی بنەمایی حاشا لە ستەمی نەتەوایەتی دەکەن، لە بواری بزووتنەوەی ژناندا پێوەندیی هاوخەباتی ساز درێت؟ ئەوە یەکەمین لەمپەرە.



روانگەی شێۆنیستی تەنیا ریفۆرمخوازەکان لەخۆ ناگرێت. ئەو بۆچوونەش کە پێی وایە ژنانی کورد لەو ئاستەدا نین ناوی بزووتنەوەیان لەسەر دابنرێت، یا ئەوەیکە ژنانی هەڵسووراوی کورد دەبێ تەنیا لەبابەت ژنانەوە رای خۆیان دەربرن، تەنانەت ئەگەر ئەو مەبەستەشی نەبێت ئەوش بە نیسبەت ژنانی کوردەوە هەر روانگەییەکی بانخوازانەیە. ئەوەندە بەسە چاوێك بەسەر ئەو تاوتوێکردنانەدا بخشێنین کە لە بابەت ژنانی ئێران لە سێ دەیەی رابردوودا بە ئەنجام گەیشتوون، لە زۆربەی ئەو تاوتوێکردنانە دا باسێك لە خەباتەکانی ژنانی کوردو رێکخراوەکانیان لەو دەورەیەدا نەکراوە.٢٣ دەکرێ چ بڵێین بێجگە لەوەیکە، ئەو بۆچوونە پێی وایە ژنانی کورد وەها ئەزموونێکیان نییە کە شیاوی لێ فێربوون بێت. ئەو روانگەیە کە مێژووی بزووتنەوەی ژنانی کورد، پێشرەو بوون و پرتاو بوونیان بە نیسبەت بزووتنەوەی ژنان لە بەشەکانی تری ئێران بەکەم دەگرێت، روانگەیەکی بە توندی بانخوازانەیە کە بەر بە پێوەند گرتنی نێوان ژنانی کورد و ژنانی فارس دەگرێت. ئەوە دوهەمین لەمپەرە.
ئەو وتەبێژە ژنانەی کە بە رەوتی سەوزەوە پەیوەست بوون، ئەمرۆکە پێیان وایە دەبێ خەبات بۆ داخوازییەکانی ژنان

بوەستێ و ببنە هاورێی داخوازی سەرەکی رەوتی سەوز، واتە"هەڵبژاردنی ئازادانە" و بەرێوەبردنی "یاسای بنەرەتی" و "مافی شارۆمەندان". ژنانی کورد خوازیاری بەرێوەچوونی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی نین. بەر لە هەر شتێك پێویستە بوترێت کە کوردستان ر"یفراندۆمی بەڵێ یا نا"ی به کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ١٣٥٨هەتاویشی بایکۆت کرد. دواتر بەوهۆیەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ناوچە کوردەکان لە بەشداری مەجلیسی خێبرەگان، کە بەرپرسیارییەتی ئامادەکردن و پەسەند کردنی رەشنووسی یاسای بنەرەتی لە ئەستۆ بوو، بێبەش بوون، لە دەنگدان پێیان خۆیان بوارد و ریفراندۆمی زستانی ١٣٥٨یشیان بایکۆت کرد. کەواتە جیا لە ناوەرۆکی نادیموکراتیکی ئەو، بە لایەنی فۆرمیشەوە ئەو یاسای بنەرەتییە شیاوی قەبووڵ کردن نییە. دواتریش دەبێ ئەوە قەبووڵ کەین کە بەشێوەیەکی بنەمایی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی بەدووره لە پێوانە دیموکراتیك و رێوشوێنە پێشکەوتووەکانی دونیای ئەمرۆ و هیچ چەشنە مافگەلێکیشی بۆ نەهێشتنی واقعی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران لەبەرچاو نەگرتووە. کەواتە کوردەکان بە شێوەیەکی مەشروع خوازیاری گۆرینی ئەون. لە پێوەند بە مافەکانی شارۆمەند، دەبێ بوترێت کە بەرێوەبردنی گرێی خواردووە بە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی. "مافەکانی شارۆمەندی" ژنانی ریفۆرمخواز و ژنانی هۆگری هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ مافەکانی ژنانی کورددا ناسازگارە. ئەوە سێهەمین لەمپەرە.

خەباتی چەندین ساڵەی ژنانی کورد، بەیانگەری ئەو راستیەیە کە ئەوان سەرەرای بەشداری کردن لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا و رێکخراوە سیاسیە کوردەکان، ئامادە نین کە داخوازییەکانی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی یا روانگەگەلێکی کەمکەرەوانەی چینایەتی. ئاساییە کە ژنانی کورد هەرگیز ناتوانن خەباتی دژ بە ستەمی جینسی هاورێ لەگەڵ ژنانێکدا کە بە رەوتی سەوز پەیوەست بوون بکەن بە قوربانی داخوازیگەلێك کە تەنیا لە خزمەت گروپێکدایە کە ئەمرۆکە داوای بەشەکەی خۆی لە حکومەت دەکات. ئەوە چوارەمین لەمپەرە.

لە لایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بە بۆچوونێکی ناسیۆنالیستی لە ناو هێندێك لە ژنانی کورد بکرێت، کە ئامادە نین لەگەڵ ژنانی ژێر ستەمی نەتەوەی دەسەڵاتدار، تەنانەت لەگەڵ ئەو ژنانەی کە سنووربەندی جیدیان لەگەڵ روانگەگەلی شیۆنیستی فارسدا هەیە، پێوەندی هاوخەباتی ساز بدەن و دەیانخەنە ریزی زۆردارانەوە. ئەو روانگە هەڵەیە کە بە هۆی لاوازی روانگە رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازەکانەوە لە کوردستان پەرەی سەندووە، خۆی لەمپەرێکە لەسەر رێگەی پەیوەستبوونی بزووتنەوەی ژنانی کورد بە بزووتنەوەی سەراسەری ژنان لە ئێران کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ناوەندی دواکەوتوو، تئۆکراتیك، زاڵم و دژی ژن بەرەوروون.

گەلاڵە کردنی ئەم خاڵانە، بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ کەلەبەرگەلێکە دبنە لەمپەری پێوەندی خەباتی ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی ناوچەکانی تری ئێران. چونکە شاردنەوەی کەلەبەرە واقعییەکان هیچ سودێکی بێجگە لە درێژبوونەوەی ئەو کەلەبەرانە و تەفرەقە نییە. بزووتنەوەی ژنانی ئێران، بزووتنەوەیەکی یەکپارچەیە و ژنانی کوریش بەشێکن لەو پەیکەرەیە، بەڵام ئەو یەکپارچەییە لەخۆوە و بە تەعاروف و ریاکاری سیاسی دەستەبەر ناکرێت. بە گەڵاڵە کردنی ئاریشە راستەقینەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنیان دەکرێ ئەم یەکپارچەییە نەك هەر دەستەبەر بکرێت، بەڵکوو بەر بە لاوازییەکانی بەرامبەر بە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و ژنانی پارێزەری ئەو سیستەمە بگیردرێت. ئەو ژنانەی کە هەر جارە و بە ئامراز و پیلانێکەوە لە هەوڵدان، تەفرەقە بخەنە ریزی خەباتی ژنان. سەرەرای ئەوانە نابێ لە یادی بکەین کە لە بزووتنەوەی ژنانی غەیرە کورد، کەسانێك هەن کە ئاگاهانە لەهەوڵدان دژ بە روانگە بانخوازەکانی ناو بزووتنەوەی ژنان خەبات بکەن، هەروەك چۆن لە بزووتنەوی ژنانی کوردیشدا هەوڵگەلێکی جیددی بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ ناسیۆنالیزم لەگۆرێدایە. هەوڵی ئەو ژنانە حاشاهەڵنەگرە. ئەوەندە بەسە کە بەدوور لە دەمارگرژی ناسیۆنالیستی و شیۆنیستی چاوێك بە چالاکییە خەباتکارانەکان، کۆنفرانسەکان، بڵاوکراوە و راگەیاندنەکانی ژنانی کورد، فارس، لۆر، تورك، عەرەب و بلوچ دا بخشێنین و رێز بگرین لە هەوڵەکانیان بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەو روانگانی تەفرەقە دەخەنەوە.

ئەو کەسانەی کە لەهەوڵدان بزووتنەوەی ئازادی خوازانەی خەڵکی ئێران بە رەوتی سەوز پێناسە بکەن، پەیوەست نەبوونی بزووتنەوەی کوردستان بە رەوتی سەوز بە واتای گۆشەگیری مانا دەکەنەوە. ئەوان لە بیریان دەچێتەوە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان، بە هۆیەکی ساکار ناتوانێ بە رەوتی سەوز پەیوەست بێ: گەلێك لە سەرانی رەوتی سەوز و ریفۆرمخوازانی ئەمرۆیی بەرپرسیارییەتییەکی گەورە و فایلێکی قورسیان لە سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستاندا هەیە و وێرای ئەوەش، هەنوکەش بە نیسبەت ئەو جەنایەتانە لە کوردستان دەربرینی پەشیمانی یا داوای لیبووردنیان لە

خەڵکی کورد نەکردووە.٢٤ لێرەدا دەبێ تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە کە بزووتنەوەی کوردستان، بەردەوام بەشێك بووە لە خەباتی ئازادی خوازانە و مافخوازانەی خەڵکی ئێران و بەردەوامیش یەکێك لە بەشە گرنگەکانی ئەو خەباتەی لەسەر شانی خۆی داناوە. ژنانی کوردیش لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا، نەك هەر بۆ مافەکانی ژنی کورد، بەڵکوو بۆ ئازادی و یەکسانی گشت ژنانی ئێران خەباتیان کردووە. هەر ئەوەندە بەسە کە ئاورێك لە بڵاوکراوە، نووسراوا و داخوازییەکانی خەباتکارانەی ژنانی کورد لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا بدەینەوە.

بەڵام سەرەرای ئەو لەمپەرانە، گومانێك لە زەروورەتی پێوەندی خەباتکارانەی گەلی کورد لەگەڵ خەباتی سەراسەری گشت گەلانی ئێران، بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیك و بەدوور لە هەرچەشنە ستەمێکی نەتەوەیی نییە. ئەمرۆکە تەنانەت گروپە بانخوازەکانی فارسیش، لە پارتە نەتەوەیی_ ئایینییەکانەوە تا بەرەی نەتەوەیی، یا هێزگەلێکی بە ناو چەپیش ناتوانن، ئیدعای ئەوە بکەن کە رەوتی دیموکراسی و ئازادی لە ئێران بە بێ چارەسەری مەسەلەی کورد وەدی دێت. لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم دوایانەدا ئەو گروپانە لە هەوڵدان کە مافی چارەنووسی ئەو نەتەوەیە، بۆ ئاستی مافە کولتوورییەکان دابەزێنن و وشەی قەومی کورد بکەنە جێنشینی نەتەوەی کورد. لە راستیدا ئەو هەوڵانە دوور کەوتنەوە لە مەسەلەیەکە کە پێویستی بە رێگا چارەیەکی سیاسی و خێرا هەیە.

لە لایەکی تریشەوە کوردەکانیش ناتوانن، وەدیهاتنی رزگاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی هەر نیزامێکی سەرکوتگەردا بە موومکین بزانن یا تەنانەت وا وێنا بکەن کە دەتوانن لەگەڵ سیستەمێکدا کە زەنجیرەی سەرکوت و زۆرداری لە سەراپای وڵاتدا بەرین کردووەتەوە، رزگاری نەتەوەیی دەستەبەر بکەن. ئێراق نموونەیەکی بەرچاوە بۆ شیکردنەوەی ئەو رەوتە.

چونکە لە دونیای ئەمرۆکە و بە سەرنجدان بە رەوتی گۆلۆبالیزاسیۆن، خەباتی خەڵك لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان بۆ وەدیهێنانی جیهانێکی تر ، بە توندی ئاوێتەی یەکتری بووە. ئەمرۆکە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت خەبات بۆ گۆرانکاری، بە بێ سەرنجدان بە رەوتی جیهانی و کاریگەرییەکانی بەرامبەری ئەو رەوەندانە لەسەر یەکتری، دەور بداتەوە. خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا پێکەوە گرێیان خواردووە. لەو پێوەندەدا هێندێك دەڵێن کە گلۆبالیزاسیۆن سەراپای جیهانی کردووەتە گوندێکی جیهانی و هەوڵ بۆ مافی چارەنووس بە نابەوەخت دەزانن. پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە رەوەندی پارادۆکساڵی جیهانی بکرێت. سەرەرای بەرینی جهانی مرۆڤ ، بە سەرنجدان بە توندتر بوونەوەی ستەمی نەتەوایەتی، ئێمە شاهیدی گەشەکردنی داخوازی نەتەوە ژێردەستەکان بۆ بە بەرەسمییەت ناسینی هۆوییەتە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ئەوان لە جیهانی هەنوکە داین. لە راستیدا پێشکەوتن و گەشەکردنی جیهان، نەك لە سەر ئەساسی بەیەکسان کردنی هۆوییەتە زۆرەملێکان، بەڵکوو لەسەر ئەساسی جۆرەکان و رێزگرتنی بەرامبەریان لە یەکتری، لەسەر ئەساسی پێشکەوتنخوازی و نەهێشتنی هەر چەشنە ستەمێکی نەتەوەییە کە گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی زەمانەت دەکرێت. لە جیهانی هەنوکەدا دەکرێت نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، بە ئاسۆی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆیی بەرەو پێش بچێت.

ئەمرۆکە لە ئێراندا چارەنووسی کوردەکان لەگەڵ چارەنووسی هەموو دانیشتوانی ئێران پێکەوە گرێی خوراددوە. نە نەتەوەی کورد دەتوانی بە بێ سەرنجدان بە چارەنووسی نەتەوەکانی تر رزگاری خۆی دەستەبەر بکات، نە خەڵکی سەراسەری ئێرانیش دەتوانن بە بێ چارەسەری ستەمی نەتەوەی بە ئازادی و دیموکراسی بگەن. بە بێ دابین بوونی لائیسیتە، بە بێ ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان، بە بێ وەدیهاتنی مافەکانی زۆربەی خەڵکی واتە زەحمەتکێشانی سەراسەری ئێران، ئازادی مەیسەر نابێت. ئاڵقەکانی زەنجیری زۆرداری و بێعەداڵەتی، نەزانی و دواکەوتوویی، خەفەقان و سەرکوت، زەنجیرەی سوکایەتی کردن بە ژنان و نەتەوەکان، بێ مافی تەواوی زۆرینەی جەماوەر تەنیا و تەنیا بە رووکردنە ئاسۆیەك کە دژی هەرچەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەکە، تێك دەشکێندرێت.

**_ پەراوێزەکان:**

**١_ لە پاش رووخانی ئیمپراتۆری عۆسمانی، بریارنامەی "سوور" لە ساڵی ١٩٢٠، مەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە مادەکانی ٦٢ تا ٦٤ ی خۆیدا پێشبینی کرد. دەوڵەتێك کە لە پاش ساڵێك لە ریفراندۆم دەبوایە بوایەتە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەم دەوڵەتە بەشێك لە کوردستانی ئەمرۆی تورکیای لەخۆ دەگرت.**

**٢_ مەولانا ئازاد رەفعەت لەدایکبووی سلێمانی بوو**

**و ســـەردەمانێک لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عوسمانیدا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیک خەباتی دەکرد. ئەو لەم رێگەیەدا چەندین جار ئەشـــکەنجە و زیندان و تەبعید کرا کە دواجار لە ١٩٣٠ لە ســـووریا لە تەبعیدا گیانی لەدەست دا.**

٣ – Janet Klein, En–Gendering Nationalism: The “Women Question” in Kurdish Nationalist Discourse of the Late Ottoman Period, In Women of a Non–State Nation, The Kurds, Edited by Shahrzad Mojab, Mazda Pulishers.Inc, ٢٠٠١.

**٤_ بەندی دووهەمی ئەساســـنامەی ئـــەو کۆمەڵە، تایبـــەت درابـــوو بە باشـــتر بوونـــی هەلومەرجی ژنانی کورد و لە ســـەر چاکســـازیگەلێک لە بواری بنەماڵە، کار بۆ ژنانی بێ هاوســـەر، سەرپەرەشتی ئەو منداڵانەی کە کەســـوکاری خۆیان لەدەستداوە و هەروەها یارمەتی ماڵی بۆ هەژارەکان پێداگری دەکرد. ئەو بەندە لـــە هەلومەرجێکدا گەڵاڵە کرا کە ژمارەی ژنانی بێ هاوســـەر و منداڵانی بێ سەرپەرەست، بە هۆی کوشتار و راگواستنە زۆرەملێکانی کوردەکان لە ســـاڵی ١٩١٧، لە لایەن دەوڵەتی تورکە لاوەکانەوە گەلێک پەرەی ســـەندبوو. بۆ زانیاری زیاتر دتوانن کەڵک لە کتێبی واســـیلی نیکی تین وەرگرن بە ناوی "کوردەکان و کوردستان" .**

٥ – Rohat Alakom, Kurdish Women in Constaninople at the Beginnig of the Twentieth Century, Translated by Michael L.Cheyt, In Women of a Non–State Nation...

٦ –– Shahrzad Mojab, The Solitude of the Stateless: Kurdish Women at the Merging of Feminist Knowledge, In Women of a Non–State Nation...

٧ – Rohat Alakom ...

٨ – Shahrzad Mojab, The Solitude of the Stateless...

٩– Kendal « Le Kurdistan de Turquie » in Les Kurdes et le Kurdistan, sous la direction de Gérard Chaliand, Paris, Maspero, ١٩٨١, p. ١٠٣.

**١٠_لە ئارشـــیوەکانی وەزارەتخانەکانی فەرانسە و بریتانیـــادا بەڵگەگەلێکی زۆر لەبەردەســـتدایە. ئەو زلهیزانەی کە لەو کاتدا پێکهێنانی وڵاتێکی بە سوبات و "مۆدێرنیـــان" بە رێبەری مســـتەفا کەماڵ قەبووڵ کردبوو، ئاســـاییە کە دەیانتوانی بە ئاسانی لەگەڵ بیانووەکانی ئـــەو هاورا بن و بزووتنـــەوە ئازادی خوازەکان بە دواکەوتوو و دژە مۆدێرنە ناو بەرن.**

**١١_ رۆژنامەی کوردســـتان (کۆکراوەیەک لە گشت رۆژنامەکانی "کوردســـتان" لە ســـەردەمی کۆماری مهاباد)_ ساڵح سەدیق_ ســـاڵح_ ئاراس_ هەولێر ٢٠٠٧.**

١٢– Shahrzad Mojab, Women and Nationalism in the Kurdish Republic of ١٩٤٦, In Women of a Non–State Nation...

١٣– Martin van Bruinessen, From Adela Khanum to Leyla Zana : Women as Political Leaders in Kurdistan History, In Women of a Non–State Nation...

**١٤_ شەهین باوەفا، سەرپەرەستاری نەخۆشخانەی ســـنە، شـــەهلا و نەســـرین کەعبـــی هەردووکیان پەرستاری نەخۆشخانەی سەقز، بە هۆی بەجێهینانی ئەرک و چارەسەر کردنی گشت بریندارەکانی شەری داســـەپێندراوی کۆماری ئیســـلامی بەســـەر ناوچە کوردنشـــینەکان، و لەوانەش پێشـــمەرگە، ئێعدام کران. گەلێک کچی تریش لـــە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە سێدارە سپێردران.**

١٥ – Le Monde, ٢ mars ٢٠٠٧.

١٦ –Shahrzad Mojab, The Solitude of the Stateless...

١٧ Amnesty International, ١٩ novembre ١٩٩٢ « Prisons de femmes en Europe », Rapport dobservation sur les conditions de détention, Observations Turquie, ١٩٩٩

١٨ – Figaro, ٢٣ mars ٢٠٠٩.

**١٩_ مەبەســـت لە ناوچـــەی پارێزراو، ناوچەکانی باکووری کوردســـتانی عێراق و هەروەها باشووری شیعە نشینە کە لە شەری یەکەمی کەنداودا لە لایەن هیزە ئەمنییەتییە هەواییەکانی یەکگرتووی رۆژئاوا، پارێزگاری لێدەکرا.**

٢٠_ بەر لە پێکهێنانی ڕێکخراوە ناحوکمییەکانیش، ئێمە شاهیدی چالاکییەکانی ژنانی ئەو ناوچەیەین. لەماوەی ساڵەکانی ١٩٩٦ تا ١٩٩٨ لە ناو ناکۆکییەکانی نێوان دوو پارتی دەسەڵاتدار، کە ناسناوی شەڕی براکوژی لەسەر دانرا، ژنانی کورد ڕێپێوانی نارەزایەتی ناوداری ٢٠٠ کیلۆمەتریان لە دژی ئەو شەڕە لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر وەرێخست، وێڕای کۆبوونەوە لەبەر دەم پەرلەمانی کوردستان خوازیاری وەستان و کۆتایی هێنان بەو شەڕانە بوون. ئەگەرچی هیچ کەس گوێی بە داخوازییەکانی ئەو ژنانە نەدا، بەڵام بزووتنیان لە پێناوی ئاشتی و یەکێتیدا لاپەڕەیەکی ڕازاوەیە لە چالاکییەکانی ژنانی کوردستانی هاوچەرخ.

٢١ – Diane Lamoureaux, Nationalisme et féminisme : impasse et coïncidences, ١٩٨٣

٢٢_ هێندێک لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان یا هێندێک لە چالاکانی سیاسی، لەو بڕوایەدان کە ستەمی نەتەوایەتی تەنیا بابەتێکی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامییە. ئەو ڕوانگەیە نیشانەی تێگەیشتنی لاواز و کۆن و نازانستی ئەوانە لە مەسەلەی دەوڵەت و حکومەت و پێوەندی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگایە. ستەمی نەتەوایەتی هەروەک ستەمی پیاو لەسەر ژن و یا ستەمی چینایەتی بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەتە. دەوڵەت دیاردەیەکی بان کۆمەڵگایی نەبووە، بەڵکوو ئاوێنەی نواندنەو و پارێزگاری گشت پێوەندیگەلێکە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە. واتە دەوڵەت پارێزەری گشت جیاوازییە چینایەتی، پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی چەوسێنەرانە، پێوەندی کۆمەڵایەتی ستەمگەرانە (وەک ستەم لە دژی ژنان و نەتەوەکان و ...) و بیر و ئیدەگەلی سوننەتی هاوتای خۆیەتی. ستەم لەسەر ژنان و نەتەوەکان، هەروەک ستەم و چەوساندنەوەی چینایەتی لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەوڵەت لە ئێرانە. کەلەبەر و نایەکسانی نێوان نەتەوەکان، واقعییەتێکی عەینییە. ناکرێ ستەمی نەتەوەیی تا ئاستی سیاسەتی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت دابەزێنین و گشت ئەم پێوەندیانە لە کۆمەڵگادا لەبەرچاو نەگرین. ستەمی نەتەوەیی یانی ستەمی نەتەوەیەکی بەسەر نەتەوەیەکی ترەوە. کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ دیاردەیەک بە ناوی بانخوازی نەتەوەی زاڵ، واتە شێۆنیسمی فارسدا ڕووبەڕووە. نەتەوەی فارس ئیمتیازاتێکی هەیە کە لەسەر ئەساسی بێبەشکردنی نەتەوە ژێردەستەکان لە مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانیان، شکڵی پێداوە. حاشا کردن لەو مەسەلە وەک ئەوە وایە کە بڵێن ئەو تەنیا دەوڵەتە ستەم لە ژنان دەکات و پیاوان ڕۆڵێکیان لەو مەسەلەدا نییە و خاوەن ئیمتیازاتێکیش نین.

تەنانەت گەڵاڵەکردنی داخوازیگەلێکی درووستی وەک ئەوەیکە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زوڵم لە هەمووان دەکات، ئەگەر بۆ حاشاکردن لە هێندێک لە شێواز و تایبەتمەندییەکانی ستەم بێت، ئەوکات زیاتر لە بەڵگەهێنانەوەیەکی عامە پەسەند شتێکی تر نییە. بەڵێ سیستەمی دەسەڵاتدار لە زۆرینەی خەڵکی ئێران ستەم دەکات. بەڵام بە شێوەی ستەمی پیاو لە ژن، ستەمی دارا لە نەدار، ستەمی نەتەوەی حاکم لە نەتەوە مەحکومەکان، ستەمی سەر لاوان، هونەرمەندان و ... گشت ئەو ستەمانە وەک کۆمەڵە ستەمێک لێک تەنراون و حاشاکردن لە هەر کام لەو ستەمانە، دەبێتە زەمینەیەک بۆ درووستبوونی هاوبەشی لە نێوان ستەم لێکرا و ستەمگەردا.

٢٣_ ژنانی کورد لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە بەڕێوە بردنی مەراسمی ٨ مارس تەنانەت لە شارە چکۆلەکانیش چالاک بوون. بە دەیان ئەنجومەن و ناوەندگەلی کۆمەڵایەتی ژنان شکڵیان گرتووە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە بواری دەستەبەر بوونی مافەکانی ژناندا چالاکی دەکەن. هەر لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی ڕێپێوانی نارەزایەتی بە سەدان ژن و پیاوی کورد، دژ بە بەردەباران و قەتڵی نامووسی لە یەکێک لە ئاواییەکانی مەریوان بووین.

٢٤_ حەمیدرەزا جەلایی پوور فەرماندەی شاری مهاباد لە ساڵی ١٣٦٣ه حوکمی ئێعدامی ٥٩ کەس لە گەنجانی کوردی بە تۆمەتی دژەشۆڕش ئیمزا کرد. بەنی سەدر فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانی دەرکرد و دەستووری بە هێزە نیزامییەکان دا تا "دژەشۆڕش" لەناو نەبەن پێیان لە پۆتینەکان دەرنەهێنن. موسەوی لە ماوەی چەند دەورە سەرۆک وەزیری خۆیدا بەشداری سەرکوتی کوردەکان بووە ...



PESHANG23